# سۆسیۆلۆژی بندەستی



ژیرۆ زاگرۆس

سۆسیۆلۆژی بندەستی

ژیرۆ زاگرۆس

ناوی پرتووک: سۆسیۆلۆژی بندەستی

ناوی نووسەر: ژیرۆ زاگرۆس

چاپ: ئەلەکترۆنی

ساڵ: ٢٠٢٣

پێشکەش بە:

دوو گەورەهێمای دژەبندەستی ئەم سەردەمەی کورد،

مەزڵووم کــۆبانێ          و          سەلاحەدین دەمیرتاش

## پێڕست


پێشەکی ........................................................................ ٧

بندەستی چییە؟! ........................................................... ١٤

بندەستی و دۆخی هۆمۆساکەر ...................................... ١٨

بندەستی و جیهانبینی ..................................................... ٢٧

سەردەست وەک پیڤان و باڵا........................................... ٣٩

سەردەست وەکوو لێڤەگەڕ............................................. ٥٥

وڕێنەکانی بندەستی ........................................................ ٦٣

بندەستی، بێزاری و خودبێزاری...................................... ٧٣

بندەستی و خۆ تاوانباری ................................................ ٨٣

بندەستی و خودکەمبینی.................................................. ٩٣

خودسووکبینی وەک درێژەی خودکەمبینی ..................... ١٠٧

بندەستی و ڕاهاتن........................................................... ١١٦

بندەستی و داردەستی ..................................................... ١٢٦

بندەستی و نائومێدی....................................................... ١٣٣

بەزەیی یا چێژی بندەستی................................................ ١٤٢

بندەستی و ترس............................................................. ١٤٩

بندەست و دۆستەکانی ................................................... ١٦٠

ویژدان لەنێوان سەردەست و بندەستدا ......................... ١٧٢

سایكۆلۆژی بندەستی دژ بە عەقڵی بندەست.................................. ١٧٩
بندەستی سایكۆلۆژیک ................................................................ ١٩٣
بندەستی، شۆڤینیزم و دیمۆكراسییەت......................................... ٢٠٨
كورد بۆ نابێتە شۆڤینی؟! ........................................................... ٢١٧
سۆسیۆلۆژی ئازادی ................................................................... ٢٣٣

... خودایا بە خاتری محەمەدەلمستەفا، بە خاتری حەزرەتی ئیبراهیم، بە خاتری گەورەیی خۆت خودایا، بە خاتری عەزەمەتی خۆت خودایا ڕوحمێ بە میللەتی کورد بکەی. [بە ناو لەپی خۆی لە دیواری کەعبە دەدا] خودایا میللەتی کورد...، خودایا ئەوە دەست لێدەدەم، ئەوە دەستی منە، ئەوە دەستی منە خودایا، دەستت لە ماڵێ دەدەم، ماڵت دەگرم خودایا، میللەتی کورد لە دەردەداری و لە ئەشکەنجە و لە زیندانێ ئازاد کەی. خودایا بۆ میللەتی کورد دەپاڕێمەوە، بۆ هەموو کوردی دونیایە، خودایا دەستی لێت دەدەم، [دەست دەکا بە گریان] خودایا ماڵت بەرنادەم، ماڵەکەت بەرنادەم، ئەو ماڵەت بەرنادەم، ئەو میللەتەی ئازاد کە، ئەو میللەتەی لە بەدبەختی بێنە دەەرێ خودایا، بیهێنە دەرێ خودایا. [بە هاوار و گریان] خودایا بیانهێنە دەرێ خودایا، خودایا ئەو میللەتە چل ساڵە...، ئەو کوردە...، خودایا ئەوە دەستی منە، دەستی منە لێی دەدەم، لێت ناگەڕێم خودایا، ماڵەکەت دەگرم، ماڵەکەت بەرنادەم، خودایا ماڵت بەرنادەم، خودایا خودایا ماڵت بەرنادەم، خودایا میللەتی کورد ڕزگار کە. خودایا بارانەی ڕەحمەت، بارانەی ڕەحمەتی خۆت بەسەر میللەتی کورددا ببارێنە. ئەوە دەستی منە خودایا، خودایا ئەو ماڵەت بەرنادەم، خودایا ماڵت بەرنادەم، یا دەمرم یا بەرینادەم[دیسانەوە بە هاوار و گریان] هەتا ئەو میللەتەی ڕزگار نەکەی، ئەو میللەتەن بۆ ڕزگار کە. [بە تووڕەیییەوە] بەسە زیندان، بەسە ئەشکەنجە، بەسە بەدبەختی و قوڕبەسەری، لە دەستی زاڵمانی بێنە دەرێ، لە دەستی زاڵمان نەجاتن دە، لە دەستی زاڵمان ڕزگارن کە خودایا، خودایا...

/ پارانەوەی حاجییەکی کورد لە دەوری کەعبە لە حەجی ٢٠٢٣دا

## پێشەکی

لە بەیانی هەمان ئەو شەوەی کە قاسم سلێمانی لە عێراق کوژرا دایکم هاتە ماڵمان و بە خۆشییەکی سەیرەوە کە تا ئەو ڕۆژە لێیم نەدیبوو، وەک بڵێی مژدەیەکمان بداتێ هەواڵی ئەو ڕووداوەی پێ ڕاگەیاندین. تا ئەو ڕۆژە ئەمە یەکەم جووڵەیەکی بە ڕەنگ و بۆنی سیاسی بوو کە لە دایکم بینیبێتم. جووڵەیەک کە جگە لە خۆشحاڵی شتێکی دیکەی جێی سەرنج و تێڕامانی دیکەشی تێدا بوو کە ئەویش سەرچاوە و هۆکاری پشتەوەی خۆشحاڵییەکە بوو. بەڕاستی چی هۆکارێک دەیتوانی وا لە پیرەژنێکی هەشتا ساڵە بکات کوژرانی ئەم پیاوە وەها هەستێکی خۆش و سەیری بداتێ؟!. ئەویش مرۆڤێکی سەرەتایی و نەخوێندەوار کە ڕەنگە ئەوپەڕی ئاستی هەستکردنی بە داگیربوون و بندەستی هەر ئەوەندە بێ کە بە دیمەنی بریندابوونی کچەشەرڤانێ نیگەران دەبێ، بە نووچەی

شەهیدبوونی ژنە گەریلایەک خەمێک دایدەگرێ، بە بینینی هەواڵی لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕی بیر لە حاڵی دایکی دەکاتەوە، یان بە درێژایی تەماشای هەر فیلمێکی دیکەی کارەساتە بێژمارەکانی لێکەوتەی داگیربوون و بندەستبوونی کورد تووڕەیی یان خەمۆکی دایدەگرێ و لە دەرەوەی ئەم ساتەوەختانەش ئیتر مرۆڤێکی زۆر ئاساییە کە ژیانێکی غەریزی پەتی دەژی و خاڵییە لە هەرجۆرە تێگەیشتنێکی قووڵ لە چەمکەکانی وەک نەتەوە، دەوڵەت، وڵات، کوردستانی گەورە، سەربەخۆیی، داگیرکەر، داگیربوون، بندەستی نەتەوەیی و... هتد!.

تێڕامان لەم ڕەفتارە سادەیەی ئەم مرۆڤە پەپوولەئاسا و بێوەیە کە دوای زیاتر لە چل ساڵ بەسەربردنی ژیان لەگەڵیدا دڵنیام مەستبوون بە کوژرانی مرۆڤەکان قەت بەشێک نەبووە لە کەسایەتی و خودێتی ئەو، سەرئەنجام منی بەم ئەنجامە گەیاند کە بەشێ لە ڕیشە و هۆکارەکانی ئەم جۆرە ڕەفتارە دەکرێ لە سایکۆلۆژییەتێکدا شاراوە بێ کە لێکەوتەی ڕاستەوخۆی بندەستبوونی ئەم بوونەوەرە ساکارەیە. سایکۆلۆژییەتێ کە بندەستبوون هەر لە

بێدەسەڵاتترین و دەستەمۆترین کەسەوە تا شۆڕشگێڕترین و یاخیترین کەس لە ناخی بندەستەکاندا دەیچێنێ. بە جۆرێ کە لە هەموو بوارێکی هۆشمەندی، هەستیاری و ڕەفتاریدا کاریگەری بەهێز لەسەر کەسایەتی ئەوان دادەنێ و کۆی ئەم کاریگەری و باندۆرانە سەرئەنجام لە هەست، نەست، تێڕوانین، بیرکردنەوە و ڕەفتاری بندەستدا ڕەنگ دەداتەوە و لەسەر کەسایەتی ئەو سایکۆلۆژییەتێک دروست دەکا کە دەکرێ ناوی بنێین "سایکۆلۆژی بندەستی". بێگومان کاتێ باس لە جڤاک یان کۆمەڵگا دەکەین، ئەم سایکۆلۆژی تاکەکەسی ئیتر دەبێتە سایکۆلۆژییەکی بەکۆمەڵ و هاوبەش لە ئاستی جڤاکدا و زاراوەی سۆسیۆلۆژی گونجاوتر و تەواوتر گوزارەی لێ دەکا. هەر بۆیە دەکرێ لەم دۆخەدا باس لە "سۆسیۆلۆژی بندەستی" بکەین کە بریتییە لەو سایکۆلۆژییە بەکۆمەڵ و هاوبەشەی کە بارودۆخی بندەستی بەسەر جڤاتێکی بندەست دەیسەپێنێ. کە واتە ئەم نڤیسارە قسەکردنە لەسەر "جڤاکناسی یان سۆسیۆلۆژی بندەستی" لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا.

ئەڵبەتە لەم ڕێگایەدا وردبوونەوە لە تاکی بندەستی کورد گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە و زۆر جاران باس لەم تاکە دەکەین تا دواجار لەڕێی ئەوەوە بتوانین لە کەسایەتی جڤاکی بندەستی کوردی ورد ببینەوە و لێی تێبگەین. بە مانایەکی تر ئەم نڤیسارە زۆر جاران بە ڕێگای "دەروونناسی یا سایکۆلۆژی بندەستی"دا تێدەپەڕێ تا لەوێوە دەربازی "جڤاکناسی یا سۆسیۆلۆژی بندەستی" ببێ. هۆکارێکی گرنگی ئاوڕدانەوە لە سایکۆلۆژی تاکەکەسی بۆ تێگەیشتن لە سۆسیۆلۆژی جڤاک ئەمەیە کە هەموو سایکۆلۆژییەکی تاکەکەسی دواجار ڕەنگدانەوەیەکی جڤاکیشی دەبێ و کەسایەتی هەر جڤاکێک دواجار بەرهەڤ و کۆکراوەی کۆی کەسایەتی گشت ئەندامەکانی خۆیەتی و بە مانایەکی دی کۆی سایکۆلۆژی تاکەکانە کە دواجار دەبێتە سایکۆلۆژییەکی سۆسیال و هاوبەش کە هەمان سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگایە. کە واتە "سۆسیۆلۆژی بندەستی" کە لە ئاستە کەسییەکەیدا دەتوانین هەر بە "سایکۆلۆژی بندەستی" ناودێری بکەین، لێکۆڵینەوەیە لە کۆی گشت ئەو لێکەوتە و دەرکەوتە دەروونی و لە

ئەنجامدا ڕەفتارییانەی کە بەهۆی بندەستبوونەوە کەس یان جڤاکی بندەست گیرۆدەیان دەبێ و تاکی بندەست بە شێوەیەکی سایکۆلۆژی و دەروونی و جڤاکی بندەست بە شێوەیەکی سۆسیۆلۆژی و بەکۆمەڵ ناچارە بە ژیانکردنیان. لێرەدا داوام لە خوێنەر ئەمەیە کە خۆی سەرقاڵی جیاوازی مانایی پشت هەردوو پەیڤی "سایکۆلۆژی" و "سۆسیۆلۆژی" نەکا، چۆنکە لەم نڤیسارەدا ئەگەرچی یەکەمیان لە مانای "شیکاری دەروونی تاک" و ئەوی تر لە مانای "شیکاری دەروونی جڤاک"دا بەکار هاتوون، بەڵام دەشێ بە کردەوە لە زۆر جێی ئەم پرتووکە و بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە باس لە جڤاک دەکرێ لەجێی یەکتریش بەکار بێن و بڕوا ناکەم ئەمە ئاڵۆزی و کێشەیەکی مانایی بۆ خوێنەر دروست بکا. بێگومان ئەم لێکەوتانە جگە لەمەی یەک و دووان نین، تاکڕەهەندیش نین و هەڵگری زۆر ڕەهەندی جیاوازن. هەر بۆیە پەرژانە سەر هەر هەموویان و لێکدانەوەی هەموو ڕەهەندەکانی ئەوانەش کارێکی ئاڵۆز و ئەستەم و بگرە ناکردەنییە. هەر بۆیە ئەم نڤیسارەش تەنیا دەتوانێ

ئاوڕدانەوەیەکی بەسنوور بێ لەم لێکەوتە دەروونییانە و تەنیا بپەرژێتە سەر هەندێکی کەم لە لایەنەکانی ئەم هۆکرد و لێکەوتانە. خاڵێکی گرنگ کە پێویست بە ئاماژەیە ئەمەیە کە بێگومان نە سایکۆلۆژی تاک و نە سۆسیۆلۆژی جڤاک هیچکامیان ئامێر یان ماشینێک نین کە بشێ پارچەپارچە بکرێن و هەر پارچەیەکیان بە جیا شیکاری بۆ بکرێ، بەڵکوو هەم سایکۆلۆژی تاک و هەم سۆسیۆلۆژی جڤاک هەرکامەیان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی جیانەکردەنین کە ئەگەرچی دەکرێ لە ڕەهەند و سۆنگەی جیاوازەوە لێی بڕوانرێ، بەڵام دواجار هەر دەبێ وەک پێکهاتە و کۆیەکی تەڤلهەڤ شرۆڤەی بۆ بکرێ. لەم ڕوویەوە دابەشکردنی مژارەکان لەم نڤیسارەدا هیچ بە مانای جیاکردنەوە و کوتکوتکردنی سایکۆلۆژی تاک یان سۆسیۆلۆژی جڤاک و شیکاری هەرکام لەو کوتانە نییە، بەڵکوو تەنیا بەم مەبەستەیە پەیامەکان لەڕێی دابەشکردنی مژارەکانەوە ئاسانتر بە خوێنەر بگات. پێویستە ئەمەش بڵێم کە لە سۆنگەی هاوبەشبوون لە مژاری بندەستیدا بە جۆرێ لە جۆرەکان دەکرێ "سۆسیۆلۆژی بندەستی" وەک درێژەی

پرتووکی "نارێکییەکانی داگیربوون" ببینرێ، بەم جیاوازییەی کە ئەگەر نارێکییەکانی داگیربوون زیاتر پەرژابێتە سەر دیوی دەرەوەی لێکەوتەکانی داگیربوون و بندەستی کورد، لێرەدا سۆسیۆلۆژی بندەستی دەیەوێ زیاتر بپەرژێتە سەر دیوی ناوەوەی ئەم لێکەوتانە. وەک کۆتا سەرنج و تێبینی بۆ خوێنەر پێویستە ئاماژە بەمەش بدەم کە هاوشێوەی زۆربەی نووسینەکانی پێشووم و وەک نەریتێکی بیرکارییانە بەشێکی گەورە لە ناوەڕۆکی ئەم نڤیسارە لە میناکی ڕاسکانی لە بواری جیاجیادا پێکدێ. هۆکاری سەرەکی ئەمەش لەلای منەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەی کە نامەوێ تاکلایەنە خوێنەر سەرقاڵی ئەو بیرۆکە و بۆچوونە پەتییانە بکەم کە ڕەنگە تەنیا لە مێشکی خۆمدا گەلاڵە ببن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە مەبەستمە خوێنەر هان بدەم تا لە تەنیشت قسەکانی منەوە ئەویش بە وردبوونەوە لە دەوروبەری خۆی و بە تێڕامان لە میناکی ڕاسکانی هاوشیوە سەرنج بداتە جڤاکەکەی خۆی، بەڵکوو بگاتە ناخی ڕاستەقینەی ئەم جڤاکە. هەروەها مەبەستێکی دیکەشم ئەمەیە کە بەگژ ئەو نەریتی نووسینەشدا

بچمەوە کە تێیدا نووسەری کورد زۆر جاران لەڕێی پرتووکێک، بیردۆزییەک یان تەنانەت تەنیا دێڕێکی نووسەرێکی بیانییەوە کۆی جڤاکی کوردی دەخوێنێتەوە کە ئەمە بە بۆچوونی من گەورەترین پەتایە لە جڤاکناسی کوردیدا...

## بندەستی چییە؟!

"بندەستی" یان "ژێردەستی" ئەو دۆخەیە کە مرۆڤ لە پەیوەندییەکی دوولایەنەی لاسەنگدا دەکەوێتە ژێر باندۆر، هەژموون، چاودێری، دەسەڵات یان زاوتەی شتێکی ترەوە. بێگومان ئەم پەیوەندییە لایەنێکی دووەمیشی هەیە کە دەسەڵات، هەژموون و زاوتەی بەسەر لایەنی یەکەمدا هەیە کە ئەویش لایەنی باڵادەست یان سەردەستە. هەر بۆیە ئەگەر لە تێڕوانینماندا ئەم لایەنە باڵادەستە بە بنەما بگرین، دەکرێ دۆخی بندەستی بەو دیوەکەی تریدا ببینین و وەک دۆخی "سەردەستی" یان "باڵادەستی" ناودێری بکەین. لەسەر ئەم بنەمایە تێڕامان لە مرۆڤی

بندەست بە جۆرێ لە جۆرەکان تێڕامانیشە لە بوونەوەری سەردەست و هەر باسکردنێ لە هەرکام لەم دوو لایەنە ناڕاستەوخۆ باسکردنە لە لایەنی دووەمیش. لەڕاستیدا هەموو جووڵە و دۆخێکی مرۆڤی بندەست جێدەست و شۆپێ لە کەسایەتی سەردەستیشی تێدا دیارە و هەر بۆیە هەموو خوێندنەوەیەکی مرۆڤی بندەست لە هەمان کاتدا خوێندنەوەی بوونەوەری سەردەستیشە. هۆکاری ئەمەی کە لەباتی مرۆڤ زاراوەی بوونەوەر بۆ لایەنی سەردەست بەکار دێنم ئەمەیە کە "پەیوەندی بندەستی" یا بەو ناوەکەی دیکەیەوە "پەیوەندی سەردەستی" پەیوەندییەک نییە کە تەنیا لەنێوان دوو یەکەی مرۆییدا دروست بێ، بەڵکوو دەکرێ شتێکی تری جیا لە مرۆڤیش بەسەر مرۆڤدا ببێتە باڵادەست و سەردەست و بیکا بە ژێردەستی خۆی. بۆ وێنە بوونەوەری سەردەست دەکرێ ئایدۆلۆژیا، ئایین، پرتووک، بیردۆزی، هێمایەکی دیرۆکی یان هەر شتێکی دیکە بێ کە دەتوانێ مرۆڤ بکا بە گیرۆدە، بندەست، گوێڕایەڵ، شەیدا یان پەیڕەوی خۆی. کە واتە بندەستی یان بە دیوەکەی تریدا سەردەستی بەگوێرەی

ئەوەی لە کام سۆنگەوە سەیر بکرێ دەشێ و بۆی هەیە لە جۆر و وێنا و شێوازی جیاجیادا ڕووبدات. بۆ وێنە لە جیهانی مرۆڤەکاندا لەحاڵێکدا کە پەیوەندی نێوان بەردە و بەردەدارێک پەیوەندی دوو یەکەی مرۆیی هاوجۆر و هاوتایە، پەیوەندی نێوان تاکێکی بەندکراو لەگەڵ دەوڵەتدا، یان پەیوەندی کەسێکی دژەباو لەگەڵ جڤاکێکی کۆنەپارێزدا پەیوەندی نێوان دوو یەکەی مرۆیی ناهاوجۆر و نایەکسانە. بندەستی دەتوانێ هەروەک بەردەگی و کۆیلەتی ڕاستەوخۆ بێ، یان وەکوو توانەوە و شەیدابوون لە کەسایەتیەکدا ناڕاستەوخۆ بێتە ئاراوە. کەسی بندەست دەکرێ وەکوو دیلکراوێک ژێردەستییەکی لە جۆری فیزیکی و جەستەیی بژی یان بە وێنەی گیرۆدەبوون لە ئایدۆلۆژیا یان ئاییندا بندەستییەکی ڕۆحانی ژیان بکا، یان وەک ئەم تێڕوانینەی کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە سەبارەت بە مرۆڤی ڕۆژاوایی هەیەتی ژێردەستییەکی سایکۆلۆژیکی پەتی بێ. ئەم پەیوەندییە هەروەها دەتوانێ وەکوو داگیربوون پەیوەندییەکی زۆرەملێ و ناچاری بێ یان هەروەک جاشایەتی پەیوەندییەکی

دڵخوازانە بێ. دیسان وەک ئەو دۆخە ئاشنایەی کە بە دوو دیوی هاوتەریب و هاوکاتدا لەنێو کۆمەڵگەی کوردی ئێمەدا لە ئارادایە دەکرێ مرۆڤی بندەست ئاگای لە ژێردەستەبوونی خۆی نەبێ و پێی نەزانێ یان بە پێچەوانەوە بە تەواوەتی ئاگاداری دۆخی بندەستبوونی خۆی بێ. هەروەها دەکرێ مرۆڤی بندەست لە بندەستی خۆی تووڕە و نیگەران بێ یان بە پێچەوانەوە هەر هەستی پێ نەکا یان تەنانەت دەشێ شانازیش بە بندەستی خۆیەوە بکات. دەکرێ بندەستی بە بێبەشکردن و ئەستاندنی داشتەکانی مرۆڤ یان بە پێچەوانەوە لەڕێی پێدان و دابەشکردنی هەندێ شتەوە بەسەر مرۆڤدا بسەپێنرێ... و هتد. لێرەدا بۆ ئەوەی وەک زۆربەی هەرە زۆری چەمکە مرۆییەکانی دیکە ئەم چەمکە نەخەینە نێو بازنەیەک لە واتا و مانا دوبارەکراوەکان و لەنێو ئاپۆڕای پەیڤ و ڕستە و شرۆڤەکاندا ئاڵۆزتری نەکەین، با زیاتر لەمە لەسەر واتای بندەستی نەڕۆین و جارێکی تر ئەم چەمکە بەکورتی وەها پێناسە بکەین: بندەستی بریتییە لە پەیوەندییەکی مرۆڤ لەگەڵ لایەنێکی دووەم کە تێیدا ئەو

لایەنە بە شێوازێ لە شێوازەکان زاوتەی بەسەر مرۆڤدا هەیە. ئەمەشمان لەبیر نەچێ کە ئەگەرچی "بندەست" و "سەردەست" دوو جەمسەری دژیەک و پێچەوانەی یەکترین، بەڵام دۆخەکانی "بندەستی" و "سەردەستی" دوو ڕەوشی دژ و پێچەوانەی یەکتری نین، بەڵکوو هەردوکیان دوو ڕەوشی ناسروشتین و هەرکامەشیان لە سەرێکی جوداوە پێچەوانەی دۆخی ئاسایی ژیانن کە بریتییە لە دۆخی "سەربەستی"...

## بندەستی و دۆخی هۆمۆساکەر

لە پێناسەیەکی کورت و پوختدا "هۆمۆساکەر" واتە ئەو کەسەی کە یاسا خۆی بەسەردا دەسەپێنێ و هاوکات دەشیخاتە دەرەوەی خۆی. پێشینەی زاراوەی هۆمۆساکەر کە لە پرتووکێکدا بە هەمان ناو لەلایەن نووسەری ئیتالیایی "ژۆرژ ئاگامبێن"ـەوە بەکار هێنراوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمای کۆن. یاسای ئەو سەردەمە بە هەر هۆکارێ بووبێ کەسانێکی بەم جۆرە

خستووتە دۆخێکی ئاوارتەوە کە یەکەم، بەپێی یاسا ئەو کەسانە بۆیان نەبووە ببن بە پیرۆز و قدیس و دووم، هەر کەسێکیش ئەوانی کوشتبایە، یاسا وەک تاوانبار و بکوژ مامەڵەی لەگەڵ نەدەکردن. بە مانایەکی دی ئەم کەسانە لەلایەک ئەرکدار دەکران دۆخێکی تایبەت و ناچاری بژین کە یاسا بۆی داناون، لەلایەکی تریشەوە هەمان یاسا مافی پارێزراوبوونی لێ دەسەندنەوە. کە واتە یاسا چاودێر بوو بە سەریانەوە، کەچی لەکاتی پێویستیدا دەیخستنە دەرەوەی پاراستنی خۆشی. ئەگەرچی چەمکی هۆمۆساکەر لە دارشتنە رەسەنەکەی خۆیدا تەنیا بۆ ئاماژە بە دۆخی تاک یان جڤاک بەرانبەر بە دەسەڵاتی سیاسی دارێژراوە، بەڵام دەتوانێ بۆ داناسینی هەموو جۆرە بندەستییەکی دیکەش بەکار بێت. لەراستیدا ژیانی بندەستی بە رادەیەکی زۆر ژیانکردنە لە دۆخێکی "هۆمۆساکەری"دا. ئەگەر گۆشەیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی هۆمۆساکەر لە رێگەی خستنەنێو بۆشایی یاساییەوە تووشی دۆخێکی تایبەت و ئاوارتە کرابێ، ئەوە هەموو ژیانی مرۆڤی بندەستە کە بەهۆی بارودۆخی

بندەستییەوە لە بۆشێکی ئاوارتەدا بەسەر دەبرێ. وەک دەزانین ئەم ژیانە ئاوارتەیە پێش هەر شتێک خاڵیکردن و ڕووتکردنەوەی مرۆڤی بندەستە لە ماف. نەتەنیا لەو مافانەی کە خۆی وەک مرۆڤ هەیەتی، بەڵکوو لەو مافی پاراستنەش کە هەر بوونەوەرێک لەلایەن خاوەنەکەیەوە بۆی دابین دەکرێ. لە ڕامالینی مرۆڤی بندەست لە مافەکانی خۆی کەسی خاوەن و سەردەست وێڕای ئەمەی کە کەڵکی لێ وەدەگرێ و بەکاری دێنێ، تەنانەت ئامادەش نییە لە کاتی پێویستدا خاوەنداری لە ژێردەستەکەی بکا. بە مانایەکی تر کەسی بندەست هی ئەوە و هی ئەویش نییە. بێننە بەرچاو تا ئێستا چەند کرێکار بە ڕووداوی کار پەکیان کەوتووە و خاوەنکار و کارسازەکان بە پاساوی وەک ڕەچاونەکردنی ڕێکارەکانی ئەولەهی و پاراستن بە دەردی خۆیانەوە ڕەهایان کردوون و ئاوڕیان لێ نەداونەتەوە؟!. چەند کەس لەسەر پەروەردە و لەپێناو دەزگایەکی ئاییندا جەنگاون و پەلاماری خەڵکیان داوە و کەچی کاتێ ڕووبەڕووی ڕەخنە بوونەتەوە، ئەو دەزگایە بە پاساوی ناتێگەیشتن یان ئەمەی کە گوایە نوێنەری ئەم ئایینە نین،

خۆی لەوان بێبەری کردووە تا پاکانەی خۆی بکا؟!. چەند کەس لەسەر ڕێباز و پەروەردەی ئایدۆلۆژیاکان هەنگاویان ناوە و بەڵام کاتێ هەڵەیەکیان نواندووە، دەزگای ئایدۆلۆژیا بۆ شۆردنەوە و شاردنەوەی کەماسییەکانی خۆی بە کەمتەرخەمی یا خیانەت تۆمەتباری کردوون و فڕێی داونەتە دەرەوەی بازنەی خۆیەوە؟!. چەند فەرمانبەر بۆ پاراستنی دەوڵەتێک کەوتوونەتە کوشتاری وڵاتییانی ڕاپەڕیو، بەڵام دواتر ئەو دەوڵەتە بۆ ڕازیکردنی ڕای گشتی بە دادگاییکردن و سزادان کردوونییەتە قوربانی مانەوەی خۆی؟!. و... هتد. ئەم جۆرە بێبەشییە خەسڵەتێکی گرنگ و کاریگەری بندەستبوونە. مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی لە دەروونی خۆیدا لە هێماگەلی وەک خودا، دەوڵەت، یاسا، باوک و دایک، خزم و کەسوکار، دۆست و هاوسێ و... هتددا هەمیشە بەشوێن هەبوونی پشتیوان و خاوەنێکدا دەگەڕێ. بەڵام وەک لە نموونەکانی سەرەوەدا وێنا کرا مرۆڤ لە دۆخی بندەستیدا بەشێکی گەورە لە پشتیوانییەکانی خۆی لەدەست دەدا و تەنانەت ئەگەر پشت بە خاوەنەکەشی ببەستێ، خاوەنداریکردنی ئەویش

هیچ مسۆگەری و دڵنیابوونێکی پێ نادا. چۆنکە سەردەست خاوەنیەتی تەنیا بۆ ستەمکردن، نە بۆ خاوەنداریکردن و خودی دەرکەوتن لێی. هەر ئەمەش وا دەکا مرۆڤی بندەست ژیانێکی هەمیشەیی لە نادڵنیایی و سەرگەردانی و بێخاوەنی بژی. بێگومان هێنانی نموونەی جۆراوجۆر لەم دۆخە زۆر ئاسانە، بەڵام هۆکاری ئاماژەکردن بەم میناکە تایبەتانە لێرەدا ئەمەیە کە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان تێدایە. لەم نموونانەدا هەرچۆنێ بێ لەنێوان مرۆڤی بندەست و بوونەوەری سەردەستدا جۆرێک لە پێکەوەیی، گرێدراوی، هاوئاراستەیی و هاوئامانجی بوونی هەیە و دۆخی بێبەشبوون لە پارێزراوی لە هەناوی ئەم نزیکایەتی و هاوبەشییانەوە بۆ لایەنی بندەست لەدایک دەبێ. بەڕاستی ئەگەر لە نزیکایەتی و هاوبەشیدا بندەستی بەم شێوازە نارێکە دێتە ژیانکردن، لە پەیوەندییەکدا کە سەردەست و بندەست دژبەر و دژمنی یەک بن دۆخی بندەست دەشێ چۆن بێ؟!. نموونەی پەیوەندی کورد و داگیرکەرانی کوردستان بەسە بۆ هێنانە بەرچاوی ئەم جۆرە بندەستییە. ئێمەی کورد لە هەر

پارچەیەکدا بە ڕواڵەت خاوەنێکمان هەیە کە دەوڵەتی داگیرکەری ئەو بەشەیە. بەڵام کێیە نەزانێ هیچکام لەم خاوەنانە لە پەلاماری دەوڵەتانی تر بۆ سەر هاووڵاتییانی کوردی ئەوان بێدەنگییەکی بەئەنقەست هەڵدەبژێرن و خۆیان لە پاراستنی گوایە هاووڵاتییە کوردەکانی خۆیان دەبوێرن؟!.

دیوی دووەم و خراپتر و هەمیشەییتری ژیانی هۆمۆساکەری بندەست بریتییە لە ژیانکردن لەژێر ستەمی بەردەوامی لایەنی سەردەست. سەردەست لەو بێپەنایی و بێدەسەڵاتی و نەپارێزراوییەی کە بەشێکی هەر دەستکردی خۆیەتی و بندەستەکەی ژیانی دەکا بەئاگایە. هەر بۆیە بە ئاسانی پێی دەوێرێ و لێرەوە دۆخی نەپارێزراوبوون ئەگەری دووەمی خۆی کە دیوێکی ترسناکترە نیشانی مرۆڤی بندەست دەدا. ئەم دیوە ترسناکە لەو شوێن و کاتەدا ڕووی خۆی نیشان دەدا کە هۆمۆساکەری بندەست بە هۆکارێ لە هۆکارەکان سەرهەڵدەدا و ڕووبەڕووی سەردەستەکەی خۆی دەبێتەوە و دەکەوێتە بەر هێرشی ئەو. لێرەدا وشەی

"ئەگەر" بۆیە بەکار دێنم چۆنکە دەکرێ بندەست بە قەدەری خۆی ڕازی بێ و هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەر بە سەردەستەکەی خۆی نەبێ و ئەویش سەردەستییەکی بێدەنگ و بێکێشە بژی و بەریەککەوتنێکی ئەوتۆ لەنێوان دوو لایەندا نەیێتە ئاراوە. بە هەرحاڵ ساتەوەختی دروستبوونی کێشە لەنێوان سەردەست و بندەستدا ساتەوەختی ڕووتبوونەوەی ئەو ستەمەیە کە پێشتر لە بێدەنگیدا بەڕێوە چووە. لایەنی سەردەست لەم کاتە بە دواوە لە پێگەی ستەمکارێکی بێویژدانەوە دەگۆڕێ بۆ ستەمکارێکی بێشەرم. بۆ ئەوەی خوێنەر هەرکام لە ڕەنگدێرەکانی "بێویژدان" و "بێشەرم" کە لێرەدا بۆ ستەمکار بەکاریان دێنم لەو مانایەدا وەربگرن کە ڕێکاوڕێک مەبەستی منە، پێویستە ئەم زاراوانە واتا بکەم. ئەگەرچی هەموو ستەمکارییەک جۆرێکە لە بێویژدانی و تەنیا لە دۆخی بێویژدانیدایە کە مرۆڤ دەتوانێ ستەم بکا و ببێتە ستەمگەر، کەچی بە شێوەیەکی ئاسایی مرۆڤ تەنانەت لەو پەڕی ستەمگەریشدا پێی خۆشە ستەمەکەی خۆی بشارێتەوە و بۆی گرنگە خەڵک وەک ستەمکار چاوی لێ

نەکەن و نەیناسن. بەڵام کاتێ ستەمگەرێ دەگاتە ئاستی بێشەرمی، ئیتر بۆی گرنگ نییە ئەوانی دیکە چۆن لێی دەڕوانن و چۆن پێناسەی دەکەن و هەر بۆیە بێ گوێدانە هەرجۆرە داوەرییەک بێشەرمانە ستەمی ڕووتی خۆی بەڕێوە دەبا. بەداخەوە ئێمەی کورد زۆردەمێکە بە گۆشت و پێست و ئێسقان ئاشنای گەلێ ساتەوەختی گۆڕانی داگیرکەرانین لە ستەمکارە بێویژدانەکانەوە بۆ ستەمکارە بێشەرمەکان. هەڵەبجە، ئەنفال، جیهاد، ڕاگواستنی بەکۆمەڵ، ژینۆساید و کۆمەڵکوژی، تیرۆر، زیندانیکردن و... هتد نموونەگەلێکن لەو ستەمکارییە بێشەرمانەیەی سەر گەلی کورد کە گشتیان لە بەرتەکی سەرهەڵدانی هۆمۆساکەری کورد بەرانبەر بە سەردەستەکان هاتوونەتە ئاراوە. لایەنێک لە لایەنەکانی ڕێسای هۆمۆساکەری کە لە خۆیدا هەڵگری ڕێژەیەکی زۆر لە ڕێگەخۆشکردنە بۆ پەرەپێدانی ستەمکاری، ڕێگەپێدان و واڵاکردنی دەستی ستەمگەرانە لەسەر کەسی هۆمۆساکەر و بەگشتیکردنی ئەو وەک بوونەوەرێکی ئامادە بۆ ستەملێکردن. ئەم بوونەوەرە لە ساتەوەختی کەوتنە نێو ئەو دۆخەی کە بە

سەریدا دەسەپێنرێ ئیتر دەبێتە ناونیشانێکی گشتی و دیاریکراو بۆ ستەمکاری. هۆمۆساکەر لەژێر یاسایەکی تایبەتدا دەبێتە ناونیشانێکی دیاریکراو تا هەرکەس تامەزرۆی ستەمکاری کرد بتوانێ وەک نیشانە ڕووی پەیکانی ستەمی خۆی تێبگرێ و بیپێکێ. لەم ڕوویەوە ئەو نیشانەیەکی هەمیشە ئامادەی هاوبەشە بۆ ستەمگەران تا هەرکاتێ ویستیان بە ئازادی و بەبێ ترس لە ئەگەری سزادان بکەونە ئازاردانی ئەوەوە. ئەم لایەنەی ژیانی هۆمۆساکەر یەکێکە لە پڕڕەنگترین ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤی بندەستی کورد. لەم ژیانەدا ئەوەی کە بە شێوەیەکی تایبەت و دەگمەن و ئاوارتە لە ئارادایە بریتییە لە بوونی کورد بە ناونیشانێکی هەردەمی و هاوبەش نەتەنیا لەنێوان سەردەستەکانی خۆیدا، بەڵکوو بۆ ستەمکارانی دیکەی دەرەوەی ئەوانیش. هەر لە کۆڵبەرانەوە بگرە کە لە هەردوو لای سنوورەوە تەقەیان لێ دەکرێ، تاکوو پارتە کوردییەکان و تەنانەت دەڤەرە سنوورییەکانی کوردستان کە بەردەوام دەکەونە بەر هێرشی هاوبەشی داگیرکەران، هۆمۆساکەری کورد بە

تاک بێ یان بە کۆمەڵ هەمیشە ئامانجێکی هاوبەشە بۆ تێرکردنی خووی ستەمگەری ئەم داگیرکەرانە. لەڕاستیدا ئەم دۆخی "ئامانجی هاوبەش"بوونە لەگەڵ ئەو دۆخی "بێخاوەنی"یەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، بە جۆرێ تەواوکەری یەکترین کە پێکەوە ژیانی هۆمۆساکەری کوردیان لە ژیان بە مانا ئاساییەکەی خۆی خستووە و کوردی بندەست ئەوەی بە ناوی ژیان هەیەتی هیچ نییە جگە لە کۆمەڵێ سەربوردە و چارەنووسی نادیار و نامسۆگەر و دوور لە واتای ژیانێکی ئاسایی. درێژەی ئەم باسە وردەوردە دەپەرژێتە سەر ڕەهەند و لایەنە دەروونی و کردارییە جیاوازەکانی ئەم ژیانە نائاساییە.

## بندەستی و جیهانبینی

جیهانبینی لە مانایەکی پوخت و گشتیدا بریتییە لە کۆی تێگەیشتن و تێڕوانینەکانی مرۆڤ بۆ جیهانی دەوروبەری خۆی. لەڕاستیدا جیهانبینی پێش هەموو شتێک ڕەنگدانەوەی هەموو ڕەهەندەکانی بارودۆخی ژیانە لەسەر

بیرکردنەوە و هزری مرۆڤ. هەر بۆیە جیهانبینی مرۆڤی بندەستیش بە ڕێژەیەکی زۆر ئەنجام، بەرهەم و پەیڕەوی ڕەوشی ئەو بندەستییەیە کە ژیانی دەکات. ئەڵبەتە بکەری هەرە بەباندۆریش لەم ژیانەدا لایەنی سەردەستە و هەر بۆیە بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین جیهانبینی مرۆڤی بندەست بە ڕادەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوە و لەژێر باندۆری بەهێزی جیهانبینی لایەنی سەردەستدایە. ئەم باندۆرە هێندە بەهێزە کە کەسی بندەست تەنانەت ئەگەر بە بیری خۆشی بیر بکاتەوە، هیچ کاتێ لە چاوی خۆیەوە سەیری جیهان ناکا و تێڕوانینی ئەو ڕاستەڕاست گرێدراوی سەردەستە. ئەم گرێدراوییە ئەنجامی پڕڕەنگبوونی هەبوونی سەردەستە لە ژیانی بندەستدا. کاتێ دەڵێم ژیان مەبەستم گشت ڕەهەندە فیزیکی و ڕۆحییەکانی ژیانە. ئەم پڕڕونگبوونە هێندە تۆخە کە بە مانایەک لە ماناکان جیهانبینی مرۆڤی بندەست جیهانبینی خۆی نییە و تەنیا سێبەرێکە لە جیهانبینی سەرەدەستەکەی. بە جۆرێ کە مرۆڤی بندەست لە هەر شتێک دەڕوانێ ناونجی و ناوبەرێک بەناوی سەردەست دەکەوێتە نێوانیان و تارمایی

خۆی دەخاتە سەر تێڕوانینی ئەو. ئەم دۆخە لە هەموو شێوازێکی جۆراوجۆری بندەستیدا دەبینرێ. نموونەیەکی گەورە و بەرچاوی ئەم ڕەوشە نموونەی ڕۆژهەڵاتی ناوینە بەرانبەر بە ڕۆژاوا. لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کە ڕۆشنبیرێک دێتەگۆ زۆر بەدەگمەن پێشدێ لە شیکاری و شرۆڤەکانی خۆیدا بە دێڕێکیش بووە پەنا نەباتە بەر فەیلەسووف، جڤاکناس، دەروونناس یان سیاسەتمەدارێکی ڕۆژاوایی. زۆربەی کتێبەکانی نووسەرانی ئێرە پڕن لە هێنانەوەی قسەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژاوایی. لەم ناوچەیەدا کەمتر پرسێکی خۆجێیی و دەقەری هەیە کە یەکەم ڕێگەچارەی خۆی لە بیردۆزییەکی ڕۆژاواییدا نەدۆزێتەوە، لەحاڵێکدا کە ڕەنگە هیچ ڕۆشنبیر و زانایەکی ڕۆژاوایی ڕۆژێ لە ڕۆژان بیریان لەو پرسە نەکردبێتەوە و هەر پێی ئاشنا نەبن و... هتد. بێگومان بچووکترین سەرنج دەیسەلمێنێ کە ئەم دۆخە تەنیا لە بواری ڕۆشنبیری یان لە بواری تەکنۆلۆژیدا نییە و ئاڵایە زۆربەی هەرە زۆری کایەکانی دیکەی ژیانیش دەگرێتەوە و مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە بەرکەوتن لەگەڵ هەر پرسگرێک، پرسیار و مژارێکدا پێش ئەوەی خۆی لێی

بڕوانێ و لێی تێبگا، یەکسەر لە چاوی ڕۆژاواوە دەیخوێنێتەوە تا بزانێ ئەو چۆن لێی تێدەگا، چۆن سەیری دەکا، چۆن شرۆڤەی دەکا و ڕێگەچارەی چییە بۆی!. بەڕاستی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بۆچی وەها تەماشای ڕۆژاوا دەکات، بۆ دایمە سەیری دەمی ڕۆژاوا دەکات تا بزانێ ئەو چی دەڵێ، بۆچی هەمیشە لەنێو پرتووکەکانی ڕۆژاوادا بۆ وەڵامی پرسیارەکانی دەگەڕێ، بۆ پێی وایە ڕێگەچارەی گرفتەکان و دەرمانی زامەکانی ئەم لە بیردۆزییەکانی ڕۆژاوادا هەشار دراون؟ و... هتد. ئەم تێڕوانینە گشتییە سەبارەت بە جیهانی ڕۆژاوا کە لەلای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دروست بووە چەندە لە ڕواڵەتدا ئەنجام و ڕەنگدانەوەی پێشکەوتوویی ڕۆژاوا بێ بەراورد بە ڕۆژهەڵات، بەڵام لە ناخی خۆیدا گوزارە لە دیاردەیەکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی گەورەتر و گرنگتر دەکا کە بریتییە لەو بندەستییە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەی کە ڕۆژهەڵات زۆردەمێکە بەرانبەر بە ڕۆژاوا خەریکە ژیانی دەکا...

وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا ئەم سایکۆلۆژییە لە هەموو جۆرەکانی بندەستیدا بەرچاوە. کابرایەکی حزبی کە تەنیا

لەو کونەوە سەیری جیهان دەکات کە حزبەکەی بۆی داناوە و هەر بۆیە بەبێ لێکۆڵینەوە پێی وایە ئایدۆلۆژیای حزبەکەی ئەو تاقە ڕێگای دروست و ڕزگارکەری ڕاستەقینەیە. کابرایەکی ئایینی کورد بەبێ ئەوەی مانای جەژن بزانێ و بیر لە چەمکی نەورۆز بکاتەوە، تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی ئایینەکەی پێی گوتووە نەورۆز جەژن نییە ئەویش ئەم ڕستەیە کاوێژ دەکاتەوە. هۆکاری هەموو ئەمانەش ئامادەبوونی بەردەوامی بوونەوەری سەردەستە لە ژیانی بندەستدا. ئەو وەک ناوبەڕێک لەنێوان بندەست و جیهانی دەرەوەی ئەودا دەرفەتی پێ نادا لە چاوی خۆیەوە بڕوانێتە جیهان و بە مێشکی خۆی بیر بکاتەوە. بندەست تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێ جیاواز یان تەنانەت دژی سەردەست بیر بکاتەوە و لە دەلاقەیەکی ترەوە بڕوانێتە جیهان، دیسان بیرکردنەوەکەی بە جۆرێ لە جۆرەکان درێژکراوەی تێڕوانینی ئەوە و گیرۆدەبوونێکی تۆخ لە کەسایەتی ئەودا دەژی. ئەگەر بە وردی لە دۆخی نموونە گەورەکەی خۆمان لەم نقیسارەدا، واتە لە دۆخی کورد بڕوانین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمەی

کورد تەنانەت لەکاتی دژایەتیکردنی سەردەستەکانیشماندا چەندە نزیک لەوان و وەک ئەوان بیر دەکەینەوە و جیهانبینی ئێمە چەندە گرێدراو، درێژکراوە و لەژێر باندۆری جیهانبینی ئەواندایە. کە واتە بۆ زیاتر وردبوونەوە و تێگەیشتن لەم ڕاستییە با دیسان وێنا و گوزارەکانی سەرەوە درێژ بکەینەوە بۆ لای خۆمان و وەریانبگێڕینە سەر بارودۆخی خۆمانی کورد.

جارێکیان سینەماکاری ناسراوی کورد بەهمەن قوبادی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا و بە زمانی فارسی بە ڕقێکی سەیرەوە باسی لەوە دەکرد کە گوایە عەرەبەکان هاتوون و "ئێرانی ئێمە"یان وشکاندووە، "ئێمەی ئێرانی"یان لە نەریتی خۆمان داماڵیوە، لە فەرهەنگ ڕووتیان کردووینەتەوە، "کەسایەتی ئێرانی" ئێمەیان شێواندووە و ئا... لەم قسانە(قسەکانی قوبادی دەقاودەق نین و لێرە تەنیا بە واتا دەیانگێڕمەوە). ئەم وێنەیە بخەنە پاڵ وێنەی ئەو مەلایانەی کە لە مزگەوتەکان دەقیرێنن و دەڵێن نەورۆز جەژنی "ئێمەی موسڵمان" نییە، ئێمەی موسڵمان تەنیا دوو جەژنمان هەیە، نەورۆز ڕێگەپێنەدراو و حەرامە و...

هتد. وێنەی ئەو گەنجە مەهابادییەش لە دوو وێنەکەی پێشوو زیاد بکەن کە لە شۆڕشی ژینادا چاوێکی لەدەست دابوو و دواتر لە ڕقی کۆماری ئیسلامی بە جلوبەرگی کوردییەوە چووبووە سەر گۆڕی کۆرش و کڕنۆشی بۆ بردبوو. دڵنیام ئەگەر خوێنەر لەسەر ئەم پێشنیارەی من بڕوا بە ئاسانی دەتوانێ کۆدیمەن یا کۆلاژێکی زۆر زۆر گەورە لەم ڕۆحە سەرگەردان و وێڵە دروست بکا کە تەنیا سیما و جلوبەرگ و وشەکانی کوردین، بەڵام لە زمانی فارس، تورک یان عەرەبێکەوە قسە دەکا و بە چاوی ئەوانەوە سەیری خۆی و سەیری جیهانیش دەکا. ئەم تێڕوانینە بۆ ژیان لە چاوی ئەوی دیکەی باڵادەستەوە لە هەموو بوار و ڕەهەند و کایە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤی بندەستی کورددا بە تۆخی ڕەنگی داوەتەوە. ئەم ڕەنگدانەوەیە گەلێ جاران هێندە بە تۆخی دەردەکەوێ کە وەک نموونەکەی بەهمەن قوبادی کەسی بندەست چیتر بەوە تاسەی ناشکێ بۆ دیتنی جیهان دەست بگرێ بە بیروهۆشی سەردەستەکەیەوە، بەڵکوو دەیەوێ ببێ بە بەشێک لە خودی ئەو و دەکۆشێ ئەم یەکبوونە یان بە

گوتنێکی ڕێکتر ئەم توانەوەیە لە ئەودا بە هەر جۆرێک بووە بسەلمێنێ. لەم دۆخەدا کەسی بندەست چیتر بەمە تێر نابێ سەردەستەکەی وەک چاویلکە لەنێوان خۆی و جیهاندا بەکار بێنێ، بەڵکوو بە تەواوەتی دەچێتە ناو چاوی ئەوەوە و لەوێوە سەیری جیهان و تەنانەت سەیری خۆشی دەکات. کاتێ دەڵێم بندەست تەنانەت بۆ سەیرکردنی خۆی تێڕوانینی سەردەستەکەی بەکار دێنێ و بە چاوی ئەوەوە سەیڕی خۆی دەکا، ئەم قسەیە لە خۆڕایی ناڵێم. من نزیکەی بیست ساڵە سەیری تەلەڤزیۆنی کوردی دەکەم. چەندە پەندی پێشنینانی کوردی و گوتەی ناودارانی کوردم لە میوانانی تەلەڤزیۆنەکان بیستووە، دەیان جار زیاتر گوێم لە ڕستەگەلێ بووە وەکوو "شێعرێکی فارسی هەیە دەڵێ..." یان "حەدیسێکی عەرەبی هەیە دەفەرموێ..." یان "پەندێکی تورکی دەڵێ..." و... هتد.

بێگومان بەشێکی گرنگ لە دیاردەی "ژیانکردنی جیهانبینی سەردەست لەلایەن بندەستەوە" کە بە ڕادەیەکی زۆر مەجبووری و ناچارییە، ئەنجامی ڕاستەوخۆی دەرخوارددان و "بارکردنی جیهانبینی خودە لەلایەن

سەردەستەوە بەسەر بندەستدا". بۆ وێنە جێدەستی سیاسەتە فەرهەنگییەکان و سیستەمی پەروەردەی سەردەست بە ئاشکرا بە ڕوخساری جیهانبینی ئێمەی کوردەوە دیارە و بەشێکی گەورەی جیهانبینی ئێمە دروستکراو و درێژکراوەیەکی ناچارییە لە جیهانبینی سەردەستەکانمان. ئەم بەشە ناچارییە هۆکردی ئاسایی و ڕاستەوخۆی ژیانکردنی دۆخێکە کە بندەست بە شێوەیەکی ژیانی تێیدا دەکەوێ و هەر بۆیە لە ئەگەری ڕەوینەوەی ئەم بندەستییەدا دەکرێ ئەمیش بە ڕادەیەکی زۆر بڕەوێتەوە. بەڵام بەشی دووەم و مەترسیدارتری ئەم دیاردەیە ئەو بەشە نەناچارییەیە کە بریتییە لە سایکۆلۆژییەتی "هەڵگرتنی جیهانبینی سەردەست لەلایەن بندەستەوە بە شێوازێکی دڵخوازانە". بۆ وێنە ئەو دەسەڵاتدارە باشوورییەی کە لە نەبوونی جیهانبینیبەکی نیشتمانیدا لە چاوی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ئێران و تورکیاوە دەڕوانێتە هەبوونی پارتێکی کوردی لە باشوور...، ئەو مەلایەی کە لە دیدی گوایە ئیسلامەوە چاو لە داعش دەکا و ئامادە نییە کوردەکەی بەرانبەری

داعش بە شەهید بزانێ یان کوژراوێکی داعشی وەک ناشەهید پێناسە بکا...، ئەو سیاسەتڤانە ڕۆژهەڵاتییەی کە بێ ئەوەی لە سۆنگەی بەرژەوەندی گەلەکەی خۆیەوە بڕوانێتە واتا و کارکردەکانی ئازادی، هەڵبژاردن، سیستەمی پارلەمانی، دەنگدان، زۆرینە و کەمینە، ڕێفراندۆم و... هتد، لە تەنیشت فارسێکی ناوەندگەراوە دادەنیشێ و ڕێکاوڕێک بە هەمان هەناسەی ئەووەوە ئەم چەمکانە کاوێژ دەکاتەوە...، ئەو دووکاندارەی خەڵکی سلێمانی و هەولێر کە منی ڕۆژهەڵاتی یان باکووری وەک ئێرانی یان تورکی بانگ دەکا...، ئەو شارەزایەی مۆسیقا کە بۆ سەلماندنی گەورەیی حەسەن زیرەک هیچی پێ نییە جگە لە گێڕانەوەی پەسنی هونەرمەندێکی فارس بۆ ئەو...، ئەو باکوورییەی کە بۆ ناساندنی خۆی بە کوردێکی تر لەباتی ئەمەی بڵێ من دێرسیمیم، دەڵێ خەڵکی توونجەلیم...، ئەو چالاکوانە کوردەی مافی مرۆڤ کە بۆ لۆمەکردن و ناوزڕاندنی ستەمکاران لەجیاتی هەڵەبجە و ئەنفال گوندی دوجەیل، لەجیاتی ڕۆبۆسکی و عەفرین پارکی گەزی، لەجیاتی جیهاد و سنەی خوێناوی فڕۆکەی

ئۆکراینی وەک بەڵگە و میناک نیشان دەدا...، ئەو میدیاکارە کوردەی کە بێ ئاماژەکردن و بەرجەستەکردنی زیاتر لە هەشتا ساڵ ڕۆڵی خراپ و دژەکوردی ڕادیۆ بی.بی.سی فارسی وەک بەشێکی گەورە و کاریگەر لە پرۆژەیەکی نەتەوەسازی دەستکرد و تواندنەوەی فەرهەنگی کورد و گەلانی بندەستی دیکەی نێو جۆگرافیای ئێران، بە بیستنی هەواڵی داخستنی ئەم دەزگایە بە تامەزرۆوە باس لە هەشتا ساڵ ڕاگەیاندنی گوایە ئازاد و پسپۆڕانە دەکات...، ئەو پارلەمانتارە ئیسلامییانەی هەرێمی باشووری کوردستان کە بە پاساوی ئەمەی کە گوایە سروودی "ئەی ڕەقیب" نیشتمانی خستووەتە پێش ئایینەکەی ئەوانەوە ئامادە نین لەگەڵ ئەم سرووده فەرمییەدا هەستنە سەرپێ... و هتد، هەموو ئەمانە نموونەگەلێکی ئاشکران لە کەسایەتییەکی نامۆ بە خودی خۆی کە بە شێوەیەکی سایکۆلۆژییانە جیهانبینی سەردەستەکەی خۆی ژیان دەکا. لەم ڕەوشەدا کەسی بندەست دۆخێکی پڕڕەنگی دەروونیکردنی جیهانبینی سەردەست لەنێو کەسایەتی خۆیدا دەژی و لە یەکەم

چرکەساتی بەرکەوتن لەگەڵ هەر بوویەرێ، هەر چەمکێ، هەر پرسێ، هەر پرسگرێک و هەر بژاردەیەکدا یەکسەر بیری دەچێتە سەر ئەمەی کە "ئەو"ی سەردەست چۆن بیر دەکاتەوە، چۆن لێی تێدەگا، چۆنی پێ باشە و چۆن بڕیار وەردەگرێ. بە مانایەکی دیکە مرۆڤی بندەست هەمیشە لەناو خۆیدا کەسایەتی سەردەستەکەی خۆی هەڵدەگرێ تا ئەویش لە ناوەوە چاودێری تێڕوانین و ئاراستەی جیهانبینی ئەم بکا و بەم شێوازە خۆی لە ناویدا بچێنێ و بیکا بە سیبەرێک لە خۆی. بێگومان لە تەواوی ئەم پرۆسەیەدا خودی لایەنی سەردەستیش بە "سایکۆلۆژییەتی سەردەستی"یی خۆیەوە بەردەوام لەسەر کارە بۆ ئەوەی دۆخەکە تۆختر و پڕڕەنگتر بکاتەوە. لەم ڕاستایەدا بەردەوام خۆی وەک تاقە دەلاقەی بینینی جیهان دەداتە زانین. قسە و فەرمانەکانی خۆی وەک دروستی ڕەها پێناسە دەکا، مێژووی سەردەستبوونی خۆی وەک چارەنووسێکی ماوەیی و هەتایی وێنا دەکا و بوونی خۆی پڕڕەنگتر و تۆختر و گرنگتر نیشان دەدا. لە بەرانبەریشدا هەبوونی بندەستەکەی کاڵتر و کاڵتر وێنا دەکا و بەکورتی

لە هیچەوە بۆ خۆی مایە دەتاشێ و مایە و داشتەکانی بندەستیش بە هیچ دەزانێ و... هتد. تێڕامان لە ڕەفتاری داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ زمان و ئەدەبی کوردیدا یەکێکە لە ڕێگا هەرە بەردەست و ئاسانەکانی باشتر تێگەیشتن لەم سایکۆلۆژییەتی سەردەستییە.

## سەردەست وەک پیڤان و باڵا

با لەڕێی چەند میناکێک لە بواری زماندا بچینە نێو مژارەکەوە. وەک دەزانین لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی گۆڕینی ناوە کوردییەکان وەک بەشێ لە سیاسەتی ژینۆسایدی فەرهەنگی دەوڵەتانی داگیرکەر هەزاران هەزار ناوی دووانە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەن. تراژیکترین بەشی ئەم ناوانە یەکەمین ناوە ڕەسەنە کوردییەکان بوون کە لە دەسپێکی دروستبوونی ناسنامە لە ئێراندا بە شێوازێکی گاڵتەئامێز گۆڕدران و بە جۆرێ لە جۆرەکان فارسیزە کران و هەرکامەیان تووشی بێبەختییەکی تایبەت بە خۆیان هاتن. یەکێ لەم ناوانە ناوی

ڕەسەنی "کەوکی" بوو کە پەیڤێکی کەلهۆڕییە بە مانای "وێنەی باڵندەی کەوک یان کەو". کەوکی بە هەڵکەوت ناوی پیرەژنێکی خزمی ئێمەش بوو کە پرۆژەی نەتەوەسازی دەستکرد و ژینۆسایدی فەرهەنگی ناوی ئەوی گۆڕیبوو بە "کەوکەب". جارێک خزمێک کە خۆشی زۆر بە خوێندەوار و ڕۆشنبیر دەزانی لە شیکاری گۆڕانی "کەوکی" بۆ "کەوکەب" دەیگوت کورە ئەم فەقیرانە چووزانن، ئەوسا خەڵک نەخوێندەوار بوونە و نەیانزانیوە بڵێن کەوکەب، هەر کردوویانە بە کەوکی!. لەڕاستیدا ئەم کابرایە ئەوەندە گەمژە نەبوو کە بە تۆزێ سەرنج و بیرکردنەوە نەزانێ و تێنەگا داستانەکە ڕێک پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەوە و لێرەدا ناوە ڕەسەن و دروستەکە کەوکییە و ئەمە ناسنامەیە کە هاتووە و بە زۆری زۆرداری و بە شێوازێکی نارێک گۆڕیویەتی. ئەگەر ئەم میناکە بگشتێنن بۆ ڕاوەستەی ئێمە بەرانبەر بە ئەو هەزاران هەزار ناوە کوردییانەی کە سەردەستان گۆڕیویانە بە ناوە نامۆکانی زمانە سەردەستەکانی خۆیان، بە ئاسانی تێدەگەین کە زمانی سەردەست جێگە و پێگەیەکی

جیاوازتر لە زمانەکەی خۆمانی لە ناخماندا گرتووە. بۆ گەیشتن بە چەندوچۆنی ئەم جیگە و پێگەیە با ئەم میناکە بە دیوێکی سادەتری دیکەشیدا بخوێنینەوە تا ناڕێکییەکە زیاتر و ڕووتتر خۆی نیشان بدا. من وەک ڕۆژهەڵاتییەک زۆر جار سەرنجم داوە هەر پەیڤێکی ئینگلیزی لەڕێی زمانی فارسییەوە پێی ئاشنا دەبین، زۆر بە ئاسایی بە هەمان زاراوە و بێژەوە وەریدەگرین بەبێ ئەوەی تەنانەت چرکەیەک بیری لێ بکەینەوە کە ئەو پەیڤە بە ڕەسەنی و دروست بێژە دەکرێ یان نا. بۆ وێنە لەحاڵێکدا وشەی فارسی "تلویزیون" کە لانیکەم لە ڕووی بێژە و فۆنۆتیکەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ وشە ڕەسەنەکە، یانی "television"دا هەیە، بەڵام زۆربەی خەڵک بە ئاساییترین هەناسەوە وەریدەگرن و هەوڵدەدەن بە هەمان شێوە فارسییەکەی بێژەی بکەن، کەچی لەم لاشەوە زۆر جار بینیومە کەسانێ تەنیا لەبەر ڕێکاوڕێک بێژەنەکردنی واژەیەکی فارسی کەوتوونەتە بەر گۆڵمەزی و گاڵتەپێکردن. گۆشەیەکی سێیەم و قووڵتری ئەم دوو میناکەی پێشوو لە کەسایەتی ئەو پەیڤە بە ڕەچەڵەک

کوردییانە دەردەکەوێ کە بە بێژەیەکی جیاواز لە فارسیشدا هەن و کەچی کوردەکان بێژە فارسییەکە بە بنەما دەگرن و هەوڵدەدەن ئەوە بەکار بێنن. بۆ وێنە بە لاسایی فارس "بۆکان"ی خۆیان دەکەن بە "بووکان" و ئمجا وەک "شاری بووکەکان" واتای بۆ دادەتاشن، یان پەیڤی "نازک، ناسک، نازگ"ی کوردی کە بە واتای شتێ کە تەسکە و زکی نییە، دەگۆڕن بۆ "نازوک"ی فارسی کە لە چەند ڕستە پێشتردا گوتم لەڕاستیدا گۆڕدراوی بێژەیی و فۆنۆتیکی پەیڤە کوردییەکەیە. هەر وایە بۆ گۆڕینی "دژمن" بە "دوژمن یا دوشمن"، "ژمار یان شمار" بە "شومار"، "ڕۆشن بە ڕەوشەن" و... زۆرێک وشەی دیکە. گۆشەی چوارەمی ئەم نەریتی بندەستییە لە هێمای ئەو پەیڤانەدا خۆی نیشان دەدا کە بە ڕەسەن کوردین و کەچی لەبەر ئەمەی فارسیش بەکاریان دێنێ کورد دەستی لێ هەڵگرتوون و لەباتی ئەوانە پەیڤێکی تری کوردی یان واژەیەکی بێگانە بەکار دەبا. وەک میناک دەست لە "بیمارستان" هەڵدەگرێ و لەجیاتی ئەوە دەڵێ "خەستەخانە"، یان "هونەرستان" وەلا دەنێ و "پەیمانگا"

دەخاتە جێی، یان وشەی "ڕاپۆرت"ی ئینگلیزی لەباتی "گوزارش"ی کوردی بەکار دێنێ و لەجیاتی "دووربین"ی کوردی دەبێژێ "کامێرا" کە دیسان پەیڤێکی ئینگلیزییە و... هتد. لەڕاستیدا تۆزێ سەرنجدان دەریدەخا کە ئەم میناکانە هەرچەند جۆراوجۆر دەنوێنن، بەڵام ڕۆحییەتێکی هاوبەشیان تێدایە کە بریتییە لە زانینی زمانێکی سەردەست وەکوو بنەما و ناوەند و پێوەر و لە بەرانبەریشدا دانانی زمانی ڕەسەنی کوردی لە گۆشە و پەراوێزدا... . بەڕاستی هۆکار چییە کە کوردێک پەیڤە ڕەسەنەکەی خۆی بە زۆڵەک دەزانێ و هی زمانێکی تر کە زۆر جاران کۆپییەکی هەڵەی پەیڤە ڕەسەنەکەی خۆیە بە بنەما دەگرێ؟!. یان بە گوتنێکی دیکە چۆن کەسێک شتە ڕەسەنەکەی خۆی پێ هەڵە و سووک و ناڕێک دەبێ، بەڵام گۆڕدراوەکەی هەمان شت بەدەستی سەردەستەکەیەوە بە دروست دەزانێ و بە ئاسایی وەریدەگرێ؟. چۆن دەکرێ مرۆڤ بە ئاسانی ئاوی خواردن جێی دروست و نادروستی لێ بگۆڕێ و ڕاست و ناڕاستی لێ بشێوێ؟!. یان ڕاستتر وایە ئەم سایکۆلۆژییە بگشتێنین و بپرسین بۆ کوردێک

ڕەفتاری سەردەستەکەی بە دروست دەزانێ و هەمان ڕەفتار لەلایەن خۆیەوە بە نادروست دەبینێ؟!...

بە بۆچوونی من پێدەچێ بەشێکی گرنگ لە هۆکار و ڕیشەکانی ئەم جۆرە نارێکییە ئەو سایکۆلۆژییەتە بێ کە سەردەست وەکوو "پێڤان" دەزانێ و وەک بوونەوەرێکی "باڵا" سەیری دەکا. لەم سایکۆلۆژییەتەدا مرۆڤی بندەست سەردەستەکەی خۆی دەکاتە پەیمانە و ڕێگەزێک بۆ خوێندنەوە و داوەریکردنی جیهان. هەموو شتەکان بەو دەپێوێ و ڕێژەی دروستبوونی هەر کردە و قسەیەک دەبەستێتەوە بە ڕێژەی نزیکبوون لە کردار و گفتاری ئەوەوە و هەموو جووڵەیەک بە ڕێسا و نۆرمەکانی ئەو پەیمانە دەکا. ئەگەرچی دەشێ ڕێژەیەک لەم "بەپێوەرزانینە" ئەنجامی سواربوونی جیهانبینی سەردەست بێ بەسەر بندەستەوە کە لە بەشی پێشوودا باسی لێوە کرا، بەڵام بەشێکی گەورەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەی کە هەموو دەسەڵات و سەردەستییەک لەگەڵ خۆیدا جۆرێک لە "ڕێگەزبوون" و "پێوانەبوون" بە سەردەست دەبەخشێ. بۆ وێنە ڕستەگەلی ئاشنای وەکوو

"باوکت خاستری لێ دەزانێ"، "فڵانکەس لە تۆ گەورەترە بە قسەی بکە"، "فڵانی پیاوێکی گەورەس، بشێ درۆ بکا؟!"، "دەوڵەت خۆی باشتری لێ دەفامێ"، "با یاسا لە بەینمان یەکلایی بکاتەوە"، "بەپێی فڵانە ئایەت ئەم کارە دروست نییە" و... هتد، هەموو ئەمانە هەڵگری یەک سایکۆلۆژییەتن کە بریتییە لە "بەڕێگەزکردنی" بوونەوەری سەردەست لەلایەن مرۆڤی بندەستەوە. لەم دۆخە سایکۆلۆژییەدا بندەست بۆی گرنگ نییە ڕێگای ڕاست کامە و کاری دروست چییە، بەڵکوو بۆی گرنگە بەگوێرەی ڕێگەز و پیشان، واتە بەگوێرەی سەردەستەکەی خۆی بڕوانێ و بڕوا بە ڕێوە. نموونەیەکی سەیر کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆشنکەری ئەم دۆخەیە، پرسگرێکی دیاریکردنی جەژنی ڕەمەزانە لە وڵاتانی وەک ئێران و عێراق دا. هەموو ساڵێ دانیشتووانی ئەم دوو وڵاتەدا بۆ دیاریکردنی ڕۆژانی دەسپێک و جەژنی ڕەمەزان چاو دەبڕنە سەردەستە ئایینی و ئایدۆلۆژییەکانی خۆیان. هەر بۆیە خەڵکی هەرکام لەم وڵاتانە لە ڕەمەزاندا دەبن بە دوو کەرتی لەیەک دابڕاو و هەر کەرتێک لەگەڵ کەرتە هاوبندەستەکەی خۆی لە

وڵاتەکەی تر جەژن دەکا. بە گوتنێکی تر ئەوەی لەم نارێکییەدا پەیڕەو دەکرێ بریتییە لە نادیدەگرتنی ڕێگەزە ڕاستەقینەکە کە لێرەدا جۆگرافیایە و لەجێی ئەوە بەپێوەرگرتنی بوونەوەرێکی سەردەست. بەپێوەرگرتنی سەردەست بەتایبەتی کاتێ مرۆڤ بندەستبوونی خۆی قەبوول دەکا، لە جیهانبینییەکی پەتی دەردەچێ و ئیتر دەگۆڕێ بۆ ڕێچکە و ڕێبازێکی ژیانی بۆ کەسی بندەست. وەک میناک من خۆم لە قوتابخانە و بەتایبەتی لەنێو ماموٚستایانی ئەدەبیاتی فارسیدا گەلێ کەسانم دیوە کە لە یەکەم بەرکەوتن لەگەڵ هەر پەیڤێکدا بۆ دۆزینەوەی ماناکەی یەکسەر دەستیان بردووە بۆ وشەدانێکی فارسی و هەر بە خەیاڵیشیاندا نەهاتووە کە لەوانەیە وشەکە بە ڕەسەن هەر کوردی بێ. یان کەم نەبوونە ئەو شاعیرە کوردانەی کە دوای سەدان پارچە شێعری کوردی بۆ سەلماندنی شاعیربوونی خۆیان دەستیان داوەتە هۆنینەوەی شێعری فارسی و تورکی و عەرەبی و ئمجا بەو شێعرانەوە لافی بلیمەتی خۆیان لە شاعیربوون داوە. یان ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و لەو

دەڤەرانەی کە پەیڕەوانی مەزهەبە جیاوازەکان پێکەوە دەژین، کەم نین ئەو مامۆستایانەی کە بەبێ ئەوەی بیر بکەنەوە خەریکن چاندە کوردییەکەی خۆیان دەسڕنەوە، لەسەر قەبران جاڕ دەدەن نابێ چەمەری و تەمووره هەبێ و ئەمە دژی ئیسلامە و... هتد. ئەمانە نموونەگەلێکن لە سایکۆلۆژییەکی هاوبەش کە لە هەموویاندا بە ئاشکرا سەردەستێک وەکوو پێوەر و ڕێگەز ئامادەیە و بندەست لەسەر هەبوونی ئەو پێ دادەگرێ. بێگومان ئەم سەلماندنە بە تەنیا لەلایەن بندەستەوە ناکرێ، بەڵکوو بە دیوی دووەمدا خودی سەردەستیش بە شێوازێکی ڕاشکاوانەتر و ڕووتتر ئەم کارە ئەنجام دەدات. بۆ وێنە کاتێ شارییەک بە گوندییەک دەڵێ دێهاتی و دەشتەکی، ئەوە خەریکە لە پێگەی سەردەستێکەوە خۆی وەکوو نموونە و پێوانە نیشان دەدا و دەڵێ ئەوەی شێوازی ژیانی وەک من نەبێ، کەسێکی ئاسایی نییە و ژیانێکی ئاسایی و نۆرماڵ ناژی. ئەڵبەتە ئەم ڕەفتارە هیچ بە مانای ئەمە نایەت کە سەردەست گەرەک و نیازی ئەوەی هەیە بندەست لە دۆخی بندەستبوون بەئاگا بێنێتەوە و هانی بدات بەرەو

پێگەی ئەو خۆی هەڵکێشێ. ڕێک بە پێچەوانەوە ئەم جۆرە ڕەفتارە مێکانیزمێکی دەروونییە بۆ مانەوە لە دۆخی سەردەستیدا و خوازە و مەیلی بەردەوامکردنی ئەو دۆخەیە. بەرجەستەکردنی پێگەی سەردەستی خود و بە گوێی لایەنی بندەستدا چپاندنی دۆخی هەیی زیاتر لە هەر نیازێکی دیکە پڕڕەنگکردنی ئەو دۆخەیە بۆ هەرچی زیاتر نیشاندانی پێگەی خۆی بەرانبەر بە پێگەی بندەست وەک دۆخێکی بۆماوەیی و هەرمان. بۆ وێنە کاتێ فارسێک بە مۆسیقای کوردی دەڵێ مۆسیقای ناوچەیی، قەت مەبەستی ئەمە نییە شوێن وەک بەشێ لە شووناسی ئەم مۆسیقایە پڕڕەنگ بکاتەوە، بەڵکوو گرەکییە بەرانبەر بە مۆسیقاکەی خۆی کە وەک نەتەوەیی و سەرانسەری وێنای دەکا ئەمەیان بچووک بکاتەوە و ئەو پێکە بندەستییەی کە بۆی داناوە تۆختر وێنا بکا. نموونەکانی ئەم جۆرە ڕەفتارە بە فراوانی لە هەڵسوکەوتی سەردەستدا دەبینرێ. من لە دانووستاندنی کورد و فارسەکانی نێو تۆڕە جڤاکییەکاندا گەلێ جار بینیومە گەندەڵی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان و بارودۆخی نالەباری ئەوێ وەک تانە و تەشەر

دەدرێن بە نێوچاوی کوردەکاندا. هیچکام لەو تەشەرانەش نە لە خێرخوازی بۆ گەلی کورد بووە و نەیش تەنانەت بۆ یادەوەری گەندەڵی دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانی باشوور، بەڵکوو زۆربەیان زادە و هەڵقوڵاوی ئەو سایکۆلۆژی، یان ڕێکتر و دروستتر بڵێین ئەو سۆسیۆلۆژییەن کە دەیەوێ بڵێ کورد ناتوانێ و ناشێ خۆی بەڕێوە ببا و هەر دەبێ کەسێکی تر کە ئێمەین بەخێوی بکا و کەواتە دەبێ هەر لەژێر دەستی ئێمەدا بمێنێتەوە. نموونەیەکی بەردەست و زیندووی ئەم سۆسیۆلۆژییەمان لە ڕاپەڕینی ژینادا بینی.

ئەمڕۆ لەحاڵێکدا کە کورد لە ئاستی زانستیدا سەرچاوەی بیردۆزی، لە ئاستی جڤاکیدا ڕادیکاڵترین بزاڤ و لە ئاستی سیاسیدا بەباندۆرترین تەڤگەرە لەپێناو "ئازادی ژن"دا، لە یەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینەوە سۆسیۆلۆژی سەردەستی فارس تەواوی هێزی خۆی خستووەتە گەڕ تەنیا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ گوایە "ژن، ژیان، ئازادی" بزاوتێکی ئێرانییە!... ئەڵبەتە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە تازە هی وەختانێکە سەردەست بە جۆرێک لە جۆرەکان ویقار و

سەنگینی دەنوێنێ و بەنیازە خوازە و شەهوەتی سەردەستبوونی خۆی تا ڕادەیەک بشارێتەوە. بەڵام لەو کاتانەی کە خۆی لە هەموو حورمەت و ویقارێک ڕووت دەکاتەوە، ئیتر بێشەرمانە و بە ئاشکرا دەیهەوێ سەردەستبوونی خۆی هاوار بکا و هەر بۆیە ڕوودەربایسی وەلا دەنێ و بە ئاشکرا پێوەربوونی خۆی جاڕ دەدا. من لەبیرم نایە کوردێک سەری بە تەلەڤزیۆنێکی فارسیدا کردبێ و هەر لەو سەکۆیەوە ناچار نەکرابێ بە ئەستۆیەکی خوار و بە دەنگێکی بەرز ددان بنێ بە "ئێرانیبوون"ی خۆیدا وەک قەبوولکردنی بندەستی خۆی و مل بدا بە مەرجی "یەکپارچەیی ئێران"دا وەکوو ڕازیبوون بەم بندەستییە. دیارە ئەمانەش شاپیڤانی پێوەرەکانی ناسیۆنالیزمی فارسین.

بەداخەوە تازەگی و لە سەروبەندی نووسینی ئەم نڤیسارەدا من خۆم وێنایەکی دیکەم لەم سەرشۆڕی و ملکەچییەی مرۆڤی بندەستی کورد بەرانبەر بە بێشەرمی ناسیۆنالیزمی سەردەستی فارس بینی. لە کۆتایی دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنی فارسی دەنگی ئامەریکا لەگەڵ

بەهمەن قوبادی دا کاتێ پێشکەشکارەکە وەک دادوەرێک لە تۆمەتبارێ بپرسێ، لە قوبادی پرسی: تۆ کە فیلمی "ئاڵای بێ وڵات"ت دروست کردووە، ئایا مەبەستت چییە و ئەم وڵاتە دەبێ لە کوێ دروست بکرێ؟!، قوبادی بەرسڤی دایەوە: کوردەکانی عێراق(!) مافیانە وڵاتی خۆیان بەناوی کوردستانەوە هەبێ و دەکرێ کوردانی سووریاش(!) خۆیان پێیانەوە بلکێن، بەڵام کوردانی ئێران(!) و تورکیا(!) پێویستە لە وڵاتی خۆیان بژین و لەم وڵاتانە تێبکۆشن بۆ مافی هاووڵاتیبوون!!!.

لەڕاستیدا مێژووی ئەم جۆرە ڕەفتارانەی سەردەستەکان نیشانی دەدا کە ئەم جۆرە کارانە چەندە کردەیەکی غەریزی بن لەپێناو مسۆگەرکردن و درێژەپێدانی سەردەستیدا، زۆر زیاتر لەوە ڕەهەندێکی ئەخلاقیشیان هەیە بە ئاراستەی بێویژدانیدا. بەشێ لەم بێویژدانییە بەئەنقەستە بریتییە لە شاردنەوە، چەواشە و سەپۆشکردنی خودی ڕاستەقینەی بندەستەکان. گەورەترین نموونەی ئەم ناویژدانییە چارەنووسی داگیربوونی کوردە بەدەست گەلانی داگیرکەرەوە. ئەم

گەلانە و دەوڵەتەکانیان هەر لە قەدەخەکردنی زمانەوە بگرە تاکوو دەگاتە چەواشەکردنی مێژوو سەرمایەگوزارییەکی زۆر دەکەن تا بیسەلمێنن کورد جگە لە بندەستێکی هەمیشەیی و هەرمان لە هیچ بوارێکدا هیچ نەبووە. پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە ناویژدانییە لەلایەن سەردەستەوە ئەگەر سەداسەدیش سەرکەوتوو نەبێ، باندۆرێکی ڕێژەیی خۆی هەر هەیە. ئەمە شتێکی شاراوە نییە کە ئێمەی کورد بەئاگا یان ناخودئاگا بەشێکی گەورە لە ژیانی خۆمان بەگوێرەی بەها و نرخەکانی گەلانی سەردەست ژیان دەکەین و ئەم ژیانکردنە ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی قووڵی وەرگرتووە. بەباڵازانین و بەپێوەردانانی سەردەست چەندە لەلایەن خودی سەردەستەوە کردەیەکی غەریزی و دواتریش ڕەفتارێکی ناویژدانی بێ، بەڵام لەلای بندەست بە ڕێژەیەکی فراوان دۆخێکی دەروونی پەتییە.

بندەست تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دەیەوێ هەستێتەوە و خۆی وەک کەسێکی بەنرخ و بەبەها وێنا بکا دیسان خۆی بە پەیمانەی سەردەستەکەی دەپێوێ. بۆ وێنە کاتێ خانای

قوبادی دەڵێ: "ڕاسەن مەواچان فارسی شەکەرەن - کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن"، بە ئاشکرا سەرەتا فارسی وەک پێوانە و نموونەیەکی باڵا لە زماندا وێنا دەکا و ئمجا دەڵێ کوردی لەو زمانە شیرینترە، تاکوو خوێنەر تۆزێ قیمەت و بەهای بداتێ. یان کاتێ حاجی قادری کۆیی دەڵێ: "شەبیهی جۆڵەکە ڕازی نەبێ بە سەردڕی خۆی ـ مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا"، باس لە سایکۆلۆژییەتێ دەکا کە بێپەردە فارسی بە پێوەری فەساحەت و ڕەوانی دەزانێ. لە شوێنێکی دیکەدا حاجی قادر باسی کوردێکی کۆیی هاوشاری خۆی دەگێڕێتەوە کە بەم شێوەیە هەواڵی زانایەک بەناوی شێخ ئەحمەدی دەداتێ: "چاکە ئێستا دەکا لەبۆ کوردان - تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان/ واقیعەن خزمەتی لەبۆ خوایە ـ چ دەبوو گەر بە کوردی نەبووایە؟!". ئەم سایکۆلۆژییەتە تەنانەت لەو شوێنەش کە گەرەکییە خزمەتی کورد بکرێ، لە کەمزانینێکی بێوێنەدا زمانی کوردی بە ئامرازێکی شایستە لەم پێناوەدا نازانێ. کاتی حاجی قادر بە "یا لەگەڵ فارسی چ فەرقی هەیە ـ بۆچی ئەو ڕاستە، بۆچی ئەم

کەچەیە؟!" وەڵامی دەداتەوە، بە ئاشکرا لە کەسایەتی کابرای کۆییدا پەردە لەسەر سایکۆلۆژییەتی بەپێوەرزانینی زمانی سەردەست لەلایەن کوردی بندەست هەڵدەداتەوە. سایکۆلۆژییەتێ کە بە دیوەکەی تریدا وێناکەری خودکەمبینی یان خۆ بەکەمزانینی ئەم کەسایەتییە بندەستەیە. کەمێ پێشتر گوتم بندەست کاتێکیش بیهەوێ خۆی هەڵکێشێ، دیسان هەر خۆی بە باڵای سەردەستەکەیدا دەگرێ تا سەنگی خۆی دیار بکا. دەکرێ دۆخەکە لەمەش خراپتر بێ. تەنانەت لەو کاتانەش کە بندەست بایی ئەوەی هەیە خۆی پێ بەرز نیشان بدا، دیسانەوە هەر دەچێتەوە سەر نموونەکانی سەردەست. وەک میناک من زۆر جار بینیومە بە ڕستەی وەکوو "شەجەریان لە خەوی نایە" پەسنی دەنگخۆشێکیان داوەتەوە یان بۆ شکاندنی دەنگێک گوزارەی وەکوو "خۆ ئیبراهیم تاتلیسەز نییە"یان بەکار هێناوە، لەحاڵێکدا هونەری کوردی بلیمەتی زۆر لەوانە گەورەتری تێدایە کە دەکرێ و دەشێ وەک پێوەر لێیان بڕوانرێ. لە نموونەی تردا لە ڕۆژهەڵات هەر کە باسی بیرکاری و خەڵاتی فیلدز

دەکرێ، خەڵک یەکسەر ناوی "مریەمی میرزاخانی" وەک میناک دێننەوە، لەحاڵێکدا ئێمەی کورد خۆمان کەسێکی وەک "کۆچەر بیرکار"مان هەیە کە لانیکەم بە هەمان ڕادە هەڵکەوتووە... . بێگومان ئەم تایبەتمەندییە هەم لە ئاستی تاک و هەم لە ئاستی جڤاکیدا تایبەتمەندییەکی دەروونی وێرانگەر و ڕووخێنەرە. وێرانگەرییەک کە بەشی خۆی هەوێنی بنکەوتن و داتەپینی کەسایەتی مرۆڤی بندەستی تێدایە و گەلێ جاران وەک ئامێژەنی درێژبوونەوەی بندەستی کار دەکا.

## سەردەست وەکوو لێڤەگەڕ

با دیسان گۆشەیەکی تر لە پەیوەندییە سایکۆلۆژییەکەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا وەکوو میناک بەکار بێنینەوە. ئەگەر تا ئێستا سەرنجتان دابێ، یەکێ لە نەریتە سەیرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەمەیە کە بە خودی دیکتاتۆر و دەوڵەتەکانیشەوە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەم ناوچەیە هەرکاتێ هەست بکەن لێرە ستەمێکیان

لێدەکرێ، یەکسەر هانا و هاوار و گلەیی و گازندەی خۆیان دەبەنە بەر دەرگای ڕۆژاواییەکان. ئەمە لەحاڵێکدایە کە زۆرینەی نزیک لە ڕەهای ئەم خەڵکانە پێیان وایە ڕۆژاوا ئەگەر سەداسەد و ڕاستەوخۆ دروستکەری ستەمکارانی ئەم دەڤەرە نەبێ، هەمیشە پاڵپشت و هاودەست و پشتیوانی سەداسەدی ئەوانە بووە و تا ئێستاش دەستی لە هەموو جۆرە ستەمکارییەکدا بە ئاشکرا دیارە. کە واتە بۆچی هەرچی هاوار و هانای ئەم دەڤەرەیە ڕووی لە ڕۆژاوایە؟!. بێگومان دەتوانین گەلێ هۆکاری جۆراوجۆر بدۆزینەوە کە لەپشت ئەم ڕەفتارەوەن، بەڵام بە بۆچوونی من زۆربەی هەرەی زۆری ئەم هۆکارانە یەک کرۆک و ناخیان هەیە و هەموویان ڕواڵەتێکن لە یەک هۆکاری گرنگ و بنەڕەتی. ئەم هۆکارە بنەڕەتییە کە ئەنجامی ڕاستەوخۆی سایکۆلۆژییەت و هەستی بندەستبوونێکە کە ڕۆژهەڵاتە سەبارەت بە ڕۆژاوا هەیەتی، بریتییە لە بەناوەندگرتن و زانینی ڕۆژاوا وەک لێڤەگەرێکی سەرەکی لە جیهاندا. ئەم سایکۆلۆژییەتە سایکۆلۆژی هەموو بندەستێکە بەرانبەر بە سەردەستەکەی خۆی. کاتێ بندەست وێنەی گیرۆدەیەک

چارەنووسی خۆی لەدەست سەردەستەکەیدا دەبینێ، کاتێ لە جیهانبینی ئەوەوە سەیری جیهان دەکا و کاتێ وەکوو پێوەر لە ئەو دەڕوانێ، زۆر ئاساییە هەر ئەویش بە ناوەند و مەرجەع یان لێڤەگەر بزانێ. لەڕاستیدا مێژووی پەیوەندییەکانی سەردەست، بندەست مێژووی بەناوەندگرتنی سەردەست و سووڕانەوەیە بە دەوری ئەودا. بندەست لە هەر لایەکەوە دەڕوانێ بە سەردەستەکەی گەمارۆ دراوە و بە هەر هۆکارێ بێ گدرێدراوێکی هەمیشەیی سەردەستەکەیە و زۆربەی کاتەکان ناچاری گەڕانەوەیە بۆ لای ئەو. ئەم گەڕانەوەیەش وەک زۆرێک لە خەسڵەتەکانی دیکەی بندەستی بە هەردوو دیوەکەی خۆیدا ژیان دەکرێ. واتە هەم بە دیوی زۆرەکیدا کە بارودۆخی ژیانی ڕووتی بندەستییە و هەمیش بە دیوی خوازەکیدا کە لایەنی ڕۆحی و سایکۆلۆژییە. لەم ژیانکردنەدا هەرچەند پێدەچێ بارودۆخی زۆرەکی ژیان ڕۆڵێکی کاریگەر و بەهێزتر بگێڕێ، بەڵام ویستی خوازەکیش شتێک نییە بە تەواوەتی نکۆڵی لێ بکرێ. تەنانەت زۆرجار دوای لەناوچوونی سەردەست یان

ڕزگاربوونی بندەست بە هەر هۆکارێکی دیکە ئەم گەڕانەوەیە دۆخێکی ناچاری یان تەنانەت خواستێکی بەهێزە و وەک لە بەشەکانی دواتردا دیسان دێمەوە سەری، کەم جاریش پێش نایەت کە تەنانەت ببێتە ئاواتێکی نوستالژیکیش. ئەگەر بمانەوێ نموونەی بچووک لەم گرێدراوییە سایکۆلۆژییە بێنینەوە ئاماژە بە دیاردەیەکی باوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسە. ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات زۆربەی ئەو کەسانەی دەیانەوێ سەبارەت بە بوویەر یان دیاردەیەک گوزارش، ئاگاداری، بەرسڤ یان بۆچوونێکی خۆیان بڵاو بکەنەوە، بۆ تەلەڤزیۆنە فارسییەکان دەینێرن و بێگومان بە هەر زمانی فارسیش دینێرن. ئەمە لەحاڵێکدا کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو وێنە و دیمەنانەش کە دەنێردرێن تایبەتن بە ڕۆژهەڵات. دیسان لەحاڵێکدا کە ژمارەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان زیاترن لە تەلەڤزیۆنە فارسییەکان. بەڕاستی ئەگەر سایکۆلۆژییەتی "زانینی سەردەست بە ناوەند و دانانی ئەو وەک لێڤەگەڕ" هەموو هۆکارەکەی ئەم ڕەفتارە نەبێ، بێ هیچ گومانێک بەشێکی گەورە لە هۆکارەکانییەتی. ئەڵبەتە دەکرێ خوێنەر بە

دروستی ئەم گومانەش دروست بکا کە لەوانەیە خەڵکی وێنە و دیمەنەکانی خۆیان لەسەر تۆڕە جڤاکییەکان دابنێن و ئەو میدیا فارسییانە خۆیان یەکلایەنە بڵاوی دەکەنەوە. ئەگەر وابێ، لێرەشدا دیسان ڕووی دووەمی هەمان ڕێسای بەلێڤەگەرکردنی سەردەست خەریکە کار دەکا، بەڵام بە دیوی دووەمەکەیدا. واتە لێرەدا ئەمە سەردەستە کە ناوەندکردن و لێڤەگەڕکردنی خۆی بەڕێوە دەبا. کە واتە بەناوەندکردنی سەردەست دوو ڕووی دراوێکە کە ڕوویەکی گرێدراوی بندەستە و دیوەکەی تری پەیوەندی بە سەردەستەوە هەیە.

نموونەیەکی گەورەتر و ئەڵبەتە گەلێ ناڕێکتر لە دیاردەی بەرجەستەکردنی سەردەست وەکوو لێڤەگەڕ نموونەی باشووری کوردستانە. لە باشوور نزیکەی سی ساڵە نەریتی بەناوەندکردنەوەی سەردەست بە هەردوو دیوەکەدا بە تۆخی لە ئارادایە و خەریکە ژیان دەکرێ. لایەنی سەردەست کە لێرەدا تەنیا لە عێراقدا کورت نابێتەوە و هەر چوار دەوڵەتی داگیرکەر لە خۆ دەگرێ، لە پێگەیەکی ناویژدانییەوە بە تەواوی شێوازەکان هەوڵی

سەلماندنی سەردەستی خۆی دەداتەوە. هەموو سایکۆلۆژییەتی لایەنی بندەستیش بە زۆرەکی یان بە خوازەکی هەر بەو ئاراستەیە دەڕوا. بێگومان ڕەفتاری لایەنی سەردەست لەم بوارەدا کە لە کووراهی ناویژدانییەکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێ، پشت بە سایکۆلۆژییەک دەبەستێ کە ئامانج و ئاراستەکەی بریتییە لە قۆرخکردن، هەردەمیکردن و هەرمانکردنی سەردەستی. بەڵام هەڵسوکەوتی لایەنی بندەست ئەگەر بەشێکی زۆرەکی و لە ڕووی ناچارییەوە بێ، بەشێکی بەرچاویشی خوازەکییە و هەڵقوڵاوی سایکۆلۆژییەتی بندەستییە. لە نموونەی باشووردا لە هەموو ئاستێکی سیاسی، جڤاکی، ئابۆری، ڕۆشنبیری و... هتددا چەندە ناچارییەکی ڕووتێکردن بەرەو ناوەند لە ئارادا بێ، لانیکەم بە هەمان ڕادەش هەناسە و مەیلێکی گەڕانەوە بۆ لای سەردەست دێتە ژیانکردن. ئەم مەیل و خوازەیە هەستێکی کوتوپڕ نییە، بەڵکوو لە ئەنجامی ڕاهاتنێکی دوور و درێژە بە بارودۆخی بندەستبوون. بۆ وێنە مرۆڤی بندەستی کورد بە ڕوونی دەزانێ کە دەسەڵاتدارانی

ئێستای باشووری کوردستان ئەگەر کەمتر لە داگیرکەرانی عەرەب ستەمیان نەکردبێ، قەت لەوان زیاتریان نەکردووە، کەچی هەرمای پێی باشترە بگەڕێتەوە ژێر سێبەری ستەمکارە گەورەکە. بەشێ لە هۆکاری ئەمەش سایکۆلۆژییەتی ڕاهاتنە بە ستەمی کۆنتر، گەورەتر و درێژخایەنتر. ئەم سایکۆلۆژییەتە زۆر جار تەنانەت وەک گرێیەکی نۆستالژیک کار دەکا و بە ئاراستەی بەردەوامبوونی ئەم جۆرە ستەمکارییەی سەردەستەکان باندۆری زۆر وێرانکەر لەسەر بندەستان دادەنێ.

بەکورتی لەنێو ئەو مێکانیزمانەی کە هۆکار و هاندەرن بۆ مانەوە و درێژەکێشانی پەیوەندی نێوان سەردەست و بندەست، سایکۆلۆژییەتی قەبوولکردنی سەردەست وەکوو لێڤەگەڕ یەکێکە لەوانەی کە بە تۆندی گرێدراوی خودی بندەستە و لە خودی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ. لەم سایکۆلۆژییەتەدا لایەنی بندەست جێگە و پێگەی خۆی و لایەنە بەرانبەرەکەی بە جۆرێ لەنێو کەسایەتی خۆیدا دەروونی دەکاتەوە کە تەنانەت ڕەنگە وەک قەدەر و چارەنووسێ چاوی لێ بکا کە ئەم لەلایەن خۆیەوە ناچار بە

ژیانکردنییەتی. هەر بۆیە ئیتر ئەوە ئەمە کە لایەنی بەرانبەر بەرەو خۆی ڕادەکێشێ و داوای لێ دەکا تا سەردەستی خۆی بەسەر ئەمدا بنوێنێ. ئێرە ڕەنگە یەکێ لە گرنگترین وێستگەکانی یەکانگیربوونی سایکۆلۆژییەت و ڕۆحی بندەست و سەردەست بێ لەگەڵ یەکتریدا بەرەو یەک ئاراستەی درێژەپێدانی ئەم پەیوەندییە. هەر لەم کاتانەشدایە کە سەردەست بۆ پاساودان و شاردنەوەی شەهوەتی سەردەستی خۆی وا نیشان دەدا کە ئەمە لایەنی بندەستە خۆی بە دۆخی هەیی ڕازی و خۆشحاڵە و تەنانەت خوازیاری بەردەوامکردنی ئەم ڕەوشەیە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم ڕەفتارە سەردەستانەیە جاری کۆتایی لە ڕاپەڕینی ژینادا دەرکەوتەوە. لەم ڕاپەڕینەدا هەر لە بەرجەستەکردنی ناوی مەهسا لەجیاتی ژینا، تا گەورەکردنی دووسێ ئەکاونتی تویتەری کوردی کە پشتیوانی کوڕی شای پێشوویان دەکرد، تاکوو بەڕێکلامکردنی ئەو دروشمانەی کە لە کوردستان بە فارسی دەگوتران، تا پێداهەڵگوتنی ئەو کوڕەی بە بەرگی کوردییەوە چووە سەر گۆڕی بەناو کۆرش، تا

بانگهێشتکردتی هەندێ سیاسی کورد وەکوو عەبدوڵای موهتەدی بۆ پێگوتنەوەی نیاز و قسەکانی خۆیان بە ئەو، هەتا سانسۆری ئەو ئاڵایانەی کە زیاتر لە ئێرانیبوون گوزارەیان لە کوردستانیبوون دەکرد، تاکوو مکوڕکردنی مێوانە کوردەکانی تەلەڤزیۆنە فارسییەکان بە جوداخوازنەبوون و باوەڕداری بە یەکپارچەیی وڵاتی ئێران و... هتد، هەموو ئەمانە گوزارە لە سایکۆلۆژییەتێک دەکەن کە تێیدا سەردەست لەڕێگەی بەرجەستەکردنی سایکۆلۆژییەتی خوازیارانەی بندەستەوە شەهوەتی باڵادەستبوونی خۆی دەشارێتەوە تاکوو بارودۆخی سەردەستبوونی خۆی وەک ڕەوتێکی ژیانی ئاسایی نیشان بدا و لێڤەگەڕبوونی خۆی بە ماوەیەکی درێژتر مسۆگەر بکا...

## وڕێنەکانی بندەستی

لە سەرەتاکانی شاکاری "مەم و زین"دا و دوای پەسنی خودا و پێغەمبەر، کاتێ ئەحمەدی خانی دەبێژێ "ساقی

تو ژبۆ خوەدێ کەرەم کە ـ یەک جورئە د جامێ جەم کە/ دا جام ب مەی جیهاننوما بت ـ هەرچی مە ئیرادەیە خویا بت/ دا کەشف ببت ل بەر مە ئەحوال ـ کانی دبتن مویەسەر ئقبال؟"، مرۆڤ چاوەڕێیە خانی دەست بکا بە گێڕانەوەی سەرپێهاتی مەم و زین، بەڵام ئەو لە کەسایەتی کورددا پەردە لەسەر گۆشەیەکی هەرە گرنگی ناخی خۆی وەک مرۆڤێکی بندەست هەڵدەداتەوە. ئەو سەرەتا بە پرسیارگەلێک دەست پێدەکا کە لەڕاستیدا زیاتر لە پرسیار گوزارە لە تامەزرۆیییەکی بەدینەهاتووی کۆن و ئاواتێکی مێژینەی سەرکوتکراو دەکەن. ئەو دەڵێ: "قەت مومکنە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب ـ تالع ببتن ژبۆ مە کەوکەب/ بەختێ مە ژبۆ مە رە ببت یار ـ جارەک ببتن ژ خەوێ هوشیار/ ڕابت ژ مە ژی جیهانپەناهەک ـ پەیدا ببتن مە پادشاهەک/ شیرێ هونەرا مە بێتە دانین ـ قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین/ دەردێ مە ببینتن عیلاج ـ علمێ مە ببینتن ڕەواج؟". ئەحمەدی خانی ئمجا لە خەیاڵاتی خۆیدا خەو بە ڕۆژەکانی بەدیهاتنی ئەم ئاواتە سەرکوتکراوانەوە دەبینێ و ئەو دواڕۆژە وەها وێنا دەکا: "گەر دێ هەبوویا مە سەرفرازەک

ـ ساحبکەرەمەک، سوخەننەوازەک/ نەقدێ مە دبوو ب سکە مەسکووک ـ نەدما وەهە بێڕەواج و مەشکووک/... گەر دێ هەبوویا مە پادشاهەک ـ لایق بدییا خوەدێ کولاهەک/ تەعین ببوویا ژبۆ وی تەختەک ـ زاهیر ڤەدبوو ژبۆ مە بەختەک/ حاسل ببوویا ژبۆ وی تاجەک ـ ئەلبەتە دبوو مە ژی ڕەواجەک!". ئەو کاتێ درێژەی ئەم خەونە گریمانەییە دەگێڕێتەوە و دەبێژێ "غالب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ ڕووم ـ نەدبوونە خرابەیێ د دەست بووم/ مەحکووم عەلەیهی و سەئالیک ـ مەغلووب و موتیعێ تورک و تاجیک"، هاوکات بە ڕۆشنی گلەیی لە ڕەوشی کورد دەکا لەژێر چەپۆکی بندەستیدا. خانی لەم ڕەوشە دەروونییە تەڤلهەڤەدا دەکەوێتە بیری کە ئەم بندەستییە بۆ کورد ڕسوایی و ئارە و تاوانی ئەم ئار و نەنگەش دەخاتە ئەستۆی میرانی کورد. ئەمجارە گلەیی دەباتەوە سەر خودا و بە دێڕەشێعری "ئەمما ژ ئەزەل خوەدی وسا کر ـ ئەڤ ڕووم و عەجەم ل سەر مە ڕاکر" گازندیش لە ئەو دەکا... . لە درێژەدا وەک بڵێی لە کۆی هاوکێشەکانی بارودۆخی بندەستی کاس و سەرسام بووبێ، ڕوو دەکاتە ناوەوەی

خۆی و دەکەوێتە وڕێنەی نەزانینی هۆکارەکانی ئەم بندەستییە: "ئەز مامە د حکمەتێ خوەدێ دا ـ کرمانج د دەولەتێ دنێ دا/ ئایا ب چ وەجهی مانە مەحرووم ـ بلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم؟!". وڕێنەی خانی هەروا بەردەوام دەبێ تا دەگاتە گۆشەیەکی تر و گلەیی دەباتەوە سەر کۆمەڵگە بندەستەکەی خۆی و وەک بەشێ لە هۆکارەکانی ئەم بندەستییە دەچێتە سەر ئەویش و پێی دەڵێ: "لەو پێکڤە هەمیشە بێتفاقن ـ دائیم ب تەمەڕود و شیقاقن/ گەر هەبوویا مە تفاقەک ـ ڤێک ڕا بکرا مە ئنقیادەک/ ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی ـ هەمییان ژ مە ڕا دکر غولامی"...

هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە خانی لەم بەشەی دیوانەکەیدا پەیامێکی ڕوون و ئاشکرای پێیە بە ئاراستەی هاندانی خوێنەری کورد بۆ ڕابوون لەهەمبەر سەردەستانی کوردستان و دژایەتیکردنی بندەستی. بەڵام بە دیوێکی تردا خانی لەم دێڕانەدا بە ڕۆشنی لە کەسایەتییەکدا دەردەکەوێ بە سایکۆلۆژییەکی تایبەتەوە. ئەو لەم دێڕانەدا ڕێکاوڕێک مینا کەسێ دەردەکەوێ کە نەهامەتی

و کۆسپێکی گەورەی بەسەردا هاتووە و لە بێدەسەڵاتی و لەژێر ئاواری ئەو کۆسپەدا تەنیا ئەمەی پێدەکرێ پەیکانی هاوار و گلەیی خۆی ڕوو بکاتە هەموو کەس و لایەنێکی پەیوەندیدار و نەپەیوەندیدار. خانی جارێک گلەیی دەباتە لای خودا، جارێک گلەیی لە سەردەستی و ستەمی تورک و ڕووم و عەجەم دەکا، دەمێک دەچێتە ناو خۆیەوە و دەکەوێتە کەڵکەڵە و خولیای ئازادییەوە، هەر لەوێدا لە تامەزرۆیی دەوڵەتی خۆماڵیدا خۆی دەلاوێنێتەوە. دەمێک تاوانی بندەستی گەلەکەی دەخاتە ئەستۆی نەبوونی سەرۆک و دەمێکی تر دەیخاتە ئۆباڵی بێتفاقی خەڵک و دەکەوێتە سەرکۆنەکردنی ئەم خەڵکە و... هتد. ئەم سایکۆلۆژییەتە کە خانی خەریکە ژیانی دەکا و سایکۆلۆژی زاڵی هەموو بندەستێکە بریتییە لە نەریتی ناڵەناڵ و لەبەر خۆوە گوتنەوەی ڕەوشی لە هەموو لاوە نالەباری خود. نەریتێکی دەروونی کە لەڕاستیدا هیچ نییە جگە لە وڕێنەی حاڵوڕۆژ و بارودۆخی پەرێشانی خود لە نەهامەتی بندەستیدا. مێژووی ئەدەب و بەتایبەت شێعری کوردی لانیکەم لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا لێوانلێوە لە ئەم جۆرە

وڕێنانە. وڕێنەکردن وەک کاردانەوەیەکی دەروونی بەشێکی نەبڕاوەیە لە کەسایەتی مرۆڤی بندەست. نموونەکانی ئەم وڕێنەیە کە لە ئەدەبی کوردیدا بە زەقی دیارن و دەبینرێن، بەشی خۆیان گوزارەن لە پڕڕەنگی و تۆخبوونی ئەم سایکۆلۆژییەتە لە ناخی مرۆڤی بندەستدا. بۆ وێنە یەکێ لە نموونە دیارەکانی نەریتی وڕێنەکردنی بارودۆخی بندەستی هۆزانی گەورە "شێرکۆ بێکەس"ـە. لەوانەیە ئەم قسەیە تۆزێ زێدەڕۆیی تێدا هەبێ، بەڵام بە بۆچوونی من بەشێ لە لووتکەکانی ئەدەبی کوردی ئەم سەدەیە ئەگەر ڕاستەوخۆ بەرهەمی ئەم نەریتە نەبن، لانیکەم بەشێکی گەورە لە داهێنانی ئەوان بەرهەمی ئەم نەریتەیە. بۆ وێنە ئەگەر ئەنفال و هەڵەبجە لە هەڵبەستی شێرکۆ بێکەس ڕابماڵین، بێ هیچ گومانێک ئەم هەڵبەستە نەتەنیا بەشێکی گەورە لە هەوێن و ئیلهامی خۆی، بەڵکوو بەشێ لە خودی خۆی لەدەست دەدا. هەر وەهایە سەبارەت بەو کەسایەتییە سیاسی و شۆڕشگێڕ و بلیمەت و ئەدیبانەی کە بە جۆرێ لە جۆرەکان پەیوەندیدارن بە دۆخی داگیربوون و بندەستی کوردەوە و

شێرکۆ بە فراوانی لە هەڵبەستی خۆیدا دەیانلاوێنێتەوە. بوارێکی گەورەی دیکەی ئەم نەریتی وڕێنەکردنەی ڕەوشی بندەستی هونەری دەنگبێژی و گۆرانی کوردییە. لەڕاستیدا بەشێکی بەرچاوی گۆرانی کوردی لە میانەی باسکردنی مەرگەساتەکان، گێڕانەوەی کارەساتەکان، لەقاودانی دڕندەیی نەیارەکان، شینگێڕانی شۆڕشڤان و قارەمانەکان، لاواندنەوەی مێرخاسان و پەسنی شۆڕشگێڕاندا وڕێنەی گۆشە جیاوازەکانی بارودۆخی بندەستییە. وەک کەمی پێشتر لە هێمای هەڵبەستی خانی دا ئاماژەم پێدا ئەم وڕێنانە هەموویان لە ڕەهەندی جیاوازی سایکۆلۆژییەوە تێن. بەشێکی گلەییکردنە لە چارەنووس و هەندێ جار گازندەیە لە لایەنی ستەمکار کە سەردەستە، بەشێکیان لاواندنەوەی خودە بۆ بەرگەگرتنی زیاتری کارەساتەکان، بڕێکیان خۆ دڵدانەوەیە لە چاوەڕوانی ڕزگاری یان لانیکەم ڕزگارکەرێک و... هتد. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لە هەموویانیشدا ناخودئاگایەکی شاراوە هەیە کە ئەرکی ئەو دەروونیکردنی ڕەوشی ژێردەستییە. هەر ئەمەشە کە زۆر جاران بە نائاگا دەبێتە بەشێک لە ڕاهاتن بە

ژیانی بندەستی و یەکێ لە هۆکار و هاوکار و هاندەرەکانی درێژەکێشانی ئەم ژیانە. خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە وڕێنەکانی بندەست ئەمەیە کە ئەم وڕێنانە گشت ڕەهەندە گەورە و بچووکەکان و گرنگ و ناگرنگەکانی ژیانی جڤاکی بندەست دەگرنەوە و ئەمە خۆی گوزارەیەکی ڕوونە لە ژیانکردنی ڕەوشێکی سایکۆلۆژیکی پەتی. گۆڕانی "واڕێ مە" تەنیا نموونەیەکە لەم سایکۆلۆژییەتە کە وەها دەڵێ: "وارێ مە، وارێ مە/ شوونا باڤ و کالێ مە/ ژ مە گرتن ب زۆردەستی/ کەسەک تونەبوو ل پشتا مە/ پەزێ مە، پەزێ مە/ دچەرییان ل زۆزانێن مە/ تالان کرن، گرتن، بردن/ ئاگر بەردان کۆنێ مە/ ژ مە گرتن ب زۆردەستی/ کەسەک تونەبوو ل پشتا مە".

لەڕاستیدا وڕێنەکردن سەبارەت بە بارودۆخی سەپێنراو چەندە نیشانەیەکی گەورە بێ لە نەپەژراندن و نەڕازیبوون بەو بارودۆخە، بە هەمان ڕادەش گوزارەیە لە بێدەسەڵاتییەکی ڕاستەقینە، یان لانیکەم دانپێدانانێکی سایکۆلۆژییە بە نەتوانکاری و بێدەسەڵاتی بەرانبەر بە ڕەوشی هەیی. بێگومان وڕێنەکردن تەنیا هۆکار نییە کە

دەبێتە هۆی دروستبوونی کەسایەتییەکی نارێک لە مرۆڤی بندەستدا، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشی خۆی باندۆری نەرێنی لەسەر کەسایەتی بندەست دادەنێ. بۆ وێنە وڕێنەکردن کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سڕبوون و ڕاهاتنی مرۆڤەکان. هەر لە ناڵەناڵێکی سادەوە بگرە، تاکوو تووڕەبوون، جنێودان، هەڕەشەکردن، لاواندنەوە و بەزەیی هاتن بە خۆدا، هەموو شێوازێکی وڕێنەکردن بەشێکە لە مێکانیزمێکی دەروونی مرۆڤ بە ئاراستەی خۆ خاڵیکردن، خۆ هێورکردنەوە و دامرکاندنی هەڵوکفی دەروونی و دواجار بە ڕادەیەکی زۆر دەروونیکردنی بارودۆخی هەیی وەک ژیانێکی ئاسایی. لە ڕەوتی ئەم دەروونیکردنەدا مرۆڤی بندەست ڕەنگە سەرەتا بە ڕووکردنە لایەنی سەردەست دەست بکا بە تووڕەبوون و هەڵچوون سەبارەت بەو. ئەم هەڵچوونە ئەگەر نەتوانێ هەر زوو دۆخەکە بگۆڕێ، ئیتر وردەوردە دەگۆڕێ بۆ داچوونێکی بێدەنگ کە تەنیا شتێکی لەدەست بێ گلەییکردن، پاڕانەوە یان بەزەیی هاوردنی خۆیەتی. بە درێژەکێشانی ئەم ڕەوشە ئمجا بە ناڵەکردن لە حاڵ و ڕۆژی

خۆی بەشێ لە سەرنجی خۆی لەسەر سەردەست وەردەگێڕێ بەرەو ڕەوشی داسەپاو وەک ڕاستییەکی ژیانی و چارەیەکی نووسراو. لەم بەینەشدا زۆر جاران خۆی دەکاتە تاوانباری ڕەوشی خۆی. لە کۆتاییشدا بە ژیانکردنی ئەم چارەنووسە نەگبەتییە ئیتر ڕۆدەچێتە نێو خۆیەوە و وەک نفرین لێکراوێک دەگاتە دۆخێکی سایکۆلۆژی بێزراو و بێزار لە خۆی. لە داهاتوودا باس لە هەردوو سایکۆلۆژییەتی خودتاوانباری و خودبێزاری دەکەین. بەکورتی وڕێنەکردن و گلەییکردن یەکێ لە مێکانیزمە دەروونییە هەمیشەیی و هەرە تۆخەکانی مرۆڤی بندەستە. ئامانجی سەرەکی ئەم گلەییکردن و وڕێنانەش بەگوێرەی تێڕوانینی بندەست و بارودۆخی بندەستی دەگۆڕێ. هەندێ جار گلەییکردنە لە خود، هەندێ جار لە سەردەست و هەندێ جاریش لە قەدەر و چارەنووس، خودا، فەلەک، زلهێزەکان و... بەگشتی بوونەوەرانێکی جیاواز لە دەرەوەی هەردوو جەمسەرەکەی پەیوەندی بندەستی ـ سەردەستی. بەڵام ئەوەی دیارە وڕێنەکردن جگە لە هێورکردنەوەیەکی دەروونی ناتوانێ ئەنجامێکی

ئەوتۆی بە ئاراستەی ڕاکردنی بندەستی لێ بکەوێتەوە، مەگەر بتوانێ تێکەڵ بە عەقڵانییەت بکرێ. بۆ وێنە گلەیی و ڕق لێبوون لە داگیرکەر ئەگەر ڕەهەندێکی عەقڵانی وەربگرێ، دەتوانێ ئاراستەیەک بەرەو ڕزگاری و ڕاکردنی بندەستی بدۆزێتەوە. یان بە هەمان شێوە گلەییکردن لە خود ئەگەر تێکەڵ بە عەقڵانییەت بکرێ و ببێتە نەریتی ڕەخنەگرتن لە خود، دەتوانێ ببێتە دەروازەیەک بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ناتەواوییانەی کە لە بندەستدا هەن و یارمەتیدەری درێژەکیشانی ڕەوشی بندەستین...

## بندەستی، بێزاری و خودبێزاری

ئەگەر لە بیرتان بێ لە پێشەکی ئەم نقیسارەدا گێڕامەوە کە کوژرانی هێمایەک لە هێماکانی سەردەستی چۆن دەتوانێ ببێتە مایەی خۆشحاڵی تەنانەت کەسانێک کە بە وردی ئاگایان لە بندەستبوونی خۆیان و ڕەهەندە تراژدیک و مەترسیدارە زۆر گەورەکانی ئەو بندەستییە نییە. من خۆم لە کاتی نووسینی ئەم نقیسارەدا بە بیستنی هەواڵی

سەکتەی ئەردۆغان لە میانەی بەرنامەیەکی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ چرکەیەک وەخت بوو لە خۆشیدا باڵ بگرمەوە. لەڕاستیدا بەشێکی بەرچاوی ئەم جۆرە ڕەفتارانە وەک لێکەوتەیەکی ئاسایی ڕەوشی بندەستبوون ڕواڵەتی بێزارییەکی دەروونی گەورەیە کە بندەستی ئاگادار بە بارودۆخی خۆی سەبارەت بە سەردەستەکەی دەتوانێ بینوێنێ. بە مانایەکی دیکە ئەم بێزارییە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە کاروەدانێکی سایکۆلۆژی بندەستە سەبارەت بە سەردەستەکەی خۆی. بێگومان چەندێتی و چۆنێتی ئەم بێزارییە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ چەندێتی ئاگاداربوون و چۆنێتی هەستپێکردن بە بندەستبوون هەیە. ئەگەرچی بەشێک لە بێزاربوون لە سەردەست دەتوانێ ئەنجام و لێکەوتەی بێزاربوون لە بندەستی بێ، بەڵام زۆر جار ئەم دوو جۆرە بێزارییە دوو سایکۆلۆژییەتی لەیەک جیاوازن کە تەنانەت دەتوانن جودا لە یەکتر و بەبێ یەکتریش بێنە ئاراوە. مرۆڤ ئەگەر وەک سەدەم و هۆکاری بندەستی چاو لە بوونەوەری سەردەست بکا، ئەوکات ئاراستەی ڕق و بێزارییەکەشی زیاتر بەرەو ڕووی

سەردەست دەڕوا و لەم دۆخەدا لانیکەم بوونەوەرێکی دەرەکی هەیە کە وەک هۆکاری هەم لۆژیکی و هەم غەریزی گرێی ڕق و بێزاری تەماشای بکرێ. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم ڕەنگە لە بێزاری، واتە سەردەستبێزاری ئاساییترین جۆری بێزارییە کە مرۆڤێکی بندەست دەشێ لە خۆی نیشانی بدا. ئەم بێزارییە هاندەر و پاڵنەرێکی ئەرێنی بندەستە بە ئاراستەی خۆ ڕزگارکردن و بەرەنگابوونەوە لەگەڵ سەردەست بە پلەی یەکەم و هەروەها لەگەڵ بندەستیدا بە پلەی دووەم. لەم سۆنگەیەوە بێزاری لە سەردەست هێزێکی دەروونی ئاواکەر و دژەستەمکارییە. ئەم بێزارییە ڕاستە بەشێک لە غەریزە یان واڕسکی خۆپارێزی و خوەستەکی ئازادی تێدا هەیە و لەم ڕوویەوە دەکرێ وەک پارچەیەک لە سایکۆلۆژی مرۆڤی بندەست دابنرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەهەندێکی گەورەتری عەقڵانی، واتە گەڕان بە شوێن ئازادیشی تێدایە، دەشێ زیاتر لە سایکۆلۆژییەت وەک عەقڵانییەت پێناسە بکرێ. تەڤگەری ڕزگاریخوازی کوردیشی تێدا، هەموو

بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی بندەست نموونە و وێنای دیار و بەرجەستەی ئەم عەقڵانییەتەن.

لایەنێکی دووەمی گرێی بێزاری لە ناخی بندەەستدا دەگەڕێتەوە بۆ بێزاربوون لە خودی بندەستی وەک دیاردە یان ڕەوشێکی ژیانی. لەم ڕەوشەدا لەجیاتی سەردەست، ئەمە خودی ڕەوشی بندەستییە کە لە سایکۆلۆژییەتی کەس یان جڤاتی بندەستدا وەکوو هۆکاری بەدبەختی و ژێردەستەیی ئەو بەرجەستە دەبێتەوە. بۆ وێنە کرێکارێک کە بێئاگایە لەمەی بەشێکی گەورەی کەماسییەکانی ژیانی ئەو ئەنجامی ڕاستەوخۆی مێتینگەری و مافخۆری خاوەنکارەکەیەتی، ئۆباڵی هەژاری و دەسکورتی خۆی لە دابینکردنی بژێوی ژیان دەبەستێتەوە بە خودی پیشەی کرێکارییەوە. لە ئەنجامدا ئەم کرێکارە لەلایەک بە هەمان ڕۆحییەتی باوەڕبوون بە چارەنووس کە لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەی پێکرا خۆی دەداتە دەست چارەنووسێک کە بە هەژاری بۆی نووسراوە، لەلایەکی تریشەوە ناچارە بە بێزاری لەگەڵ ئەم ژیانە بەئازارەدا هەڵبکا. سەرئەنجام ئەم بوونەوەرە کە لەباتی خاوەنکار لە کرێکاری بێزارە، ناچارە بە

ژیانکردنی چارەنووسێک کە گوایە پیشەی کرێکاری بۆی دروست کردووە و هۆکارە سەرەکییەکەش بەبێ کێشە ستەمکاری و سەردەستبوونی خۆی دەژی. میناکێکی جیاواز و ئەڵبەتە گەورەتر جڤاکی بندەستی کوردە. بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردی زیاتر لەوەی پێیان وابێ بەهۆی سەردەستی چەند دەوڵەت نەتەوەیەکی داگیرکەرەوە بندەستییەکی نەگبەتی دەژین، وا دەزانن ئەم بندەستییە چارەنووسێکی بۆماوەیی تایبەت بە کوردە و ئەم گەلەش ناچارە بە ژیانکردنی و هەموو پەژارەکانیشی ئەنجامێکی ئاسایی ئەم ژیانکردنە ناچارییەیە. باوەڕ ناکەم کوردێک هەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لەلایەن ڕۆشنبیرێ، سیاسییەک، شۆڕشگێڕێ، شاعیرێ، گۆرانیبێژی یان هەر کەسایەتییەکی دیکەوە گوزارەی "کورد هەزار ساڵە بندەستە"ی بە گوێدا نەدرابێ!. گوزارەیەکی بێمانا کە لە ناخی خۆیدا زیاتر لەوەی گوزارە لە ڕاستییەکی دیرۆکی بکا گوزارشت لە سایکۆلۆژییەتێک دەکا کە بەنیازە وەها نیشان بدا بندەستبوون لەمێژە هامزادێکی مۆتەکئاسای گەلی کوردە و هەر ئەم هامزادەشە کە هۆی سەرەکی و یەکەمی

بەدبەختی و چارەڕەشی ئەوە، نەک دەوڵەت نەتەوە داگیرکەرەکانی ئەم سەردەمە. هەر بۆیەشە کە ئەدەبیاتی سیاسی ئێمە هێندەی گلەیی لە سەردەستانی تێدایە، بە هەمان ڕادە و بگرە زیاتریش تژە گلەیی لە خودی دیاردەی بندەستییە. ئەم خەسڵەتە هەم لە سایکۆلۆژی تاک و هەم لە سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگەی کوردیدا بەردەوام لەسەر کارە بۆ ئەوەی یەکەم، بیسەلمێنێ کورد خۆی ئامادەیی بندەستبوونی تێدایە و داگیرکەران هەر ئەوەندەیان کردووە کە هاتوونەتە سەر خەڵکێکی خۆ ئامادەکردوو بۆ بندەستی و دووەم، ئەمە ڕۆحییەتی ژێردەستەیی کورد و نەریتی بندەستییە کە بووەتە مایەی نەگبەتی بۆ کورد، نەک دڕندەیی سەردەستەکان. لەلای ئەم سایکۆلۆژییەتە ئەوە کورد خۆیەتی کە دەنگ بە ئەردۆغان دەدا و دەیکا بە سەردەستی خۆی تا ئەویش بەسەر کورددا بێ و بیچەوسێنێتەوە. بەڵام قەت ئەمە بەرجەستە ناکاتەوە کە ئەم کوردە لە ماوەی سەدەیەکدا چی بەسەر هاتووە و چۆن لە کەسایەتییەکی ئاساییەوە گۆڕدراوە بۆ کەسایەتییەکی نارێک کە دەنگ بە ستەمکارەکەی خۆی

بدا. یان دەڵێت ئەمە کورد خۆی بوو کە چوو بۆ بەغدا و دیسان دەوڵەتی نوێی عێراقی دروست کردەوە تا دواتر داوای مافی ڕەوای خۆی لێ بکا و ئەویش هەر نەیداتێ. بەڵام قەت باسی ئەو ڕەوش و بارودۆخە ناکا کە کوردی باشووری ناچار بەم کارە کردووە. بەم شێوازەیە کە ڕووی بێزاری ئێمە لە سەردەستەوە دەگۆڕێ بۆ بندەستی وەک دیاردەیەک بەبێ هۆکاری دەرەکی. لێرە با لە کەوانەیەکدا بڵێم هێنانەوەی میناکی وەکوو دەنگدان بە ئەردۆغان یان دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقی هیچیان بە مانای پەسەندکردن یان بەڕاستزانینی ئەم کردەوانە نین، بەڵکوو تەنیا بە مەبەستی زیاتر ڕووتکردنەوەی ئەم سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە هێنراون کە لەنێو ئێمەدا هەیە. بە هەرحاڵ پڕ ئاشکرایە کە زۆرێک لە کورد زیاتر لەوەی ڕقیان لە داگیرکەر و سەردەستی خۆیان بێ، ڕقیان لە داگیربوون و ژێردەستەبوونی خۆیانە. بە گوتنێکی دی بندەستی وەک قەدەرێکی بێزارکەر زۆر زیاتر لە گەلان و دەوڵەتانی سەردەست لە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی مرۆڤی کورددا بەرجەستە و پڕڕەنگە. هەر ئەمەشە کە بۆ وێنە ئەوانەی

دەنگ بە ئەردۆغان دەدەن بە ئاشکرا باس لە ئاواتی ڕزگاربوونی کورد دەکەن. بە هەمان شێوە ئەو کوردانەش وا دەوڵەتی عێراقیان دروست کردەوە بە هەمان ڕاشکاوی نیازی خۆیان بۆ ڕزگارکردنی کورد لە بندەستی هاوار دەکرد...

پڕڕەنگبوون و بەرجەستەبوونی بندەستی وەک قەدەرێکی ژیانی دەتوانێ لەلای بندەست بگاتە ئاستێک کە بە تەواوەتی سەردەستەکەی وەک هۆکارێ لە هۆکارەکانی ڕەوشی نالەباری خۆی فەرامۆش بکا و لەجیاتی ئەوە تەنانەت تاوانی بندەستبوونی خۆی بخاتە ئەستۆی بەختی شووم و چارەی کوڵۆڵی خۆی یان هۆکارێکی تری بێجگە لە سەردەست. کرێکاری گریمانەیی میناکی پێشوو کاتێ ناتوانێ ڕەوشی نالەباری خۆی و خێزانەکەی سامان بدا، بەشێکی ستەمەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بە پارەیەکی کەمتر ئامادەن جێگەی بگرنەوە و کارەکەی لێ بستێنن. بە مانایەکی دیکە ئەوەی لە ناخی ئەم کرێکارەدا گەڵاڵە دەبێ بریتییە لە بێزاری لە ئەویترێکی جیا لە خاوەنکار. بێگومان بەشێکی گەورەی دیکەشی

دەبەستێتەوە بە خودی خۆیەوە. بۆ وێنە بەمەی کە نەتوانکار و نەزانە و ناتوانێ بژێوی ژیانی ماڵباتەکەی دابین بکا و لە ڕووی دەروونییەوە تاوانێکی گەورە دەخاتە ئەستۆی خۆی. هەر ئەمە دەبێتە هۆی سایکۆلۆژییەتی خودبێزاری. خودبێزاری ڕەنگە کوشندەترین ئەنجامی سایکۆلۆژییەتی فەرامۆشکردنی سەردەست بێ وەک بکەر و هۆکاری سەرەکی. کاتێ بندەست لایەنی سەردەست کە بکەری سەرەکی هاوکێشەکەیە فەرامۆش دەکا و خۆی بە بەشێ لە هۆکاری هاوکێشەکە دادەنێ، ئیتر دەکەوێتە سەرکۆنەکردنی خۆی و خودبێزاری بە هەموو ڕەنگەکانییەوە دایدەگرێ. با دیسان بێینەوە سەر میناکی کورد. کوردجگە لەمەی کە هەمیشە بەشێک لە تاوانی بندەستبوونی خۆی دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژاوایی و بەشێکی ڕقی خۆی لە داگیرکەران دەگوازێتەوە بۆ ڕق لەم زلهێزانە و بە مانایەکی تر بارگاوییە بە بێزاری لە ئەویدییەکی جگە لە سەردەست، هاوکات بارگاویشە بە ڕێژەیەکی فراوان لە خودبێزاری. ئەم بوونەوەرە بندەستە گەلێ جار لە وڕێنەکانیدا بندەستبونی خۆی بە کولۆڵی و

شوومی خۆیەوە گرێدەدا. هەر وەک ناسری ڕەزازی لە گۆرانییەکدا دەڵێ "کورد کوڵۆڵ و بێپەنایە،ناڵەی دەگاتە ئاسمان"، هونەر و ئەدەبی کوردی پڕە لەو گوزارانەی کە پێ لەسەر ئەم کوڵۆڵبوونە دادەگرن. خودبێزاری تەنیا ئەمە نییە تاک یان کۆمەڵگایەک ڕقی لە خۆی بێ و بکەوێتە بەر نەفرەتی خۆی، بەڵکوو سەرکۆنەکردن و لۆمەکردنی خودیش هەڵگری هەمان سایکۆلۆژییەتە. وەک لە سەرەوەش ئاماژەی پێدرا بەشێکی گەورە لە لۆمەکردنی خود ئەنجامی ئەمەیە کە بندەست خۆی بە تاوانباری ڕەوشی خۆی دەزانێ. کاتێ قانعی شاعیر دەڵێ "کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە ـ دوودڵن، پیسن لەگەڵ یەک، بۆیە وا بێلانەیە"، بە ئاشکرا دەیەوێ پەردە لەسەر ئەم خۆ بە تاوانبار زانین و خودبێزارییە لابدا. بە هەرحاڵ بێگومان سەردەستبێزاری دەتوانێ لە دەروونی بندەستدا ببێتە هەوێنی دژایەتیکردن و سەرهەڵدان دژ بە ئەو و هەر بۆیە هەڵگری ئاراستەیەکە بەرەو سەربەستی و ئازادی. بەڵام ربێزاربوون لە ئەوێکی تری دەرەوەی سەردەست وا لە دەکا بندەست ڕقی خۆی بگرێتە

ئامانجێکی هەڵە کە بکەرێکی سەرەکی نییە لە هاوکێشەی بندەستییەکەی ئەودا و هەر بۆیەش پێناچێ ئاراستەیەکی بەرەو ڕزگاربوونی تێدا هەبێ. لەحاڵێکدا کە خودبێزاری هۆکارێکی وێرانگەری بەهێزە کە ئاقارەکەی هەرچی زیاتر داتەپین و داکەوتنی سایکۆلۆژی بندەستە و هەر لەبەر ئەمەشە کە دەتوانێ ببێتە هۆکارێکی گرنگی بەردەوامبوونی بندەستی...

## بندەستی و خۆ تاوانباری

تاوانبارکردنیش هاوشێوەی بێزاری سایکۆلۆژییەتێکی دوولایەنەی دیکەیە کە بندەست لە ڕووی دەروونییەوە گەلێ جاران تووشی دەبێ. ئەم سایکۆلۆژییەتە لەو دۆخە دەروونییە هەرە ئاڵۆزەوە سەرچاوە دەگرێ کە بندەست بە دوای تێگەیشتن و وەڵامی ئەم پرسیارەدایە کە تاوانباری سەرەکی بندەستبوونی ئەو چییە یان کێیە؟. ئایا هەڵکەوت و بارودۆخ وای لێکردووە ببێتە بندەست، ئایا خۆی هۆکاری بندەستبوونی خۆیەتی، ئایا سەردەست ئەم بارودۆخەی بە

سەردا سەپاندووە، هۆی درێژەکێشانی ڕەوشی بندەستییەکەی چییە، ئایا هۆیەکی دەرەکی لە دەرەوەی پەیوەندی سەردەست ـ بندەست لەم پێشهاتەدا ڕۆڵ دەگێڕن و... هتد. هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێدراوە بێگومان بندەستێ کە بندەستبوونی خۆی وەک شێوەژیانێکی ئاسایی دەژی زۆر جار لە تێڕوانینێکی قەدەرگەرایانەوە چارەنووسی شوومی خۆی بە هۆکاری بندەستبوونەکەی دەزانێ و بە جۆرێک بەدبەختی و بندەستی خۆی دەبەستێتەوە بە چارەڕەشی و نەگبەتی خۆیەوە و لەم سۆنگەیەوە خۆی وەک تاوانبارێکی چارەی خۆی دەزانێ و لە دەروونەوە لەگەڵ خۆیدا وەک تاوانبارێک مامەڵە دەکا کە شایستەی سەرکۆنەکردنە. بوونەوەرێکی شووم کە ئەو چارە ڕەشەی کە لەگەڵ خۆیدا هێناویە بووەتە مایە بندەستبوونی و هەر بۆیە شیاوی هەموو جۆرە خۆ لۆمەکردنێکە. ئەمە لە ئاستی جڤاکیشدا دروستە و کۆمەڵگای بندەست زۆر جاران سۆسیۆلۆژییەکی پڕڕەنگ لە خۆ تاوانبارکردن ژیان دەکا. جڤاکی بندەست ئاگای لە بندەستی خۆی هەبێ یان نا،

هەمیشە جۆرێک لە خۆ تاوانبارکردن دەژی و بەو هۆیەشەوە هەمیشە سەبارەت بە خۆی لە تووڕەبوونێکی دەروونی قووڵدایە و لەڕاستیدا ئەو خودبێزارییەش کە پێشتر باسمان کرد بەشێک لێی ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی بندەستە لە خۆی وەک تاوانبار. بەشێکی دیکەی سایکۆلۆژییەتی خۆ تاوانبارکردن لە ئەنجامی بێدەسەڵاتی و بێهێزی دێتە ئاراوە. بندەستی هەستکردوو بە بندەستبوونی خۆی کاتێ توانای تۆڵەکردنەوەی لە سەردەست نییە یان کاتێ ناتوانێ خۆی لە ژێردەستی ڕزگار بکا، بۆ دۆزینەوەی بەشێک لە هۆکارەکانی ئەم نەتوانکاری و ناتەواوییە گەلێ جار ڕوو دەکاتە خودی خۆی و لە خۆیدا بە شوێن ناتەواوییەکاندا دەگەڕێ و بێگومان زۆر جارانیش بەشێک لەوانە هەر لەنێو خۆیدا دەدۆزێتەوە. بێگومان بەشێکی سێیەمی سایکۆلۆژییەتی تاوانبارکردنی خود لەم ڕوویەوە کە ڕەنگدانەوەی لێکەوتە و پێشهاتە ڕاسکانییەکانە سایکۆلۆژییەتێکی سروشتییە. وەک میناک دەکرێ بندەستێک بەم بڕوایە بگات کە هەڵەکردنی خۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی بندەستبوونی ئەو و هەر بۆیە بە

دروستی بەشێ لە تاوانی بارودۆخەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی. نموونەی هەرە دیاری لەنێو کورددا دیاردەی جاشایەتی و بوونەوەری جاشە کە هەمیشە دەسپێچک و پاساوێکی پڕڕەنگ بووە بۆ خۆ تاوانبارکردن و خۆ لۆمەکردنی کورد. جاشایەتی و بەگشتی خزمەتکردنی سەردەست و کارکردن بە ئاراستەی پاراستنی سەروەری ئەو لەلایەن بەشێکی کۆمەڵگاوە نەخۆشییەکی ڕاسکانی و ڕاستەقینەی جڤاکی بندەستە و بە دروستی لەلایەن ئەو بەشەی کۆمەڵگاوە کە دژی بندەستی خۆی هەڵوێست دەگرێ شیاوی تاوانبارکردنە. لەڕاستیشدا بەگشتی بە لەبەرچاوگرتنی نارێکییەکانی خود مێکانیزمی خۆ تاوانبارزانین وەک بەشێک لە سایکۆلۆژی بندەستی تا ڕادەیەک ئاسایی دەنوێنێ و دەکرێ مرۆڤ لە تێڕوانینیدا بۆ دۆخی بنکەوتنی خۆی و بەتایبەت لەو کاتانەدا کە عەقڵانی دەڕوانێتە پرسەکە بەشێ لە تاوانەکە بخاتە ئەستۆی نارێکبوونی خۆی.

ئەگەر لەم لایەنە گەڕێین لێرەدا کە باس لە خۆ تاوانبارکردن دەکەم، زیاتر لەو تاوانبارکردنەی کە لێکەوتەی پێشهاتە

ڕاسکانییەکانە مەبەستم ئەو خوازە دەروونییەیە کە حەز دەکا هەمیشە خۆی وەک بەشێ لە هۆکارەکانی بندەستی پێناسە بکا. هەروەها مەبەستیشم تەنیا ئەمە نییە کە بندەست بە ئاشکرا تاوانباربوونی خۆی هاوار بکا، بەڵکوو مەبەستم ئەو سایکۆلۆژی و مێکانیزمە دەروونییەیە کە بەئاگا یان نائاگا خۆی بە بەشێ لە هۆکار یان هاوکارەکانی بندەستی دەزانی. یان بە مانایەکی دی ئەو مێکانیزمە دەروونییەیە کە وا لە بندەست دەکا لە ناخەوە خۆی مینا هۆکارێ لە هۆکارەکانی دۆخەکەی خۆی بێتە بەرچاو یان بە گوتنێکی دی زیاتر لە هەر چشتێکی دیکە کەموکۆڕییەکانی خۆی بەرجەستە و تۆخ بکاتەوە تا بارودۆخی بندەستبوونی خۆی زیاتر لە هەر هۆکارێکی دیکە بەو کەماسییانەوە گرێبدا. بۆ وێنە لە تێکڕای کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوینی کە سەبارەت بە ڕۆژاوا لە ئاستی تاک و جڤاکدا بندەستبوونێکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی ئاشکرا دەژی پێم وا نییە کەسێک هەبێ بەشێکی گەورەی تاوانی بارودۆخی هەیی لەم ناوچەیە نەخاتە ئەستۆی خەڵکانی خودی ئەم دەڤەرە. ئەگەر لە میناکی گشتی گەڕێین و لە

نزیکەوە بڕوانینە خۆمان، بە ئاسانی دەتوانین تێبگەین کۆمەڵگەی بندەستی کورد یەکێ لەو میناکانەیە کە لە سۆسیۆلۆژی خۆیدا بە تۆخی خۆی بە تاوانبار دەزانێ. یەکێ لە وێناکانی ئەم سایکۆلۆژییەتە هەبوونی هەناسەی بەرجەستەکردن و بە ڕژدی پڕڕنگکردنەوەی کوردبووونی ئەو کوردانەیە کە لە بوارێکدا خزمەت بە سەردەستانی کوردستان دەکەن. بەرجەستەکردنی کوردانی خزمەتکاری داگیرکەران بە شێوازێکی ناسروشتی لە ناخی خۆیدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە خواستی خۆ تاوانبارزانینی تێدایە. کاتێ میدیای کوردیشی تێدا، بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای کوردی کوردبوونی کەسێکی وەکوو هاکان فیدان هاوار دەکەن و دەیکەنە ڕۆژەڤێکی گەورە، زۆر زیاتر لەوەی مەبەستیان بێ بڵێن کوردێک لە تورکیا بوو بە وەزیری دەرەوە، لە ناخودئاگای خۆیاندا دەیانەوێ پێ لەسەر ئەمە دابگرن کە لە کەسایەتی ئەم مرۆڤە نارێکەدا بەشێکی گەورە لە هۆکارەکانی ئەو ستەمەی لە کورد دەکرێ دەگەڕێتەوە بۆ کورد خۆی و پێشینان گوتەنی "دار کرمی لە خۆی نەبێ هەزار ساڵ دەژی". لەڕاستیدا ئەم پەندە و

هاوواتاکانی دیکەی وەکوو "دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقەڵشێ" کە لەنێو کورددا زۆر بەکار دەبرێن چەندە مەبەست و نیاز و ڕۆحێک لە لۆمەکردنیان تێدا بەدی دەکرێ، بە دیوێکی تردا گوزارە لە هەبوونی سایکۆلۆژییەتێکی خۆ تاوانبارکردن لەنێو ئەم جڤاکەدا دەکەن. ئەم سایکۆلۆژییەتە بەگشتی لە فەزای جڤاکی، سیاسی و تەنانەت ڕۆشنبیری ئێمەشدا بە تۆخی ژیان دەکرێ و کورد دەیان ئەوەندەی تاوانبارکردنی داگیرکەران خودی خۆی و بەتایبەت هێزە سیاسییەکانی خۆی بە تاوانبار دەزانێ. ئەدەبیاتی ئێمە پڕاوپڕە لەم تاوانبارزانینە. نووسەرانی ئێمە زۆر زۆر زیاتر لەوەی بەسەر دژمنان و داگیرکەرانی کوردستاندا بڕۆن، لە سۆنگەی تاوانبارکردنەوە سەرکردە و پارتە سیاسییە کوردییەکان ڕەخنە دەکەن. ئەم خۆ وەک تاوانکار و تاوانباری دۆخی بندەستی سەیرکردنە ئەم پاساوە سایکۆلۆژی و باوەڕە دەروونییە بۆ مرۆڤی بندەست دروست دەکات کە ئەمە من خۆمم کە ئامادەیی بندەستیم تێدایە و خۆمم کە دەستم لە بندەستبوونی خۆمدا هەیە. لەم ڕوویەوە

تاوانبارکردنی خود وەک هۆکار و هاوکاری بندەستی وا دەکا بندەستبوونەکەی وەک ڕەوتێکی ئاسایی بێتە بەرچاو. چۆنکە دواجار مرۆڤ هەموو شتێکی خۆی لەلا ئاساییە... .

قەینا تۆزێ لە مژارە سەرەکییەکە دوور دەکەوینەوە، بەڵام لە کۆتایی ئەم بەشەدا با بگەڕێمەوە سەر زاراوەی "ناسروشتی" کە کەمێ پێشتر بۆ پێناسەی کردەی "بەرجەستەکردنی کوردانی خزمەتکاری داگیرکەران" بەکارمهێنا و تۆزێ ڕوونی بکەمەوە ئەم کارە چۆن و بۆچی ناسروشتییە. بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤ بە شێوازێکە کە لە مێکانیزمی دەروونیدا هەرکات باس لە خزمێکی نارێکی دەکرێ، ناوی هاوڕێیەکی بەدکاری دەهێنرێ، یان ئاماژە بە هاوشارییەکی بەدناوی دەکرێ، هەوڵدەدا خۆی لێ نەوان و نەناس نیشان بدا و ئەگەر فرەیش ناچار بکرێ بە گوتەی وەک "هەر لە دوورەوە دەیناسم" یان "تەنیا خزمایەتی دوورمان پێکەوە هەیە" یان "دەیناسم، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵیدا نییە" و... هتد دەکۆشێ خۆی لێ بێبەری نیشان بدا و بڵێ ئەو کەسە لە

من نییە یان پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە منەوە نییە و بەکورتی خۆی لێ بە خاوەن ناکا. ئەم سایکۆلۆژییەتە لە ئاستی سۆسیۆلۆژی، واتە لە ئاستی جڤاتیشدا هەر وایە. هیچ ماڵباتێ پێی خۆش نییە خەڵک بە کۆڕە نارێکەکەیانەوە بیانناسن، هیچ عەشیرەتێ بە ئاشکرا خۆی ناکا بە خاوەن کەسە بەدناوەکانی خۆی و هەروەها لە ئاستی نەتەوەشدا وایە و گەلانی جیهانیش لە ناوهاوردنی کەسایەتییە نارێکەکانی خۆیان شەرم دەکەن و هەوڵی شاردنەوەیان دەدەن و تەنانەت لەوانەشە بە جۆرێ لە جۆرەکان حاشایان لێ بکەن. بۆ وێنە ئەمڕۆ ئەو فارسانەی حەز بە خومێنی ناکەن هەر حاشا لە ئێرانیبوونی دەکەن و وەک هیندی دەیناسێنن. هەروەها زۆرێک لە ئاخوندەکان وەک عێراقی دەناسێنن لەحاڵێکدا بە ئاشکرا لە خۆیانن و ڕەگ و ڕەتەوەیان فارسە. بەڵام لەلای ئێمەی کورد پێچەوانەیە و کۆمەڵگای بندەستی کورد بەردەوام کوردبوونی ئەو کوردانە پڕڕەنگ دەکاتەوە کە خزمەتی سەردەستان دەکەن، جاش و داردەستی داگیرکەرن و بەگشتی سەبارەت بە نەتەوەی خۆیان کەسانێکی نارێک و نەشیاون.

ئەم گەلە بۆ نارێککردنی خۆی لەڕێگەی گەورەکردنی ئەندامە نارێکەکانی خۆیەوە تەنیا کوردبوونی سەلیم بەرەکات گەورە ناکاتەوە کە خزمەت بە زمانی سەردەست دەکا، تەنیا کوردبوونی ئیبراهیم تاتلیسەز بەرجەستە ناکاتەوە کە جگە لە خزمەتکردن بە سەردەست نکۆڵی لە کوردبوونی خۆشی دەکا، تەنیا بانگەشەی کوردبوونی هاکان فیدان ناکا کە خۆسەر لەمەی بە ڕەچەڵەک کورد بێ یان نا خۆی یەکێکە لە گەورەترین جەلادەکانی دژەکورد، تەنیا بانگەشەی ئەمە ناکا باوک و دایکی عەبدولکەریم قاسم لە کوردانی فەیلین، تەنانەت بە ئەمانەشەوە ناوەستێ و بانگەشەی کوردبوونی یەکێ لە باوکەکانی فارشیزم، واتە ڕەزاخانیش دەکا کە من خۆم لە زمانی کەسێکی گەورەی وەک ناسری ڕەزازی بیستوومە!!. لەحاڵێکدا وەک لە سەرەوەش ئاماژەی پێکرا مرۆڤی ئاسایی بەگشتی هەوڵی شاردنەوە و پەنکوێرکردنی خزم و وابەستە نارێکەکانی خۆی دەدات. ئەمە ئەو دیاردە "ناسروشتی"یەیە کە وەک یەکێ لە وێنا گەورەکانی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی "خۆ بە تاوانبار زانین" لەنێو

کورددا بە فراوانی دەبینرێ و لێرە دەبوو باسی بکەم و بە سەریدا تێنەپەڕم.

## بندەستی و خودکەمبینی

لە یەکێ لە بەشەکانی پێشووتردا لە زمانی حاجی قادرەوە باسمان لە سایکۆلۆژییەتێ کرد کە بە شێوازێ زمانی سەردەستی فارسی بە پێوەر دەزانێ کە پێی وایە گەیاندنی شەرع و ئایەتی قورئان بە کورد هەر دەبێ لە ڕێگەی ئەو زمانە باڵا و سەردەستەوە بێ. هەر وەک لەوێشدا ئاماژەی پێکرا ئەم بەپێوەرکردنەی سەردەست دیوی دووەمی سایکۆلۆژییەتێکی ترە کە ئەویش بریتییە لە خۆ بەکەمزانین. ئاڵایە بە شێوەیەکی نزیک لە ڕەها هەموو جۆرە بندەستییەک هەڵگرێ ڕادەیەکی بەرچاوە لە خودکەمبینی. لەڕاستیشدا هەر ئەمەی کە مرۆڤ دەبێتە ژێردەستی کەسێکی دیکە خۆی نیشانەی جۆرێکە لە ناتەواوی و کەمبوون. بەڵام زۆر جاران ئەم کەمبوونە لە کەسایەتی و سایکۆلۆژی مرۆڤی بندەستدا بە جۆرێ ڕەنگ

دەداتەوە کە ئیتر بە هەست یان بە نەست، بەئاگا یان نائاگا هاوکاتی بەگەورەزانینی سەردەستەکەی خۆی، خۆشی لەلا بچووکتر دێتە بەرچاو. بۆ وێنە کاتێ وەفایی دەڵێ: "ئەمن کورد و دڵ ئوفتادە، ئەتۆ شۆخ و عەرەب زادە ـ مەگەر بمرم بە بەختی خۆم دەمێکی هەمزمانت بم"، لە کەسایەتی دڵدارە ڕاسکانی یان خەیاڵییەکەی خۆیدا بە ئاشکرا وەکوو بوونەوەرێکی باڵا سەیری سەردەست دەکا و هاوکات خۆشی بە نزم و نەوی دەزانێ. لە نموونەی تردا سافی هیرانی کاتێ دەڵێ: "خۆی کوردییە سافی، لە هەوای عیشقی تۆ ئێستێ ـ کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی بووە ئەشعار"، بە ئاشکرا پەردە لەسەر پێوانەبوونی سەردەست لەلای ئەمی بندەست لادەدا. یان کە نالی دەڵێ: "کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆکردییە ـ هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا"، یان ڕاستەوخۆ گوزارشت لە هەبوونی ڕۆحییەتی بەکەمزانینی زمانی کوردی لەنێو خەڵکی سەردەمی خۆیدا دەکا، یان ناڕاستەوخۆ خەریکە نامتمانەیی خۆی بە شێعری خۆی دەردەبڕێ بەهۆی ئەوەی کە بە کوردی دەنووسێ...

بەداخەوە لە ئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە گوزارەکردنانە لە خۆ بەکەمزانین نەتەنیا کەم نین، بەڵکوو هێندە بەرچاون کە گوزارشت لە هەبوونی هەست و نەستێکی قووڵ لەم بوارە لەنێو کورددا دەکەن. کاتێ کەسێکی وەک هەژار لە پێگەی شانازیکردن بە خۆوە تانە لە بەرانبەرەکەی دەدا کە "کە تۆ دەرپێت فڕێدا و چاکەتی چاکت دەبەر خۆ کرد ـ ئەمن شەرمم بە خۆ و شاییم بە خۆمە، جلشڕ و کوردم"، نەستێکی قووڵ خەریکە پاڵی پێوە دەنێ کە کوردبوون و جلشڕبوون لەیەک دوور و جیا نین. قانع لە هەڵبەستی "خاتوو شەیتان لە خەودا" ڕواڵەتێکی ڕووتتر لە ئەم هەست یان نەستە دەردەخا، کاتێ لە زمان شەیتانی نێو خەوەکەیەوە بە خۆی دەڵێ: "نە ڕندی نە قەلەندەری، نە فارسی نە بەربەری ـ کوردێکی پڕدەردیسەری، بێقیمەتی وەک تووری تەڕ!". ئەم هاتنەبەرچاوەی خود وەک بوونەوەرێکی بێقیمەت و بچووک وا لە بندەست دەکا هەمیشە لە دۆخی هەییدا بمێنێتەوە و پێی وابێ هێزی ڕاکردنی بندەستی تێدا نییە و هیچی لەم دۆخە پێ ناگۆڕدرێ. لە ئەنجامدا خودکەمبینی دەتوانێ وەک

ڕێگرێکی سایکۆلۆژی له بەردەم هەرجۆره تێکۆشانێکی دژەبندەستیدا ڕۆڵ بگێڕێ و ببێته هۆکارێکی تر له هۆکاره هاندەرەکانی مانەوه له دۆخی بندەستیدا. بێگومان ئەم ڕێگره سایکۆلۆژییه تەنیا تووشی خودئاگا یان ناخودئاگای مرۆڤی بندەست نابێ، بەڵکوو زۆر جاران به جۆرێ عەقڵانییەتیش دوچاری خۆی دەکا که بندەست ئیتر له بیرکردنەوەشدا بەم گومانه دەگات که "چیم پێ دەکرێ؟!"، یان لەمه خراپتر، بەم تێگەیشتنه دەگا که"هیچم پێ ناکرێ، من هەر ئەمەم!". بۆ وێنه ئەگەر له نموونەی کورددا شەقامی ڕۆشنبیری وەک هێما و لووتکەی عەقڵانییەت به میناک بگرین، دۆزێنەوەی عەقڵانییەتی وەیلانی "چیمان پێ دەکرێ"، یان به دیوەکەی تریدا عەقڵانییەتی ناچالاک و پاسیڤی "هیچمان پێ ناکرێ" لەنێو ڕۆشنبیرانی کورددا کارێکی زۆر سەخت و ئەستەم نییه که ئەمه خۆی وێنایەکی ڕوون و ڕۆشنه له خودکەمبینی. وەک پێشتر له پرتووکی "هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی"شدا ئاماژەم پێکردووه، ئەمه شتێکی شاراوه نییه که جگه له ئۆجالان تا ئێستا هیچ ڕۆشنبیرێکی کوردی

هیچ خوێندنەوەیەکی هزری بۆ پرسگرێکی بندەستبوونی کورد پێ نەبووە، هیچ بیردۆزییەکی زانستی بۆ ڕاکردنی ئەم دۆزە دانەهێناوە و هیچ نەخشەڕێیەکیشی بۆ چارەسەرکردنی دانەڕشتووە. ئەم سایکۆلۆژییەتە کە تەنیا تایبەت نییە بە چینی ڕۆشنبیران، گوزارەیەکی ڕۆشنە لە دروستبوونی مەیلێکی پڕڕەنگی مانەوە لە دۆخی ئێستاییدا کە نیشانەی خودکەمبینی و باوەڕنەبوونێکی گەورەیە بە خود یان لانیکەم نیشانەی هەبوونی جۆرێکە لە دەستەوەستانی بندەست سەبارەت بە بارودۆخی بندەستی. ڕۆشنبیرانی کورد و بە شێوازێکی زۆر تایبەت و ناوازە ڕۆشنبیرانی باشوور تەنیا هەر ئەمە نییە خۆیان بەراورد بە هاوشێوەکانی خۆیان لەنێو گەلانی سەردەستدا بە کەم و بچووک ببینن، بەڵکوو بە پێداگرییەکی زۆریشەوە هەمیشە ویستوویانە بیسەلمێنن کورد بەگشتی لەم گەلانە نزمتر و دواکەوتووترە. من لێرەدا تەنیا ڕستەیەکی مەریوان وریا قانع وە نموونەیەک لە هەزاران دێنمەوە. ئەو دەڵێ: "هەموو کورد خەریکی هێگل بێت، یەک ڕستە زیاد ناکات بۆ سەر گشت ئەو شرۆڤانەی لە خۆرئاوا لەسەر

هێگل هەیە". بە بۆچوونی من تەنیا ئەم ڕستەیە بەسە بۆ ئەوەی لە ئاستی نەخۆشی خودکەمبینی لەنێو ڕۆشنبیرانی کورددا تێبگەین. نەخۆشییەک کە تەنانەت خودکەمبینیشی دەرباز کردووە و چووەتە قۆناخێکەوە کە ئیتر دەبێ ناوی بنێین "خۆ کەمکردنەوە". بەڕاستی نازانم زانیارییەکانم بەشی ئەمە دەکات یان نا و نایشزانم چەندە مافی ئەمەم هەیە کە ئەم قسەیە دەکەم، بەڵام بەگوێرەی ئەو تۆزە خوێندنەوە و گوێڕاهێشتنەی کە لە ڕۆشنبیرانی باشوور هەمە پێم وایە "خۆ کەمکردن"ی کورد یەکێکە لە کارکردە سەرەکییەکانی ئەم چینە لەنێو جڤاکی کوردیدا!.

خۆ بەکەمزانین کاتێ دەکەوێتە پاڵ سایکۆلۆژییەتی بەپێوەردانانی سەردەست، ڕوویەکی وێرانکەری دیکەی خۆی بەسەر بندەستدا دەسەپێنێ. بندەست لە هەمان کاتدا کە خۆی بە کەم و ناتەواو دەزانێ، لە لایەکی ترەوە وەکوو پیڤانێکی تەواو تەماشای سەردەستەکەی دەکا. ئەمەش وا دەکات بەراورد بە ڕەفتارەکانی لایەنی سەردەست کە بە ئاسایی دەیانزانێ، هەموو جووڵەیەکی خۆی وەک ڕەفتارێکی نائاسایی بێتە بەرچاو. بە شێوازێ کە

لە سایکۆلۆژییەتێکی سەیردا نارێکییەکانی خۆی لەلا گەورەتر دێنە بەرچاو و بە پێچەوانەشەوە نارێکییەکانی سەردەستەکەی بە بچووک و ناگرنگ دەبینێ. تەنانەت زۆر جاران حەزێکی دەروونی پاڵی پێوە دەنێ تا ئەوەی نارێکییە بیخاتە پاڵ خۆی و بە پێچەوانەشەوەە بەرانبەردا هەموو نارێکییەکانی سەردەستەکەی خۆی کورمانج گوتەنی "ژ نەدیتی ڤە تێ". با ئاماژە بە نموونەیەکی سادە و بەڵام بەرچاو بکەم. وەک دەزانین ئاخوند وەک بوونەوەرێکی بەهێز و کاریگەری جڤاکی لەنێو ئێراندا بە ڕێژەیەکی زۆر هەڵقوڵاو و هێما و فیگۆرێکی سەرەکی فەرهەنگی سۆسیال شۆڤینیزمی فارسییە و نوێنەرایەتی بەشێکی گەورە لە نەریتی فارس دەکات، بە جۆرێ کە دەتوانین مێژووی لانیکەم سەدەی ڕابردووی ئەم نەریتە وەک سەردەمی ئاخوندیزم ناودێر بکەین. لەم سەردەمەدا هەر لە "یا عەلی گوتنی خامنەیی لەکاتی دەرهاتن لە سکی دایکی"یەوە بگرە تا "گەڕانەوەی خۆر بە فەرمانی عەلی بۆ ئەوەی پەیامبەر نوێژی سەروەختی عەسر بخوێنێ"، هەتا "قسەکردنی ئیمامەکان لەگەڵ ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان"،

تاکوو "مژدەی هاتنی کۆماری ئیسلامی بە پەیامبەر لەلایەن جبرەئیلەوە"، هەتا "بەکارهێنانی لاقی خۆی لەجیاتی چیلک لەلایەن سەلمانی فارسییەوە بۆ گەرمکردنی مەنجەڵی چێشت"، تاکوو "بەستنەوەی ناوی شاری قوم بە کەشتییەکەی نووح" و... هتد، مژارێک نەماوە ئەم بوونەوەرە درۆ و دەلەسەی پێکەنۆک و گاڵتەئامێزی لەسەر نەکردبێ. بەڵام من زۆر زۆر بەدەگمەن بینیومە گەلانی بندەست لە ئێران نارێکییەکانی ئەم چینە گەورەیە وەک نارێکییەکی نەتەوەی سەردەستی فارس وێنا و هەژمار بکەن، بەڵکوو تەنیا و تەنیا وەک نارێکی تاکەکەسی فڵانە و فیسارە ئاخوند سەیری دەکەن و دەیگێڕنەوە. ئەمە لەحاڵێکدا هەر لەم ئێرانەدا هەر تاکێکی سەر بە هەرکام لە گەلانی بندەست بچووکترین هەڵە و نارێکییەک بنوێنێ، هەر لەلایەن خودی بندەستانەوە یەکسەر لەسەر نەتەوەکەی دەکرێ بە تاپۆ و ئەمجا دەکرێتە هەوێنی گاڵتە و سووکایەتی پێکردن بەو نەتەوەیە!... . بە هەرحاڵ ئەم ڕەنگە لە دەرکەوتن و جێگیربوونی سەردەست وەکوو بوونەوەرێکی باڵا لە خەیاڵ و تێڕوانینی مرۆڤی بندەستدا

دیاردەیەکە نەتەنیا بە ئاسانی لە تێڕوانینی ئەودا کاڵ نابێتەوە، بەڵکوو زۆر جاران وردەوردە بە جۆرێ لە نەست و ناخودئاگای ئەودا جێگیر دەبێ کە تەنانەت لە هەر شوێن و کاتێکیشدا بیهەوێ خۆی بەرز بکاتەوە و نرخێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، دیسان خۆی هەر بە ئەو دەپێوێ و خۆی بە ئەو بەراورد دەکاتەوە. کاتێ خانای قوبادی دەڵێ "ڕاسەن مەواچان فارسی شەکەرەن - کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن"، بە ئاشکرا خەریکە گوزارە لە هەبوونی ئەم جۆرە ناخ و نەستێک لە دەروونی مرۆڤی بندەستی کورددا دەکات. سایکۆلۆژییەتێ کە هەمیشە بندەست لە سێبەری سەردەستەکەیدا دەهێڵێتەوە. کاتێ تەمکینی کرماشانی دەڵێ "حافز کوردی زوانم، شێعر من بورهانمە ـ شار کرماشان عەزیزم کەم لە شیرازم نییە"، ئەویش دیسان خەریکە بە هەمان هەناسەی خانای قوبادی دەدوێ...

سەیر لەمەدایە کە ڕێک بە هەمان هەناسە کە بندەست سەیری سەردەست دەکا و دەیهەوێ لە خۆی گەورەتری نیشان بدا، سەردەستیش بەردەوام بە جۆرێ لەبەر چاوی

بندەستەکەیدا خەریکی گەورەکردن و بەرجەستەکردنی خۆیەتی وەک ئەوەی نەیهەوێ هیچ دەرفەتێک بە بندەست بدا ئەویش تۆزێ تەماشای خۆی بکا و لە خۆی ڕابمێنێ، نەبادا شتێکی گەورە لە خۆیدا بدۆزێتەوە. ئەم خۆ گەورەکردنەی سەردەست تەنانەت لە بچووکترین شتەکانیشدا لەلایەن ئەوەوە بەرجەستە دەکرێتەوە. لەم ڕۆژانەدا دیمانەیەکم لەگەڵ زانایەکی فارسی "ناسا"دا بینی. کابرا کاتێ لەماڵەکەی خۆیدا وێنەیەکی پیشانی پێشکەشکارەکە دا و گوتی ئەمە وێنەی ئەو "هەسارۆک"ـەیە کە بە ناوی منەوە ناونراوە، خانمی پێشکەشکار یەکسەر قسەکەی پێ بڕی و گوتی بۆ دەڵێی "هەسارۆک"، ئەوە خۆ هەسارەیەکی گەورەیە؟!!. یانی لە سایکۆلۆژییەتی خۆیدا بە ئاشکرا دەیویست بە بەکارهێنانی پەیڤی هەسارە لەباتی هەسارۆک ڕووداوەکە و کەسەکەش گەورەتر نیشان بدا. ئەم ڕەفتارە سایکۆلۆژییە کە لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا بە تۆخی ژیان دەکرێ و ڕێکتر وایە وەک ڕەفتارێکی سۆسیۆلۆژی پێناسەی بکەین میناکێکی تاقانە نییە و کەمتر لە ٢٤ ساعەت تەماشاکردنی

تەلەڤزیۆنە فارسییەکان یان مانگێک چاوخشاندن بە کتێبەکانی پەروەردەی ئەم وڵاتە هەر لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە تا بەرزترین قۆناخەکانی زانکۆ بۆ هەستکردن و پەیبردن بەم سۆسیۆلۆژییە بەسە. بێگومان ئەم خۆ گەورەکردنە لەلایەن بندەستەوە زۆر زیاترە لە ڕەفتارێکی ئاسایی وەک باییبون و ڕەگێکی قووڵتری هەیە کە بریتییە لە شۆڤینیزم.

لە کۆتاییدا با شتێکی گرنگ لەبیر نەکەین. من کەمێ پێشتر ئاماژەم پێکرد کە دەرکەوتنی سەردەست وەک بوونەوەرێکی باڵا لە تێڕوانینی بندەستدا هەمیشە لایەنێکی ناخودئاگای هەیە کە ڕەنگە بەبێ هیچ هەستپێکردنێ لە نەستی ئەودا جێی خۆی بکاتەوە و لە ناخیدا بچەسپێ. بێگومان ئەم نەستە بە دیوەکەی تریشدا، واتە بە دیوی خودکەمبینی یان تێڕوانین لە خۆ وەک بوونەوەرێکی نزم و نەوی زۆر زیاتر و تۆختر لەسەر سایکۆلۆژییەتی بندەست کار دەکا و بە شێوازێکی پڕڕەنگتر لەوەی پێشوو لە هەڵسوکەوتی ئەودا ڕەنگ دەداتەوە. بۆ وێنە ئێمەیەک کە ڕەنگە بە پێشکەشکردنی

پێڵاوێکی کارکردە لەلایەن دۆستێکەوە قەڵس ببین و ئەو کارە وەک سووکایەتی پێکردن لێکبدەینەوە، کەچی ئامادەین پێڵاوی کارکردەی کابرای ئەوروپی بە پارەیەکی زۆر زیاتر لە نرخی خۆی بکڕین و پۆزیشی پێوە بدەین کە گوایە پێڵاوی ئەوروپیمان لە پێدایە. ئەمە ئەو نەستە خەتەرناکەیە کە بندەست لە کەمبینینی خۆی و بەرزدانانی سەردەستەکەیدا ژیانی دەکا. با نموونەیەکی تری خۆماڵی جیاواز لەم سایکۆلۆژییەتە بێنمەوە کە هێندە سەرنجی خۆمی ڕاکێشاوە کە پێم وایە لەنێو کورددا زۆر گشتگیرە.
لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو دیمانانەی کە لەگەڵ ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، نووسەران، شاعیران، سیاسەتمەداران و هتددا سەبارەت بە بوارە پسپۆڕییەکانی ئەوان ئەنجام دەدرێن، کەمتر دیمانەیەک دەدۆزرێنەوە کە پرسیاری لەم شێوازانە نەکرێن: "ئایا خەتای هونەرمەندی کورد نییە کە خەڵک پەنا دەباتە بەر هونەرمەندانی بێگانە؟"، "ئایا کورد هەر سینەمای هەیە؟"، "ئایا ئێمە لە فەرهەنگی کونسێرت تێدەگەین؟"، "دەتوانین بڵێین ئێمە ڕاگەیاندنی پرۆفێشناڵ و پسپۆڕمان

هەیە؟"، "بۆ سیاسەتی کوردی ئەمەندە فێڵی لێ دەکرێ؟"، "ئایا ڕۆمانی کوردی گەیشتووەتە ئاستی ڕۆمانی دراوسێکان؟"، "ئایا زمانی کورد تێر دەکا بۆ وەرگێڕانی زانست و فەلسەفە؟"، "بۆ گۆرانییەکانی ئەمڕۆ بۆن و بەرامەی ئەوانەی جارانیان نییە؟"، "گەلۆ شانۆی کوردی لە کوێ وەستاوە؟"، "ئێمە کێشەی دەقمان هەیە، یا کێشەی نواندن؟"... و هتد. ڕەنگە ئەم تێڕوانینەی من تۆزێ ڕەشبینیشی تێدا هەبێ، بەڵام تا ئەو جێیەی من هەستم پێکردووە لە بەرانبەر ئەم مەراقانەشدا ئەوانەی کە تێنە دواندن هەر بە ئاراستەی هەمان عەقڵییەت و لەسەر هەمان سایکۆلۆژییەتی خودکەمبینی وەڵام دەدەنەوە کە پرسیارەکان پێی بارگاوین و بگرە تەنانەت بە شەهوەتێکی زیاتریشەوە هەوڵی تۆخترکردنی دەدەن. خاڵێکی گرنگی تر سەبارەت بە خودکەمبینی ئەمەیە کە دوای ماوەیەک دەبێتە بەشێک لە نەریت و وەک بڵێی بەشێکە لە ژەنەتیکی ئەوان، مرۆڤەکان وەک ڕەفتارێکی زۆر ئاسایی لە خۆیان دەینوێنن.

با لێرەدا تەنیا یەک نموونەی سەیر بێنمەوە. بۆ ئەوەی لە باری مانایی "ژەنەتیکبوون" کە لە ڕستەکەی پێشوودا بەکارم هێنا نزیک ببنەوە تکایە سەرنج بدەنە ئەم پەیامی بازرگانی یان ڕێکلامەی کە سەبارەت بە بەرهەمێکی شیرەمەنی لە کوردستانێکدا دەکرێ کە لە مێژوودا زیاتر لە هەر شتێکی دیکە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ناسراوەتەوە: "مانگاکەی هۆڵەندییە، لەوەڕەکەی هۆڵەندییە، شوانەکەشی هۆڵەندییە". بەڕاستی من خۆم بەم پەیامە بازرگانییە وەختە دووکەڵ لە سەرم بەرز بێتەوە!. ڕاستە باسم لە ڕەشبینی کرد، بەڵام جارێکی تر داوا لە خوێنەر دەکەم بۆ گەیشتن بە کرۆک و ناخی ئەم خودکەمبینییە کە زۆرجار لە ژەنەتیکەوە نزیکتر دەنوێنێ تا نەریت، لە مێشکی خۆیدا بگەڕێ تا بزانێ دیمانە و گوتار و لێدوانەکانی تەلەڤزیۆنەکان، ماڵپەڕەکان، ڕۆژنامەکان و کۆنفرانس و سێمینارەکانی نێو کورد چەندە تەنراون بە ڕۆحییەتی ژماردنی کەماسییەکان لەجیاتی گەڵاڵەکردنی ڕێگەچارەکان و چەندە پڕن لە نکۆهش و سەرکۆنەکردنی خود لەباتی دەستنیشانکردنی هۆکارەکان و هاوکات

چەندە پڕن لە پەسنی سەردەستانی ئێمە لە هەمان ئەو بوارانەدا کە خۆمانیان تێدا بە کەم و ناتەواو دەزانین؟!. یانی بە ئاشکرا سایکۆلۆژی و عەقڵانییەتێکی ناخودئاگا لە ڕۆح و مێشکی ئێمەدا لەسەر کارە کە لێوانلێوی گومانە لەسەر خود و تژە خۆنەباوەڕی و نەپەرموونە بە خۆ. ئەم ناخودئاگایە بە شوێن هۆکاری کەماسییەکاندا ناگەڕێ، بەڵکوو بە دوای ئەمەدایە ئەم کەماسییانە بە تەواوەتی لە هۆکارە سەرەکییەکە کە بندەستییە داببڕێ و وەکوو جەوهەری خودی جڤاکی کوردی نیشانیان بدا!. مخابن ئەم نەست و ناخودئاگایە تەنیا لەسەر خۆ کەمکردنەوە کار ناکا و لە زۆر بوار و ڕەهەندی دیکەشدا لەسەر کەسایەتی و ڕەفتاری بندەست کاریگەری هەیە و هەر بۆیە لەوانەیە لە بەشەکانی دواتریشدا دیسان باسی لێوە بکەین.

## خودسووکبینی وەک درێژەی خودکەمبینی

ئەگەر خوێنەری بەڕێز خەڵکی دەڤەری کرماشان بێ بە ئەگەرێکی زۆر گوێی لە ڕستەی "زوان کوردی چنجگ دیری"

بووە. ئەم ڕستەیە لانیکەم بۆ خودی خۆم یەکێ لەو هێمایانەیە کە وێناکەری سۆسیۆلۆژییەکی بەرینی جڤاکییە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت لە ناوچەکانی خواروویی ئەم پارچەیەدا. ئەم ڕستەیە کە بە ڕواڵەت گوزارە لە خودکەمبینی دەکا، لەپشت خۆیەوە گوزارشتێکی ڕووتە لە سایکۆلۆژییەتێکی قووڵتر کە ڕاستە درێژکراوەی خودکەمبینییە، بەڵام زۆر خوارترە لەوەوە. لەم دەڤەرەدا خەڵکی زۆر جار پەیڤێک یان ڕستەیەکی زمانی کوردی بە جۆرێ لە جۆرەکان گرێ دەدەن بە وێنایەکی بە ڕواڵەت سووکی ژیانی کۆمەڵایەتی کە زۆربەی کاتیش وێنایەکی سێکسییە. ئمجا هەمان وێنای دروستکراوی خۆیان دەکەن بە مایەی گاڵتەپێکردن بە زمانەکەی خۆیان و وەک بڵێی یاسایەکی گەردوونی سەداسەد دروست دەگێڕنەوە، بە ڕستەی وەکوو "زوان کوردی چنجگ دیری" کاوێژئاسا دەکەونە سووککردن و سووکایەتی پێکردنی زمانەکەی خۆیان!... . هەرکەس ئەم ساتەوەختانەی دیبێ بە ڕوونی دەزانێ کە ساتەوەختانێکن تێیاندا بندەست ئیتر خودکەمبینی تێپەڕاندووە و دەربازی سایکۆلۆژییەتی خۆ

سووککردن و گاڵتەکردن بە خود بووە. بۆیە دەڵێم خودکەمبینی تێپەڕاندووە چۆنکە لە خودکەمبینیدا مرۆڤ ئەگەرچی نرخ و بەهای خۆی لە ئەوانی دیکە بە کەمتر دەزانێ، بەڵام ڕەنگە لەلای خۆیەوە پێشی ناخۆش بێ و بەم کەماسییە خۆی بخواتەوە، کەچی لە سایکۆلۆژییەتی "خۆ سووککردن"دا بندەست خۆی خەریکە هەوڵدەدا خۆی بێنرخ نیشان بدا. لێرە بە دواوە نەتەنیا هیچ نرخ و بەهایەک بۆ خۆی دانانێ، بەڵکوو گاڵتەجاڕانە وەک بوونەوەرێکی بێنرخ و سووک سەیری خۆی دەکا و بەرانبەر بە ڕێزگرتنی ڕادەبەدەری سەردەست هەموو شتێکی پەیوەندیدار بە خۆشی لە نرخ و بەها دادەماڵێنێ و گاڵتەی بە خۆی دێ. تا ئەو شوێنەی کە دەتوانێ ئاساییترین جووڵەکانی خۆی بە نائاساییترین هەڵسوکەوت بزانێ و بەرزترین شانازییەکانی خۆی بگرێتە بەر توانج و سووکایەتی پێکردن. بە گوتنێکی دی ئەگەر خودکەمبینی دۆخی بچووکدیتنی خود بێ بەراورد بە دەرەوەی خۆی و ڕەوشی بڕوانەبوون بێ بە خود لەهەمبەر ئەوانی دیکەدا، سووکایەتیکردن بە خود دۆخێکە مرۆڤ تێیدا لە ڕووی

دەروونییەوە هەموو بەهایەکی خۆی دەدۆڕێنێ و هەموو نرخێک لە خۆی دادەکەنێ. هەرچۆنێ بێ مرۆڤ لە دۆخی خودکەمبینیدا سەرباری ئەمەی کە خۆی بە کەم دەزانێ، کەچی لە ناخەوە تامەزرۆی پێگەیەکی باڵاترە و تاسە و ئاواتی جێگایەکی باشتر و بەرزتری لە دڵدایە، کەچی لە دۆخی سووکایەتیکردن بە خۆدا مرۆڤ خۆی بە شێوازێ سووک دەکاتەوە کە نەتەنیا لەلای ئەوانی دی، بەڵکوو لەلای خودی خۆشی بچووک و بێبایەخ بێتە بەرچاو. بندەستێکی وەها خاوەن کەسایەتی خۆ بەسووکزان وەک ئەوەی لە پێتەختی ڕۆشنبیری باشوور، واتە سلێمانیدا ڕوودەدا چیتر لەمەدا نامێنێتەوە شەیدایانە پێشوازی لە هونەرمەندی گەلانی سەردەست بکا، بەڵکوو لە هێمای ناودێرکردنی ئۆتۆمبێلەکان بە ناویانەوە بە ڕووتی سووکایەتی بە هونەرمەندانی خۆی دەکا. بە هەمان شێوە وەک ئەوەی لە ڕۆژهەڵات دەبینرێ چیتر لە گۆرانییەکانیدا ناڵێ "من کوردی فەقیر، تۆ تەحسیلکردە" تا خۆی بە کەم بزانێ، بەڵکوو دەڵێ "لاتەگان سنە جەم ئەکەمەوە، تێمە دەر ماڵتان دەس بە قەمەوە" تا بە ڕووتی ناڕێکبوون و

بێنرخبوونی خۆی هاوار بکا. ئەم میناکانە بژاردە و یەک و دووان نین تا نەتوانن وێنا و گوزارە لە هەبوونی سۆسیۆلۆژییەکی بەرفراوانی خۆ سووککردن و بێنرخکردنی خود بکەن لەنێو ئەم جڤاکە بندەستەدا. ئەمڕۆ گۆرانی ئەم دەڤەرە لێوانلێوە لە چەمک و پەیڤگەلی وەک زیندان، لاتبازی، مادەی هۆشبەر، دیزڵ ئاباد، چەقۆکێشی و... بەگشتی ئەو نارێکییە جڤاکییانەی کە هەموویان گوزارشت لە جۆرە سۆسیۆلۆژییەکی بێنرخکردنی خود هەم وەک تاک، هەم وەک جڤاک دەکەن. میدیای جڤاکی باشوور کە لێوانلێوە لە سووکایەتیکردن بە هەر چشتێ ڕەنگ و بۆنی کوردی پێوە دیار بێ نموونەیەکی زەق و وێنایەکی گەورەیە لە سۆسیۆلۆژی خۆ سووککردن لەلایەن مرۆڤی بندەستی کوردەوە. خۆ سووککردنێ کە وەک زۆرێکی دیکە لە نارێکییەکانی بندەستی هەم لە نەست و ناخودئاگای بندەستدا خۆی دەشارێتەوە و هەمیش لە هەست و خودئاگادا بە شێوەیەکی وێرانگەر خۆی نیشان دەدا. بە هەرحاڵ ڕاستە سووکزانینی خود درێژکراوەی خودکەمبینییە لە سایکۆلۆژییەتی مرۆڤدا،

بەڵام زۆریش لێی جیاوازە. خودکەمبینی لەوانەیە دەرمانی هەبێ و وەک پێیشتریش ئاماژەم پێکرد کەس یان جڤاتی خودکەمبین هەم دەشێ نیاز و هیوای گەورەبوون و باڵاکردنی هەبێ و هەم دەکرێ ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێ خۆی بەرز بکاتەوە و لە بندەستی ڕزگاری بێ، بەڵام کەسایەتی کەس یان جڤاتی خودسووکبین بە شێوازێ دەکەوێتە سەرەولێژی کە تەنانەت خۆشی هەوڵی هەرچی زیاتر سووککردنی خۆی دەدا و لەم ڕوویەوە نەتەنیا هیچ ئاسۆیەکی بەرەو ڕزگاربوون لە بندەستی لەپێش چاودا نییە، بەڵکوو بە گیان و دڵ وەک ژیانی ئاسایی بندەستبوونی خۆی دەژی. مخابن بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا ئەم سۆسیۆلۆژییە نالەبارە دەژین. خاڵێکی گرنگ کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدرێ ئەمەیە کە وەک هەر سایکۆلۆژییەتێکی دیکە خودکەمبینی و خودسووکبینی دەتوانێ تێکەڵی لایەنەکانی دیکەی هەست و نەستی مرۆڤ ببێ و بە باندۆرگرتن و باندۆرکردن لەسەر لایەنەکانی دیکە هێندەی تر سایکۆلۆژییەتی مرۆڤ ئاڵۆزتر بکا. بۆ وێنە خودسووکبینی

و خودبێزاری لەپاڵ بە باڵا و بە پێوەر زانینی سەردەستدا وەک سێکوچکەیەکی بازنەیی کە لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندی ڕاستەوخۆشیان هەیە و دەتوانن ببنە دروستکەر و وەبەرهێنەری یەکتری. کاتێ مرۆڤ خۆی بە کەم یان سووک بزانێ و لایەنی سەردەست بە مرۆڤێکی باڵا سەیر بکا و بەردەوام لە پێگەی بندەستێکەوە خۆشی لەگەڵ سەردەستەکەیدا بەراورد بکا، بێگومان لە خۆی وەک بوونەوەرێکی نزم و نەوی بێزار دەبێ. هەروەها خودبێزاربوون لە هەمان کاتدا کە دەتوانێ ببێتە هەوێنی سووکایەتیکردن بە خود، دەیشتوانێ لە دروستکردنی سەردەست وەکوو باڵا و پێوانە کاریگەری هەبێ. بە هەمان شێوە دەکرێ بە باڵا زانینی سەردەست باندۆری ڕاستەوخۆی هەبێ لە خودکەمبینی و لە ئەنجامدا لە خودبێزاریش. بەڕاستی من کەسانێکم لە نزیکەوە بینیوە کە تا دوا ڕادەی نارێکی ئەم دۆخە ژیاون. با دیسان ئاماژە بە نموونەیەکی ڕووتی دیکە لە بەسووکزانینی خود بکەم کە لە ئاستێکی بەرینی جڤاکیدا ژیان دەکرێ و لە دیدی مندا وێنایەکی ڕۆشنە لەمەی کە بندەستی چۆن لە ڕەوتێکی

ئارامدا کەس و جڤاکی بندەست لە سایکۆلۆژی یان سۆسیۆلۆژی "خۆ ڕێزگرتن"ـەوە دەپەڕێتەوە بۆ "خۆ سووککردن" و "سووکایەتیکردن بە خود". تا سی چل ساڵ لەمەو پێش هۆرە لە پڕڕەنگترین و بەنرخترین هونەرەکان بوو لەنێو کەلهۆڕەکان بەتایبەتی و لە دەڤەرەکانی خوارووی باشوور و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هونەرمەندانی هۆرەچڕ بەرزترین نرخیان هەبوو، زۆربەی دانیشتنی ماڵان هۆرەی تێدا بوو، بەتایبەتی لە هەموو پرسەوپۆیەکدا مۆر و پاوەمۆری باو بوو و لە هەموو پرسەیەکدا ژنانی مۆرچڕ جێی سەرنج و ڕێزی خەڵک بوون و... هتد. بەڵام لەم سی چل ساڵەی دواییدا بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەوتی خۆ بێنرخکردنی ئەم خەڵکە لەژێر باندۆری ڕاستەوخۆی بندەستیدا، بە ئاشکرا گاڵتە بە مۆر و هۆرە دەکرێ و ئەم هونەرە پاشەکشەیەکی مەرگباری گەورەی کردووە. لە بەرانبەریشدا "مەداحی" وەک هاوردەیەکی فەرهەنگی سەردەستی فارس گەیشتووەتە لووتکەی ڕێز لەنێو ئەم جڤاکەدا و سەرباری مەراسیمی ئایینی هیچ ڕێوڕەسمێکی

ماتەمینی و هیچ پرسەیەکیش نییە مەداحی تێدا نەکرێ، بە جۆرێ کە بەرانبەر بە گاڵتەپێکردن بە مۆر کە یەکێکە لە نەریتە هەرە کۆنەکانی کوردەواری و بەتایبەت ئەم ناوچەیە، مەداحی هەم وەک نەریت و هەم وەک پیشە لەم ناوچەیەدا جگە لە دابینکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی بەرز بۆ مەداحەکان، زیاترین داهاتی ئابۆریشی بۆیان هەیە!!...

بەداخەوە گەلێ ئاماژەی بەهێز هەن کە دەیسەلمێنن خودسووکبینی لەنێو جڤاکی ئێمەدا سەداسەد ئەنجامی پەروەردەی سەردەستەکان نییە لەسەر ئێمە و بەشێک لێی خوازەیەکی نائاسایی و نارێکە لە ناوەوەی خۆماندا. من کاتێ ئەو شانۆیانەی سەردەمی خوێندکاری خۆمم لە ڕۆژهەڵات دێتەوە بیر کە سیستەمی داگیرکەر لە میانەی جەژنەکانی خۆی لەنێو خوێندنگەکاندا بەڕێوەی دەبردن و تێیاندا هەمیشە نەخۆشێک بە گوچانێکەوە کە هێمای شوانی بوو و بە جلوبەرگی پیس و پۆخڵەی کوردییەوە دەیکرد بە ژۆری دوکتۆرێکەوە کە بە کۆت و شەرواڵێکی ڕێکوپێکەوە لەسەر کوردسییەک دانیشبوو و بە فارسی دەدوا، تا ڕادەیەک تێدەگەم کە ئەو شانۆیانە لەسەر

هەندێ لەو خوێندکارانە باندۆریان کردبێ کە ئەمڕۆ بە سووک سەیری جلوبەرگی کوردی دەکەن. بەڵام نازانم چی پاساوێ بدۆزمەوە بۆ ئەو تەلەڤزیۆنە کوردییانەی کە ئەمڕۆ لەوپەڕی سەربەستیدا ڕێک هەمان ئەو سیناریۆ و شانۆیانە دروست و بڵاو دەکەنەوە کە بە شێوازی جۆراوجۆر گاڵتە بە جلوبەرگی کوردی دەکەن؟!. بەڕاستی من هیچ پاساوێک نابینمەوە جگە لە خواستێکی دەروونی بۆ سووککردن و سووکڕوانین لە خود. بێگومان گەرچی ئەستەمە بەڵام دەکرێ ناخی مرۆڤی بندەستی کورد لە سووککردن و سووکڕوانین لە خود بشۆردرێتەوە. ئەم پاککردنەوەیەش تەنیا لەڕێی دۆزینەوەی شووناسی دیرۆکی، فەرهەنگی و دوبارە پێناسەکردنی خودەوە دەتوانێ بێتە ئاراوە...

## بندەستی و ڕاهاتن

لە بەشەکانی پێشوودا چەند جارێک لە قسەکانمدا زاراوەی "نەست"م بەکار هێناوە. نەست یان ناخودئاگا ئەو

بەشە نووستووەی سایکۆلۆژی مرۆڤە کە گەرچی شاراوە و تاریکە، بەڵام لەسەر هەڵسوکەوت، تێڕوانین و سەرئەنجام لەسەر کەسایەتی مرۆڤ کاریگەری دادەنێ، بە جۆرێک کە لە زۆر شوێن و کاتدا تەنانەت بەبێ ئەوەی مرۆڤ خۆی هەستی پێ بکا، لە جووڵە و تێڕوانین و تێگەیشتنی ئەودا دەردەکەوێ. وەک میناک دێڕەشێعری "بەژنەکەت سێدارەیە، کەزیەت تەنافە زووبە دەی - بیخە ئەستۆی من کە کوردم، کوردی بەشی خنکاندنە"، لە پارچەهەڵبەستی "یادگاری شیرن"دا نموونەیەکە لە ئەم جۆرە دەرکەوتنەی نەست یان ناخودئاگای مرۆڤ. هێمن لەم دێڕەشێعرەدا هەرچەندە پەیوەندیشی بە کۆی گوتاری سەرەکی شێعرەکەوە نەبێ کە پرسی ئازادی ژنە، خەریکە گۆشەیەک لە نەستی خۆی هەڵدەداتەوە کە ئەویش باوەڕبوونی ناخودئاگایە بەمەی کە بەشی کورد سێدارە و خنکان و کوژرانە. یان لە میناکێکی تردا کاتێ هێمن دەڵێ: "شیری دەستی شێری ئاڵایە برۆ ڕاکشاوەکەت ـ جەرگی لاوێکی هەژاری کوردی ورد پێ بنجنە"، دیسانەوە گوزارە لە گۆشەیەکی تر لەو نەستەی خۆی دەکا کە پێی وایە

کوردی هەژار هەر دەبێ لە هێمای ئاڵای شێر و شمشێردا بە دەستی سەردەستەکەی خۆی جەرگی ئەنجنئەنجن بکرێ . . .

بەکورتی بە هێنانی ئەم میناکانە دەمەوێ بڵێم یەکێ لەو نەستانەی کە دەتوانێ بە قووڵی لە سایکۆلۆژی مرۆڤدا خۆی جێ بکاتەوە باوەڕبوونە بە دۆخێک وەک قەدەر و چارەنووس، یان ڕێکتر بڵێین ڕاهاتنێکی ناخودئاگایانەیە بە بارودۆخێکی دیاریکراو کە ڕەنگە لە ژیانی خودئاگای خۆیدا هیچ کاتێ نەتوانێ بیپەژرێنێ. لەڕاستیدا ڕاهاتن بەشێکە لە دەروونیکردنی بەسەرهات و ڕووداوەکان و لە ناخودئاگادا جۆرێکە لە ڕازیکردنی دەروونی خود بە پەژراندن و قەبوولکردنی دۆخی هەیی. بێگومان ئەم باوەڕبوون و ڕازیبوونە کە بەشێکی گەورەی لە نەستدا ڕوودەدات هەمیشە لە هەنگاوی یەکەمدا دروست نابێ، بەڵکوو لە ئەنجامی دووبارەبوونەوە و درێژەکێشانی ڕووداوەکان و سەربردەکان وردەوردە لە سایکۆلۆژییەتی مرۆڤەکاندا چێ دەبێ و دەبێتە بەشێ لە سایکۆلۆژییەتی ئەوان. بۆ وێنە نەخۆشێک کە دوای گەڕانێکی زۆر بە دوای

دوکتۆر و بەکارهێنانی دەرمانی جۆراوجۆر هیچی لە چارەسەر دەست ناکەوێ، وردەوردە لە نەستی خۆیدا نەخۆشییەکە وەک هاوڕێیەک دەپەژرێنێ و وەک قەدەرێکی ئاسمانی پێی ڕادێ. بێگومان قەدەرگەرایی هەمیشە بە مانای ئەمە نایەت کە مرۆڤ لەپێشدا باوەڕی بە قەدەرێک هەبێت، بەڵکوو زۆر جاران بە مانای ئامادەگی قەبوولکردنی ڕەوشێکی دوبارەکراو و ناچاری دێت لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە. دۆخی بندەستبوون یەکێکە لە ڕەوشە هەرە قەبوولکراوەکان لە نەستی مرۆڤی بندەستدا. بێگومان لێرەدا مەبەست لە قەبوولکردن تەنیا ئەمە نییە کە مرۆڤ دەستی بەرز بکاتەوە و بە قسەی ڕووت بندەستی خۆی هاوار بکا و جاڕی بدا، بەڵکوو یەکێ لە وێنا سایکۆلۆژییە هەرە گەورەکانی ئەم قەبوولکردنە لەلای بندەست بریتییە لە گەیشتن بەم باوەڕە دەروونییەی کە ئەو چیتر توانای گۆڕینی بارودۆخی خۆی نییە و کورد گوتەنی ئەو بەردەی کە ناتوانێ لەسەر ڕێگەی خۆی لاییبدا باشتر وایە پاڵی پێوە بدا و وەک چارەنووس بیپەژرێنێ. لەم سۆنگەیەوە ڕاهاتن پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ نەست

و ناخوئاگای مرۆڤدا هەیە. "هەرییێت توبمەن"، ئەو ژنە ڕەشپێستەی کە سەدەی نۆزدەیەمی زایینی لە ئامەریکا بە نهێنی بەردەکانی ڕزگار دەکرد، ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە کە بە ڕێکی و بە ڕوونی گوزارە لەم سایکۆلۆژییەتە دەکا. کاتێ لە هوبمەن دەپرسن "لە پێڤاژۆی ڕزگارکردنی بەردەکاندا ئەستەمترین قۆناخ بۆ تۆ چی بوو؟"، بەم ڕستەیە بەرسڤ دەداتەوە: "ڕازیکردنی بەردەکان بەمەی کە تۆ بەردە نیت و دەبێ ڕزگار بکرێی!". لەڕاستیدا ئەگەر بەشێک لە هۆکارەکانی پەژرینی دۆخی بندەستی وەک چارەنووس بێچارەیی و نەتوانکاری و بێدەسەڵاتی بێ بەرانبەر بەم دۆخە، بەشێکی دیکەشی ڕاهاتنە بە ئەم جۆرە ڕەوشە ژیانییە. بۆ نموونە قەت وا نییە کە هەموو کابانەکانی ماڵ نەزانن هێندەی کە پیاوەکەیان لە دەرەوە کار دەکا، ئەوانیش لە مالەوە خەریکی ئیشکردنن و نیوەی هەموو سامان و داهاتی خێزان بەرهەمی دەسڕەنجی ئەوانە، بەڵام هێندەی هۆکارە دەرەکییەکانی بارودۆخی بندەستی پێملیان دەکات گوێ بەم ڕاستییە نەدەن، ئەمە سایکۆلۆژییەتی ڕاهاتنە کە لە ناوەوە ناچاریان دەکا هەموو

شتێک بە موڵکی پیاوەکە بزانن تا بۆ بچووکترین پێداویستی دەستی لێ پان بکەنەوە و بە ئاساییشی بزانن.

نموونەی گەورەتری ئەم میناکە نموونەی کوردە بەرانبەر بە داگیربوون. عەقڵانییەتی "هیچمان پێ ناکرێ" وەک کەماسییەکی شەقامی ڕۆشنبیری کوردی کە لە بەشی پێشوودا وەک وێنایەک لە خودکەمبینی ئاماژەی پێکرا، بەشێک لێی ئەنجامی ڕاهاتنی ئەم چینەیە بە داگیربوون و بندەستی. یەکێ لە هۆکارە گرنگ و بەباندۆرەکانی ئەم ڕاهاتنەی کورد بە داگیربوون و تەماشاکردنی وەک قەدەر و چارەنووس ئەنجامی درێژەکێشانی ئەم بندەستییەیە. سایکۆلۆژی مرۆڤ بە جۆرێکە هەرچی زیاتر لەگەڵ بارودۆخێکدا بژی، چەندە لە ڕووی هۆشمەندییەوە لەگەڵیشیدا نەبێ، بەڵام لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئاساییتر و ئاسانتر پێی ڕادێ و ئەمە مرۆڤ بەرەو پەژرینێکی قەدەرگەرایانەی بندەستی هاندەدا. ئێمە بە ئاسانی دەتوانین لە هێمای ئەدەبیاتی دەنگبێژی و هەڵبەست و گۆرانی خۆماندا ناخودئاگایەک لە پەژرین و قەبوولکردنی ئەم دۆخە وەک چارەنووس ببینین. ئەم بوارانە کە وەک

بەشێک لە وڕێنەکانی بندەستی پەرژاونەتە سەر ڕەوشی داگیربوونی کورد، چەندە بە دیوێکدا سکاڵا بووبن لەم دۆخە، بە دیوێکی تردا وێناکەری دۆخەکە بوونە وەک قەدەرێک. چۆنکە هەموو گێڕانەوەیەکی دوبارکراوی هەر دیاردەیەک ئاستێک لە ئاساییکردنەوە و ڕەنگکردنی بە ڕێژەیەک لە قەدەر تێدایە. ئەم دوبارەبوونەوەیە ئەگەر درێژماوە بێ لە دەروونی مرۆڤی بندەستدا دەتوانێ لە ڕاهاتنێکی ئاسایی قووڵتریش بڕوا. یەکێ لە قووڵاییەکانی ئەم سایکۆلۆژییەتە بریتییە لە "سڕبوون". مرۆڤی بندەست کاتێ دەگاتە ئاستی سڕبوون ئیتر بەرانبەر بە بارودۆخ و هۆکارەکانی ئەو دۆخەی تێیدایە هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆ نانوێنێ و لەوانەیە چیتر بۆشی گرنگ نەبێ ئەم ڕەوشە بەرەو کوێی دەبا. هەر بۆیە بە جۆرێ دەچێتە قاڵبی دۆخی سەپێنراوی خۆیەوە وەک بڵێی خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئاسایی خۆی بێ لەو چوارچێوەیەدا. بەشێکی گەورەی کورد ئەمڕۆ نەتەنیا بە بندەستبوونی خۆی ڕاهاتووە، بەڵکوو تەنانەت لەم بندەستییەدا سڕیش بووە. بەڕاستی ئەگەر ئەم سڕبوونە

بەشی خۆی ڕۆڵی نەبایە، بەم هەمو پارت و هێزە جۆراوجۆرانەوە کە لانیکەم لە ڕواڵەتدا دژی داگیربوون تێکۆشان دەکەن، ئەمڕۆ دەبوو زۆرینەی ڕەهای کورد لانیکەم لە تێڕوانیندا سەبارەت بە گەلان و دەوڵەتانی داگیرکەر ئەوپەڕی ڕق و بێز و کین بژیانایە. بەڵام بەداخەوە ئەم ڕاهاتنە بە دۆخی بندەستی لەلای بەشێکی گەورەی جڤاکی کورد تەنانەت سڕبوونیشی تێپەڕاندووە و دەربازی قۆناخێکی قووڵتر بووە کە ئەویش "بێئاری"یە. لە دۆخی بێئاریدا بندەست چیتر باسی بندەستبوونی خۆی ناکا، بەڵکوو بە شێوازێکی سۆسرەت خۆی دەسپێرێ پێی و تەنانەت لەوپەڕێ دڵخوازیدا ژیان و کەسایەتی بندەستی خۆی دەژی. وێناکانی ئەم جۆرە کەسایەتییە لەنێو جڤاکی کوردیدا ئێستاش کەم نین. وەک میناک ئەو کوردانەی باکوور کە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری تورکیادا بە گەرمی پێشوازی و پشتیوانی لە ئەردۆغان دەکەن نموونەیەکی هەرە زەقی ئەم کەسایەتییەن. ئەگەر چاو لە باشووری کوردستانی دوای ڕزگاربوون بکەین دەتوانین وێنەیەکی گەورەتر و فراوانتری ئەم بێئارییە ببینین کە تا ئێستا لە

مێژووی کەمتر نەتەوەیەکدا بەم زەقییە بینراوە. ئەمڕۆ باشوور مەیدانی ڕابواردنی عەرەبە ئەنفالچییەکانی دوێنێیە هیچ، بەڵکوو مۆڵگەی سەرانی بەعسە کە ئەم گەلەیان ژینۆساید کردووە، بەڵام تاکوو ئێستا نەبینراوە خەڵکی باشوور کاردانەوەیەک بەرانبەر بەمانە بنوێنن و بگرە زۆریش حورمەتیان دەگرن. بەڕاستی ئەگەر ئەمە بێئاری نەبێ، دەبێ ناوی بنێین چی؟!. ئەگەر بندەستی ڕاهاتوو یان ڕاهێنراو ماتەوزەیەکی شاراوەی لە ڕابوون دژ بە بندەستی تێدا مابێ، بندەستی سڕکراو یان سڕبوو لە دۆخێکی مەندی و بێبزاڤیدا دەژی، لەحاڵێکدا کە بندەستی بێئار بە ئاراستەی گوڕکردنی بندەستبوونی خۆی ئیش دەکا و دەجووڵێتەوە. کورد پەندێکی دەروونناسانەی گشتی هەیە کە دەڵێ "بێئار چ لە قوونی بدەی، چ لە سەری". ئەم پەندە بەتایبەت سەبارەت بە بندەستی بێئار بە ڕێژەیەکی بەرز دروست دەنوێنێ. ڕاوەستەی دەسەڵاتدارانی باشوور سەبارەت بە داگیرکاری تورک لەم پارچەیە یان سەبارەت بە ڕووداوەکانی دوبارە داگیرکردنەوەی کەرکووک لەلایەن عێراقەوە دوای شەڕی داعش وێنای هەرە ئاشکرای ئەم

بێئارییەیە... . بە هەرحاڵ سایکۆلۆژییەتی ڕاهاتن بە ژیانکردنی بندەستی لە هەر ئاستێکدا بێ یەکێکە لەو بەربەستە کاریگەرانەی کە ڕێگرە لە بەردەم گەڕان بە دوای ئازادی و ڕزگاریدا. ئەم بەربەستە وەک لۆبییەکی سایکۆلۆژی سەردەست لە دەروونی بندەست خۆیدا کار دەکا بۆ ئەوەی بیگەیێنێتە باوەڕێک کە بندەستبوونی خۆی وەک چارەنووسێکی ئاسایی ژیان بکا. ئەم لۆبییە سایکۆلۆژییە وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا هەم لەسەر هەست و خودئاگای لایەنی بندەست ئیش دەکا و هەمیش لەسەر نەست و ناخودئاگای ئەو. ئەگەر بتوانێ کاریکەری خۆی دابنێ کە زۆربەی کاتیش دەتوانێ، بندەستی بە جۆرێک خۆی لە ناخی بندەستدا دەچەسپێنێ کە ڕزگاری و ئازادی بۆی دەبێتە شێوە ژیانێکی نامۆ و تەنانەت نەخوازراو و دەگا بە دۆخێک کە شێرزاد حەسەن لە پرتووکی "جوانییەک لە تووڕەبووندا" بەم ڕستەیە پێناسەی دەکا: "زۆرن ئەوانەی لە سەربەستی دەترسن". بەڕاستیش هەر وایە، چۆنکە ئەوەی بە ژیانی بندەستی ڕابێ، ناتوانێ بە ئاسانی فێری ژیانێکی ئاسایی ببێ.

## بندەستی و داردەستی

با پێکەوە تۆزێ سەرنج بدەینە ئەم ڕەوشانەی کە لە خوارەوە بە میناک دەیانهێنمەوە و بە ئەگەرێکی زۆر ئێوەش لەگەڵیدا ئاشنان. زۆر جار ئێمە چاومان بە کەسانێک دەکەوێ کە لە بەریەککەوتن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بانگەشەی پەنابردن بۆ یاسا و هەڕەشەی سکاڵاکردن دەکەن. ئەگەرچی ئەو یاسایە دادپەروەر و ڕەواش نەبێ یان تەنانەت ئەگەرچی خۆشیان باوەڕیان بەو یاسایە نەبێ... . ڕەنگە کەسانێکمان لەنێو کۆمەڵگەی کوردی خۆماندا بینیبێ کە تووشی ستەمکارییەک دەبن بە ڕستەگەلی وەکوو ''تۆ مەگەر موسڵمان نیت"، لەڕێی بەگژدابردنی ئیسلام لەگەڵ ئەو ستەمکارەدا هەوڵی سەرکۆنەکردنی دەدەن. هەرچەندە لەوانەیە ئەو کەسانە هەر باوەڕیشیان بە ئایین و ئیسلام نەبێ... . بە شێوازێکی ئاسایی بۆ زۆرێک لە ئێمەی کورد پێشدێ کە لە دانووستاندن لەگەڵ کەسانی سەر بە گەلێگی بندەستدا پێش هەموو شتێک

هانی بەرانبەرەکەمان دەدەین بە زمانێکی سەردەست و فەرمی بدوێ تا لە یەکتری تێبگەن، لەحاڵێکدا بەهۆی ئاگاداری لە ڕەوشی بندەستبوونی خۆمان و ئەو ستەمە زمانییەی کە لێمان دەکرێ، هیچ دوور نییە ڕقیشمان لەو زمانە سەردەستە بێ... . هەروایە دۆخی سەرکارگەرێ کە هەمیشە هەڕەشەی خاوەنکارەکەی لە کرێکارە هاوڕێ و ژێردەستەکانی خۆی دەکا و کەچی دەزانێ خودی خۆشی بێبەش نییە لە ستەمی ئەو خاوەنکارەی کە ئەم بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەڤاڵەکانی خۆی دەچەوسێنێتەوە... . هەموو ئەم میناکانە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان تێدایە و ئەویش ئەمەیە کە بندەست وا دەزانێ خەریکە سەردەستەکەی لە خزمەت خۆیدا بەکار دێنێ و کەڵکی لێ وەردەگرێ، کەچی لەڕاستیدا ئەمە خۆیە کە زانستە یان نەزانستە و دڵخوازانە یان بە ناچاری کەوتووەتە خزمەت سەردەستەوە و خەریکە وەک داردەستی ئەو دەجووڵێتەوە. لەڕاستیدا داردەستبوون بەشێکی پڕڕەنگە لە ژیانی بندەستی و هەموو بندەستییەک هەڵگری ڕادەیەکی بەرچاوە لە

بەکارهاتنی بندەست لەپێناو سەردەستدا. ڕاستە بەشێک لەم بەکارهاتنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەی کە سەردەست لێڤەگەڕ و خاوەنی دیفاکتۆی بندەستەکەی خۆیەتی و وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد بندەست هەمیشە ناچاری گەڕانەوەیە بۆ ئەو وەک هەژموونێکی داسەپاوی دیفاکتۆ یان ڕاسکانی. بەڵام بەشێکی ئەم بەکارهاتنە کە لێرەدا زیاتر مەبەستی منە لە سایکۆلۆژییەتی خودی بندەستدا شاراوەیە. بۆ وێنە ئەو کەسە ناباوەڕمەندەی کە لە میانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا قورئانێک دەبا بۆ سوێندخواردنی بەرانبەرەکەی یان پەنا دەباتە پیاوێکی ئایینی بۆ نێوەندگیری، ئەو کوردەی کە دەزانێ ئیتلاعات دەزگایەکی سەرکوتکەرە و کەچی لە پێکدادانێکی عەشیرەییدا هەڕەشەی ئیتلاعات لە بەرانبەرەکەی دەکا، ئەو کوردەی کە بە زانینی ئەمەی فارسی زمانی سەرکوت و ژینۆسایدە و سەرباری ئەمەی بە تۆزێ گوێڕاهێشتن دەتوانێ لە زاراوەی بەرانبەرەکەی تێبگات و کەچی یەکسەر دەڵێ زاراوەمان جیاوازە و لەیەک تێناگەین و با بیکەین بە فارسی(من خۆم گەلێ جار تووشی ئەم جۆرە کەسانە

هاتووم)، ئەو شاعیرەی بە زمانی سەردەست و داگیرکەر هەڵبەست دەنووسێ و خەڵکی داوەتی توانەوە دەکا، ئیتر لەوە دەرچووە ناچاری بەرەو ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە پاڵی پێوە نابێ، بەڵکوو ئەمە سایکۆلۆژییەتی داردەستییە کە وا ڕایهێناوە و هانی دەدا بەم شێوازە بجووڵێتەوە.

بە بۆچوونی من ڕۆحییەتی داردەستی یەکێ لەو کەلێنە کەسایەتی و جڤاکییانەیە کە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ ستراتێژ و ڕێبازی "ستەمی بە یەکسانی جۆرێکە لە یەکسانی" کە هەمیشە لەلایەن سەردەستانەوە پەیڕەو دەکرێ و وەک مێکانیزمێکی سادە و بەڵام کاریگەر دژ بە جڤاکی بندەست بەکار دێت. هەم لە ڕووی ویژدانییەوە و هەمیش لە باری سایکۆلۆژییەوە هیچ سەردەستی لە ناخی خۆیدا یەکسانیخواز نییە و تەنانەت لە ستەمکردنیشدا ناتوانێ یەکسانی پەیڕەو بکا. لە سۆنگەی عەقڵانیشەوە هەموو سەردەستێ بە ڕۆشنی دەزانێ کە بە یەکسانی سەیرکردنی تەواوی بندەستەکان و یەکجۆر ستەمکردن لێیان دەتوانێ ببێتە هۆکاری گەڵاڵەبوونی هەستێکی هاوبەش دژ بە خۆی لە نێو ئەواندا. هەر بۆیە سەردەست

هەمیشە ستەمی خۆی بە شێوازێکی لاسەنگ و نایەکسان بەسەر بندەستەکانیدا دابەش دەکا و جیاوازی دەخاتە نێویانەوە. وەک ئەنجامێکی سادە و کاریگەر ئەمە ناکۆکی دەخاتە نێو بندەستانەوە و لێرەوە بندەستان دەکەونە ڕکابەری بۆ نزیکبوونەوە لە سەردەست و بوون بە داردەستی ئەو. وەک ڕێبازێکی کلاسیک و باو ئەم جیاوازی خستنە زۆر جاران لەڕێی پێدانی هەندێ دەسەڵاتی بچووک بە هەندێ لە بندەستان جێبەجێ دەکرێ. گەلێ میناکی بەردەست هەن کە دەتوانن پاڵپشتی ئەم بۆچوونەم بکەن. لە ئاستی نەتەوەییدا تورکەکانی ئێران نموونەیەکی دیارن. تورکەکان لە ئێران ئەگەرچی خۆیان بندەستن و ستەمی بندەستییان لەسەرە، بەڵام بە جۆرێ لە ڕێوەبەری وڵاتدا جێگیر کراون کە هەست دەکەن گەلی سەردەستی فارس بەراورد بە گەلانی دیکە هەڵاواردنێکی بچووکیان بەوان بەخشیوە و هەر بۆیە ئەوانیش بە ئاشکرا بوونەتە داردەستێکی کارامە و هێزێکی بەهێزی سەرکوتکاری لەپێناو فارشیزمی ئێرانیدا. ناچالاکبوونی تورکەکان لە ڕاپەڕینی ژینادا بەراورد بە گەلانی دیکە بە ڕوونی

دەریخست کە ئەوان تا ئەو کاتەی بندەستییەکی هەڵواردە دەژین و لەنێوان دەوڵەت نەتەوەی سەردەستی فارس و گەلانی بندەستی دیکەدا ڕۆڵێ ئەو سەرکارگەرە دەگێڕن کە لە سەرەوە بە میناک ئاماژەم پێکرد، بەم شێوازە بندەستییە ڕازی تەنانەت خۆشحاڵن. لە ئاستی خوارتر، واتە لە ئاستی تاکەکەسیشدا نموونەی بەردەست زۆرن. لەنێو جڤاکی کوردیدا جاشایەتی میناکێکی دیار و بەرچاوە لەم بوارەدا. ئەگەرچی ڕوویداوە کەسانێک بەبێ بەرانبەر جاشایەتییان بۆ دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان کردبێ، بەڵام زۆرینەی ڕەهای جاشەکان بەرانبەر بە دەسکەوتنی ئیمتیازێکی ئابۆری و سیاسی و ئیداری ئەم کارە دەکەن. لەڕاستیدا ئەو بە ڕواڵەت ئیمتیازە بچووکانەی کە جاشەکان پێی دڵخۆش دەبن و وەک دەسکەوتێکی ژیانی لێی دەڕوانن ئەگەر هۆکارێکی بنگەهینی دەسپێکردنی جاشایەتی بن، بە هەمان شێوە هاندەرێکی گرنگیشن بۆ سەرهەڵدان و درێژەکێشانی ئەم دیاردەیە. ئەم شێوازە لە داردەستبوون چەندە ئەنجامی عەقڵانییەتی بەکارهێنانی بندەست بێ لەلایەن سەردەستەوە، بە هەمان ڕادەی گرێدراوی

عەقڵانییەتێکی بەرژەوەندیخوازی تەسکە کە بندەست لە ژیانی نزمی خۆیدا بە دوایاندا دەگەڕێ تا بارودۆخی تۆزقاڵێ لە بندەستانی دیکە باشتر بێ. بەڵام ئەمانە هیچکامیان گشت هۆکارەکە نین. کۆڵبەری نموونەیەکی باشە کە دەیسەلمێنێ داردەستبوون هەر هۆکارێکی عەقڵانیشی هەبێ، دیسان پێویستی بە سایکۆلۆژییەتێکی دەروونیش هەیە کە گرێدراوی خودی بندەستە و ئەمە ئەو خاڵە گرنگەیە کە پێویستە جێگەی سەرنج بێ. کۆڵبەری کورد لە بیرکردنەوەی تەسکدا بە ئاسانی دەتوانێ ببێتە ئەندامێکی بەسیج و مانگانەیەکی بژی و نەمر لە دەوڵەت وەربگرێ، بەڵام وەک مامۆستا نەجمەی غوڵامی لە گۆرانی کۆڵبەردا دەڵێ "من بشمرم لە برسانا، چەکی تۆ ناکەمە شانا"، سایکۆلۆژییەکی قووڵی دەروونی ڕێگەی وەها داردەستبوونێکی پێنادا. کە واتە بەکارهاتن وەکوو داردەست ڕەنگە هەندێ جار عەقڵانییەتی بندەستی لە پشتەوە بێ بە هەر نیازێک، بەڵام زۆر جاریش هاندەرێکی سایکۆلۆژی و دەروونی هەیە کە بندەست بەرەو داردەستی پاڵ پێوە دەنێ. ڕەنگە بندەستبوون بتوانێ

تۆوی داردەستبوون لە سایکۆلۆژییەتی بندەستدا بچێنێ، بەڵام دواجار ئەگەر داردەستبوون خوازەیەکی دەروونی نەبێ لە کەسایەتی مرۆڤدا سەختترین بارودۆخەکان ناتوانن هانی بدەن بەرەو داردەستی و بوون بە ئامرازێک بۆ سەپاندنی زیاتری هەژموونی سەردەست...

## بندەستی و نائومێدی

بندەستی لە ڕەهەندی جیاوازەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ نائومێدیدا هەیە. پێش هەموو شتێک دەبێ بزانین بەرۆڤاژی هەردوو دۆخی بندەستی کە دۆخی ستەمدیدەگییە و سەردەستی کە دۆخی ستەمکارییە، سەربەستی بەشێکە لە خوەزا و سروشتی هەموو بوونەوەرێک. بە مانایەکی تر هەموو بوونەوەرێک بە سروشتی خۆی خوازەی سەربەستی تێدا هەیە و لە بندەستی بێزارە. هەر بۆیە هەموو بندەستییەک لە ناخی خۆیدا هەڵگر و ژێدەری جۆرە نائومێدی و تێکشکانێکی دەروونییە. کە واتە ڕەوشی بندەستی هەر لە سەرەتاوە

ڕادەیەک لە نائومێدی و بێهیوایی لە ناخی بندەستدا دەچێنێ. ئەم بێهیواییە خۆی هاندەرێکی دەروونی گەورەیە بۆ قەبوولکردنی بندەستی و ڕاهاتن پێی. لە نائومێدیدا مرۆڤ تەنانەت ئەگەر لە بندەستبوونی خۆشی بێزار بێ ناتوانێ هیچ هەنگاوێک بەرەو ڕاکردنی ئەو بندەستییە هەڵبگرێ. لەم ڕوویەوە نائومێدی بەربەستێکی گەورەی دەروونییە بۆ بەگژداچوونی بندەستی و ئەم بەربەستەش پێش هەموو شتێک بەربەستە لە پێش باوەڕبوونی مرۆڤ بە خۆیدا. پێشتر باسی ئەو کۆیلانەم کرد کە ڕازیکردنیان بە هەڵهاتن لە بەردەگی ئەستەمترین قۆناخی کارەکەی "هەرییێت توبمەن" بوو بۆ ڕزگارکردنیان. ئەوان ڕاستە لە ئەوپەڕی بێدەسەڵاتیدا بوون و لەلایەکی تریشەوە وەک چارەیەکی ژیانی بە دۆخی بندەستی ڕاهاتبوون، بەڵام ئەوەی لە ناخیاندا کوژرابوو ئومێد و باوەڕبوون بوو بە خۆیان وەک مرۆڤگەلێ کە شایانی ڕزگارین، دەتوانن بە ڕزگاری بژین یان لانیکەم بۆیان هەیە لەپێناو بەدەستهێنانی ئەم ڕزگارییەدا تێبکۆشن. بەداخەوە لێرەشدا پێویست ناکا دەست بۆ

میناکی دوورتر ڕابکێشین، چۆنکە دیسان نموونە گەورەکە لەم بوارەدا ئێمەی کورد خۆمانین. بەشێکی گەورەی جڤاکی کوردی لە ئەوپەڕی نائومێدیدا لەژێر سێبەری بندەستیدا پاڵی لێ داوەتەوە. ئەگەر دیسان بیرتان بێتەوە پێشتر باسمان لە هەناسەی "هیچمان پێ ناکرێ" و "چیمان پێ دەکرێ" کرد کە هەم لە باری سایکۆلۆژی و هەمیش لە باری عەقڵانییەوە بەسەر مرۆڤی کورد و بەتایبەتی ڕۆشنبیری کوردەوە زاڵە. ئەم هەناسەیە چەندە بەرهەمی تێڕوانینێکی عەقڵانیش بێ، بە هەمان ڕادەش ئەنجامی هەستپێکردنێکی سایکۆلۆژییە. بە ئەگەرێکی زۆر هەم درێژەکێشانی ڕەوشی بندەستبوون و هەم ناکامی تێکۆشانی دژەبندەستی بۆ ماوەیەکی درێژ دوو هۆکاری زۆر گرنگ بوونە لە دروستبوونی ئەم دۆخە سایکۆلۆژی و عەقڵانییەدا. بێگومان هەر یەکەیەکی مرۆیی تاک یان بەکۆمەڵ کاتێ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە دۆخی بندەستیدا دەمێنێتەوە، ڕاهاتنێکی دەروونی وای لێدەکات تووشی داتەپین و نائومێدی و تەنانەت خەمۆکیش بێت. زۆربەی هەرە زۆری تاک و جڤاتە بندەستەکان هەست بە

بندەستی بکەن یان نا، بە ئاشکرا دوچاری خەمۆکی و داتەپینێکی دەروونی دەبن کە لێکەوتەی ڕاستەوخۆی بارودۆخی ئەو بندەستییەیە. چۆنکە بۆ ماوەیەکی زۆر مانەوە لە ژێردەستیدا مرۆڤ لەو خوەزایەی کە بریتییە لە ژیانێکی ئازادانە و سەربەست دوور دەکاتەوە. درێژەکێشانی بندەستی و مانەوەی لە دۆخی ژێردەستی چەندە لە نائومیدبوونی تاک یان کۆمەڵگایەکی بندەستدا کاریگەری دادەنێ، بە هەمان ئەندازە ناکامی و شکستەکانی تێکۆشان بۆ ڕزگاریش باندۆری ڕاستەوخۆیان لە نائومێدکردنی ئەودا هەیە. لە میناکی تایبەتی کورددا بەداخەوە ئەم هۆکارە زۆر زیاتر لەوەی پێشوو لەسەر نائومێدی کورد کاریگەری هەبووە. جڤاکی کوردی ئەگەرچی لە ئەنجامی دەیان ساڵ تێکۆشان بۆ ڕزگاری و بە دروستکردنی دەیان هێزی جیاواز لەم ڕێگایەدا نیشانی داوە کە نائومێدی نەیتوانیوە سەداسەد باڵی بەسەردا بکێشێ، بەڵام بە دیوێکی تردا نسکۆ و ئاشبەتاڵ و شکستە بەردەوامەکانی لەم ڕێبازەدا بە ئاشکرا جۆرێک لە نائومێدی لە ناخدا چاندووە کە جیاوازە لەو نائومێدییە

دەروونییەی کە بەگشتی لە هەموو بندەستییەکدا دێتە ئاراوە. کاتێ مرۆڤ لە کارێکدا بۆ چەندین جاری دوای یەک تێیدا سەرناکەوێ، جیا لەو نائۆمێدی سایکۆلۆژییەی کە لە دووتوێی خەیاڵاتی وەک "بەدشانسی" ڕووی تێدەکا، لە ڕووی عەقڵانیشەوە هێدی هێدی بەرەو ئەم نائومێدییە عەقڵانییە دەڕوات کە کەماسی لە خۆیدایە. ئەڵبەتە ئەم نائومێدییە عەقڵانییە زۆر جاریش بەو ئاراستەیە کار ناکات کە دەبێ کەماسییەکان بڕەوێنێتەوە، بەڵکوو هاوشانی نائومێدی سایکۆلۆژی بندەست بە ئاراستەی ئەو خۆ تاوانبارکردن و خۆ کەمزانینە دەبات کە پێشتر باسمان کرد. جیا لەمەش ڕێک وەک نەخۆشێک کە بە درەمان و دوکتۆر چارە نابێ و پەنا دەباتە بەر دوعای شێخ و سێحری جادووگەر، بندەست بەرەو ئەو ڕێکار و ڕێبازە نادروست و ناڕاستانە ئاراستە دەکا کە تەنانەت خۆشی بڕوای پێیان نیبە. تەڤگەری دژەبندەستی کورد تێری خۆی پڕە لە هەڵەی گەورەگەورەی وەها. مێژووی بزاڤی دژەبندەستی کورد بە ئاشکرا نیشانی دەدا کە سەرنەکەوتن ئەگەر مایەی نائومێدییەکی دەمکی بێ، بنکەوتنی بەردەوامیش

چاوگێکی هەردەمی و گەورەی نائومێدی و خەمۆکی کۆمەڵگای بندەستە. بیرمان نەچێ نائومێدی تەنیا دۆخێکی تێکشکان و داتەپینی دەروونی نییە کە مرۆڤ تووشی ببێ. بەشێکی گەورەی نائومێدی بریتییە لە بێهیوابوون و نائومێدبوونی مرۆڤ لە خۆی وەک گرنگترین و بنەڕەتیترین بکەری ژیانی ئەو. لەنێو کورددا ئەمڕۆ کەم نین ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە هیچ جۆرە ڕێکخراو و تەڤگەر و پارتێک نەماوە، تەنیا لەبەر سەرنەکەوتنی بزاڤەکانی پێشووتری ئەوان. ئەمە کاردانەوەیەکی دەروونییە کە هەر کۆمەڵگایەک بە شێوەیەکی ئاسایی بەرانبەر بە سەرنەکەوتنە بەردەوامەکانی خۆی نیشانی دەدات. لە هەر بوارێکدا کاتێ چەندین هەوڵی جیاجیای کۆمەڵگا شکستی خوارد، ئیتر ئەو کۆمەڵگایە بە جۆرێ متمانەی بە خۆی لەدەست دەدا کە لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر هەوڵێکی نوێش ئەمە خودی کۆمەڵگایە کە بە چاوی نائومێدی و گومانەوە سەیری دەکا. لەم بارەیەوە خاڵێکی گرنگی دیکەش هەیە. کاتێ مرۆڤ بە شوێن ئامانجێکدا دەگەڕێ، بە شێوەیەکی ئاسایی بەشێک

لە نرخی ڕێکار و ڕێباز و ئامرازەکان دەبەستێتەوە بە ڕێژەی کاریگەری و گرنگی ئەوان لە نزیکبوونەوە لەو ئامانجە و لەڕاستیدا پیرۆزی ئەو ڕێباز و ئامرازانە ڕاستەوخۆ بەمەوە گرێ دەدرێن کە چەندە سەرکەوتن بەدەست دێنن و چەندە مرۆڤ لەو ئامانجە نزیک دەکەنەوە. بەتایبەت لە دۆخی بندەستیدا ئەم پیرۆزییە ڕەنگێکی تۆختر بە خۆیەوە دەگرێ و هەر هێزێک بتوانێ بندەست لە سەربەستی نزیک بکاتەوە، ئەو هێزە دەتوانێ ببێتە هێزێکی پیرۆز و بە پێچەوانەوە ئەگەر هێزێک نەتوانێ ڕزگاری بێنێ یان نەتوانێ بە ئاراستەی ڕزگاری هەنگاو بنێ ئەویش وردەوردە لە پیرۆزی دەکەوێ. ئەمە ئەو خاڵە گرنگەیە کە لایەنی سەردەست هەمیشە وەک ڕێبازێک لەسەری کار دەکات. نائومێدبوون دۆخێکی سایکۆلۆژی بێ یان عەقڵانی لەلای بندەست، نائومێدکردن چەکێکی عەقڵانییە لەکن سەردەست کە لەسەر بنەمای هەمان ئەو دۆخە سایکۆلۆژی و عەقڵانییە بنیاد دەنرێ. سەردەست بەئاگا لەوەی کە نائومێدی و بێهیوایی چۆن کاریگەری هەیە لە دەستەمۆبوونی بندەستەکەی، جیا لە سەپاندنی دۆخێکی

بێهیوایی بە سەریدا بە مەبەستی تێکشکانی دەروونی ئەو، وەک ڕێکار و ڕێبازێکی گرنگ و ستراتێژیک کار لەسەر ئەوەش دەکا بندەست هەمیشە لە خۆی نائومێد بێ. بۆ وێنە کاتێ خاوەنکارێ بە کرێکارەکەی دەڵێ تۆ چیت هەیە، تۆ هیچ نیت، ئەگەر من کارت نەدەمێ ناتوانی خۆت بژێنی و... هتد، ڕێکاوڕێک خەریکی پەیڕەوکردن و بەکارهێنانی ئەم ستراتێژییەیە. لە شوێنێکی تری ئەم نقیسارەدا ئاماژەم کرد کە داگیرکەرانی کوردستان لە دانووستاندن لەگەڵ هەر کوردێکدا بەردەوام کەماسییەکانی دەسەڵاتی باشوور یان ناتەواوی شۆڕشەکانی پێشووتر کاوێژ دەکەنەوە. لەڕاستیدا ئەم کاوێژکردنە هەر نیازێکی دیکەشی تێدا هەبێ، دیسان هەڵگری ڕێژەیەکی بەرچاوە لە ستراتێژی "نائومێدکردن لە خود". بیریشمان نەچێ نائومێدی بەگشتی و نائومێدبوون لە خود بەتایبەتی بە شێوەیەکی ماندار پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ "بێهێزی"دا هەیە. لەحاڵێکدا بێدەسەڵاتی و بێهێزی زەمینەیەکی لەبار و کاریگەرە بۆ بێهیواکردن و نائومێدکردن، لەم لاشەوە بێئومێدی خۆی هەموو توانا و

هێزێکی مرۆڤ دەخواتەوە و هۆکار و سەرچاوەیەکی گرنگی بێهێزکردنە. بە مانایەکی کورت بێهێزی و نائومێدی دوئالیتەیەکی بەرهەمهێنی یەکترەکین. کەس یان جڤاکی بندەست بە هەمان شێوە کە لە ساتەوەختی هەستکردن بە بێهێزی بەو لاوە وردەوردە تووشی بێهیوایی و نائومێدی دەبێ، لە ساتەوەختی بێئومێدیش بە دواوە هەموو هێزێکی خۆی بۆ گۆڕانکاری لەدەست دەدا. هەر بۆیە زیندووهێشتنەوەی ئومێد لە ناخی بندەستێکدا کە دۆخێکی بێدەسەڵاتی و بێهێزی دەژی کارێکی زۆر ئەستەمە. بە هەمان شێوەش بەهێزکردن و گەڕاندنەوەی هێز بۆ بندەستێ کە هەموو ئومێدێکی خۆی لەدەست داوە کارێکی ئەستەمە. جڤاکی کوردی یەکێ لەو نموونە دەگمەنانەیە کە سەرەڕای ئەمەی بەراورد بە سەردەستەکانی خۆی هەمیشە لە پێگەیەکی بێهێزتردا بووە هیچ کاتێ بە تەواوەتی ئومێدی خۆی لەدەست نەداوە. ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێ کە کوردی ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتر کردووە و دەسکەوتەکانیشی لەم ڕێگایەدا هەرچەندە بچووک و نێوە و ناچڵیش بن گوزارەیەکی

ڕۆشنن لەم ڕاستییە. کە واتە دەکرێ بڵێین سایکۆلۆژییەتی "خۆ بەهێزکردن" یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین ڕێکارەکان بۆ دژایەتیکردنی نائومێدی و ئەگەر ئەم سایکۆلۆژییەتە ببێتە عەقڵانییەت، بێ هیچ گومانێک دەتوانێ بە ئاقاری کاڵکردنەوەی بندەستی دەسکەوتی گەورەی لێ بکەوێتەوە.

## بەزەیی یا چێژی بندەستی

بە ئەگەرێکی زۆر فرەییێک لە ئێمە ڕۆژێ لە ڕۆژان تووشی کەسانێک هاتووین کە بە هەر مەبەستێک بۆ پێناسەی خۆیان دەستەواژە و ڕستەگەلێکیان بەکار هێناوە کە گوزارەیان لە داماوی، بێچارەیی، دەستەوەستانی، بێدەسەڵاتی، ژێردەستی، هەژاری و... هتد خۆیان کردووەتەوە. بۆ وێنە دەروەزەکەرێ سەرباری ئەمەی کە دەشزانێ خەڵکی بە هەژاربوونی ئەو دەزانن و هەر بۆیەش یارمەتی دەدەن، کەچی وەک بڵێی هێزێک لە ناوەوە هانی بدا، بەزەیی خۆی دێنێتەوە کە گوایە فەقیرە و پێویستی بە

کۆمەک هەیە. یان کرێکارێ سەرەڕای ئەمەی کە دەشزانێ خاوەنکارە کەدخوارەکەی بە ڕوونی ئاگای لە هەژاری و مەویسی ئەو هەیە، بەڵام دیسان بە بەزەییهێنانەوەی خۆی لە بەردەمیدا هەژاری خۆی کاوێژ دەکاتەوە. یان گومانلێکراوێکی بێتاوان سەرەڕای ئەمەی کە دەشزانێ دۆزگەر بەبڕیارە هەر جۆرێ بووە سزای بدا، لێ لە بەردەمیدا هەر بەزەیی خۆی دێنێتەوە و لە دەستەوەستانی خۆی دەبێژێ. یان کڕیارێکی دەستنەچوو لەگەڵ ئەمەی کە دەشزانێ دووکاندار بە هیچ جۆرێ بەهای کاڵاکەی بۆ داناشکێنێ، کەچی پێداگرە لەسەر ئەمەی بە بەزەییەوە کەمداهاتی و دەستنەچوونی خۆی لای ئەو هاوار بکا... و هتد. ئەم سایکۆلۆژییەتە کە بە شێوازێکی زۆر سەیر لە هەڵسوکەوتی هەموو بندەستێکدا بەدی دەکرێ، لەڕاستیدا ڕواڵەتی میکانێزمێکی دەروونییە کە بەسەر بندەست یان بەگشتی ستەملێکراودا زاڵە. ئەم مێکانیزمە دەروونییە لەوانەیە هەوڵێکی خوەزایی و ناخودئاگای بندەست بێ بۆ ڕاکێشانی سۆزی کەسانێکی تر، یان جۆرێک لە داواکاری بێ بۆ بە

هاناوەچوون، یان هاوارێکی خنکاو بێ بە ئاراستەی لەقاودانی ستەمکار و سەردەست. بە گوتنێکی دیکە ئەم ناخودئاگای "خۆ بەزەییهێنانەوە"یە ڕەنگە سەرەتا هاندەرێکی دەروونی بێ بۆ گەڕان بە شوێن ڕزگارکەرێکدا، یان ویستێکی خوەزایی بێ بە دوای ڕزگاریدا، یان هەر خوازەیەکی دیکەی سایکۆلۆژیک بێ بە ئاراستەی ڕاکردنی بندەستی. بەڵام جاڕدانی هەمیشەیی بەزەبوون لە هەر کات و ساتێک و هەر شوێن و ناشوێنێکدا لەلایەن بندەستەوە هەر مەبەستێکی لەپشتەوە بێ، پێدەچێ ڕێژەیەکی بەرچاویش لە جۆرێک چێژگرتنی دەروونی لە ئازاری بندەستی تێدا هەبێ. لە نیشانەکانی ئەم چێژگرتنە ناخودئاگایە ئەمەیە کە بندەست زۆر جاران وەک وڕێنەیەک و تەنیا لەلای خۆیدا بەزەیی خۆی دێنێتەوە و هیچ داوایەکی یارمەتیدانی تێدا نییە و ڕووشی لە کەسێکی تر نییە. نیشانەیەکی دیکە ئەمەیە کە بە درێژایی مێژوو هانا و هاواری بندەستان زۆر زۆر زیاتر بووە لە بە هاناوەچوون و یارمەتیدانی ئەوان، کەچی گێڕانەوەی بەدبەختی وەک

ورێنەکانی بندەستی هەمیشە و هەمیشە بەردەوام بوونە.

نموونەی هەرە زیندووی ئەم نەریتە کوردە. بڕوا ناکەم هیچ گەڵێک ئەوەندەی کورد هەم لە ناو خۆیدا و هەمیش ڕووی لە دەرەوەی خۆی گلەیی و گازندەی بندەستبوونی خۆی بکا. ئەدەبیاتی ناسیۆنالیستی و شۆڕشگێڕی کوردی هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ لێوانلێوە لە وێناکردنی خود وەک نەتەوەیەکی داماو، هەژار، بەشخوراو، فەقیر، کوڵۆڵ، بندەست و... هتد. ئەم چەمک و پەیڤانە لە ناخی ئێمەدا بە جۆرێ پڕڕەنگن کە هەر ئەمە نییە تەنیا لە کاتی خۆ بەزەییهێناندا لە زمانی هێمنەوە بڵێین "لە مەریوانەوە هەتا زرێبار ـ وەک زرێبارە چاوی کوردی هەژار" یان لە زاری جگەرخوێنەوە هاوار بکەین "بەلێ ئەزم کورد ـ ئیرۆ ئەز مامە بندەست و زگورد ـ ئەڤ تاج و ئەیوان تەڤ چوون و ڕزین ـ دژمن ناڤ و دەنگ تەڤ ژ من دزین". ئەم سایکۆلۆژییەتە تەنانەت لە کاتی ڕۆشنگەریشدا ئێمە بەرنادا و لەسەر زاری ئێمە ناکەوێ. بۆ وێنە حاجی قادر لە کاتی هاندانی خەڵک بەرەو

بەئاگاهاتندا دیسان پێداگرە لەسەر بەرجەستەکردنی بێنەوایی و داماوی کورد، ئەو کاتەی کە دەڵێ: "بێنەوایانی موڵکی کوردستان ـ هەر لە گاوانی تا دەگاتە شوان ـ لە خەوی جەهل و مەستی و غەفڵەت ـ بە خەبەر بێن بە نەغمەیی ڕەحمەت". ئەمە تەنانەت لە کاتی حەماسەتیشدا هەر لە گەڵماندایە. بۆ وێنە هەژار لە هەڵبەستی "ئاڵای کوردستان"دا کە هەڕەشە لە دژمنانی کورد دەکا و دەڵێ: "داری ئاڵام داری کرد بۆ خوێنمژی کوردی هەژار ـ پێی بڵێن با داکەوێ لەو خاک و خۆڵە چی دەوێ؟"، لەجیاتی بوێری یان هەر شتێکی دیکە دێت و هەژاربوونی کورد بەرجەستە دەکاتەوە. یان کاتێ ناسری ڕەزازی لە پەسنی پێشەوادا دەچریکێنی "بۆ گەلی کوردی هەژار ـ بووی بە داری ڕیشەدار"، دیسان ئەمە هەژاربوونی کوردە کە دەبێ بەرجەستە بکرێتەوە و... هتد. هەرچەندە گۆڕانی و دەنگبێژی یەکێ لەو بوارە هەرە ئاسان و دیارانەیە کە بۆ پەیداکردنی ئەم سایکۆلۆژییەتە بەسە، بەڵام بێگومان تێڕامان لە هەر گۆشەیەکی دیکەی جڤاکی کورد بە ڕوونی بەشێک لەم سایکۆلۆژییەمان پێ نیشان دەدات. بۆ وێنە

ئێمە لە پێناسە و داناسینی بلیمەتەکانیشماندا هەوڵدەدەین ئەم چەمکانەیان پێوە بلکێنین. بۆ وێنە بۆ نیشاندانی گەورەیی و بلیمەتی زیرەک کتێبی لەسەر دەنووسین بە سەرناوی "زیرەک هونەرمەندی نەتەوەی بندەست"، یان بۆ داناسینی قانعی شاعیر پێناسەی "شاعیری چەوساوەکانی کوردستان" لەسەر بەرگی دیوانەکەی بەرجەستە دەکەینەوە و... هتد. بەکورتی پێداگری بەردەوام لەسەر داناسینی خود وەک هەژار، فەقیر، بندەست، داماو، جێماو، کوڵۆڵ، برسی، ڕەشوڕووت، بێدەسەڵات، دواکەوتە، بێکەس و... هتد، بە بۆچوونی من زۆر زیاتر لەوەی گلەیی و هاوار بێ بە ئاراستە و نیاز و مەبەستی ڕزگاربوون، نەستێکی دەروونییە کە هەڵگری جۆرێک لە لەزەتێکی دەروێشانەیە سەبارەت بە ئازاری بندەستی. بە گوتنێکی دی بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە تا ئێستا کورد هیچ ئەنجامێکی لێ وەرنەگرتوون، وڕێنەکردن و هاوارکردنەوەی بەردەوامی بارودۆخی بندەستی و گێڕانەوەی هەمیشەیی ئازارەکانی ئەم بارودۆخە ناتوانێ سەداسەد نیاز و

مەبەستی ڕزگاربوونی لەپشتەوە بێ، بەڵکوو پێدەچێ بەشێک لێی جۆرێک لە ویست و تەنانەت حەزی دەروونی بۆ ئەم ئازارەی تێدا شاراوە بێ. گۆشەیەک لەم ئازاردۆستییە جارجاران لەو نۆستالژییەدا خۆی نیشان دەدا کە مرۆڤی کورد بۆ دەسەڵاتە داپڵۆسێنەر و ستەمکارەکانی سەردەستی کوردستان دەینوێنێ. ئەمڕۆ ڕێکاوڕێک مینا سەربازێک لە سەردەمی سەربازیدا نەشیاوترین ڕەفتارەکانی لەگەڵدا کرابێ و گەورەترین سووکایەتییەکانی دیبێ و بەڵام چەندین ساڵ دواتر بە تامەزرۆیی و چێژێکی سەرخۆشانەوە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بگێڕێتەوە، بەشێکی گەورەی خەڵکی باشوور سەبارەت بە سەردەمی سەدام و بەعس نۆستالژییەکی قووڵ و بێپەردە دەژین. هەر وایە تێڕوانینی نۆستالژیک و تاسەئامێزی بەشێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەردەمی شای ئێران کە وەک هەموو داگیرکەرانی دیکە سەبارەت بە کورد هیچی لە سەدام کەمتر نەبووا...

## بندەستی و ترس

لە یەکێ لە دیمەنەکانی ڕۆمانی "بەندەر فەیلی"دا یەکێ لەو بەندکراوانەی کە دەکرێتە مامۆستای بەندەر، ڕۆژێک بەپێی ڕێنماییەکانی زیندان دەبێ ژیانی سەرۆک بۆ منداڵەکە بخوێنێتەوە، بەڵام ئەو بڕیار دەدا لەباتی ئەوە ڕاستییەکان بۆ بەندەر فەیلی ڕوون بکاتەوە. ڕۆمانەکە لە چەند شوێنێکدا دۆخی ئەو مامۆستایە لە کاتی گوتنەوەی ڕاستییەکان بۆ بەندەر بەم شێوازە وێنا دەکا: "چینێک عارەقی دەردا، چاوانی سوور بوونەوە، لێوی کەوتە لەرزین، دەستی گرت بە دەمییەوە و بە چرپە بە منداڵەکەی گوت ئەمە درۆیە، ئەمە هیچ نییە، هەموویان پیاوکوژن،...". "پیاوەکە ئێستا ڕەنگی دەموچاوی تەواو لە ڕەنگی قاپێکی کاشی سپی دەچوو، هەموو گیانی دەلەرزی، بە یەکێک دەچوو بیبەن بۆ سەری سەکۆی خنکاندن". "مامۆستا لێوی دەلەرزی، دەستی دەلەرزی". ئەم دیمەنە سادانە چەندە خەیاڵیش بن، وێنایەکی ڕاسکانین لە دۆخێکی دەروونی کە ئاڵایە هەموو کەسێ پێی ئاشنایە و پێی دەگوترێ "ترس". بڕوا ناکەم هیچ

کەسێک هەبێت کە بە تەواوەتی لەگەڵ "ترس"دا نائاشنا بێت یان بە ڕەهایی هیچ تێگەیشتنێکی لە ترس نەبێت، بە جۆرێک کە زۆر ئەستەمە مرۆڤێک بدۆزرێتەوە جارێ لە جاران کەم یا زۆر ترسێک داینەگرتبێت. ترس زۆربەی کاتەکان زادەی بارودۆخی نالەبار و نائاسایی مرۆڤەکانە و پەیوەندییەکی ڕاستەڕاستی لەگەڵ نائاساییبوونی ڕەوشی مرۆڤدا هەیە. "بندەستی" یەکێ لەو ڕەوشە نائاسایی و نالەبارانەیە کە ڕاستەوخۆ بەرهەمهێن و دروستکەری ترسە. بندەستی لەڕاستیدا نائاساییکردنی ژیانە لەڕێی داگیرکردنی سەربەستی و ئازادییەوە. کە واتە ژیانی بندەستی پێش هەموو شتێک ژیانێکە بەشێ لە ئاساییبوونی خۆی لەدەست داوە و هەر بۆیە لە هەنگاوی یەکەمدا خۆی سەرچاوە و ژێدەری ترس و دڵەڕاوکێیە. بۆ وێنە کرێکارێ چەندە مووچە و پێگەیەکی باشیشی هەبێ، دیسان دڵەڕاوکێی ژیانێکی مسۆگەری هەر تێدایە. یان فەرمانبەرێ چەندە بە ڕێکوپێکیش کارەکەی خۆی بکا، هەمدیس ترسێکی بەڕێوەبەرەکەی لەبەردایە. یان خوێندکارێ چەند زیرەکیش بێ دواجار سامێک لە

مامۆستا بە سەریدا زاڵە و... هتد. کە واتە بندەستی وەک ڕەوشێکی نائاسایی لە ژیان، بۆ خۆی ژینگەیەکی هەمیشە ترسناکە کە مرۆڤ تێی دەکەوێ. بەشێک لە ترسی ئەم ژینگە ترسناکە ئەو ترسە کاتییە ڕووتەیە کە هاوشێوەی دۆخی مامۆستاکەی بەندەر بندەست لە کات یان لە دوای ئەنجامدانی تاوانێک بەرانبەر بە سەردەستەکەی تووشی دەبێ. بەڵام بەشی هەرە کاریگەرتر کە هەمیشەیی و شاراوەیە ئەو ترسە دەروونییەیە کە پێش ئەنجامدانی تاوان لە ناخی بندەستدا دروست دەبێ و لە هەموو ڕوویەکەوە چاودێری دەکا و بەردەوام پاڵی پێوە دەنێ تا خۆی لەگەڵ ڕەوشی بندەستیدا بگونجێنێ و یاسا و ڕێساکانی ئەم ڕەوشە ڕەچاو بکا و بە گوێرەیان بجووڵێتەوە، یان بە کورتی پێش بە ئەنجامدانی هەر تاوانێکی لێ بگرێ. ئەم ترسە ترسێکە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا بۆ خۆی دروستی دەکا و هەر بۆیە دەکرێ وەک "ترسی سایکۆلۆژیک" پێناسەی بکەین. ترسی سایکۆلۆژیک پێش ئەوەی ڕێگری لە بندەست بکا هەڵسوکەوتێکی پێچەوانەی نۆرمەکانی سەردەست

بنوێنێ، هانی دەدات بەوەی گوێڕایەڵی نۆرم و یاساکانی ئەو بێ و بەرانبەر بە ئەو هەڵەیەکی لێ ڕوونەدا. ئەم دۆخە دۆخێک نییە خودی سەردەست تێیدا چاوەڕوان بێ بندەستەکەی تاوان و هەڵەیەکی بەرانبەر بکا و ئەمیش سزای بدا، بەڵکوو دۆخێکە تێیدا تارمایی و سێبەرێکی سەردەست لە دەروون و ناخی بندەستدا دادەنیشێ و هەر لەوێوە هێڵانی نادا سەبارەت بەو تەنانەت بیر لە تاوان و هەڵەش بکاتەوە. لە سایکۆلۆژییەتی ترسدا بندەست پێش ئەوەی سەردەستەکەی کۆنترۆڵی بکا، خۆی دەست دەکا بە سانسۆرکردن و چاودێریکردنی خۆی، نەکا تاوانێکی لێ بوەشێتەوە. کە واتە سایکۆلۆژییەتی ترس ئەو ترسە ڕووتە نییە کە مرۆڤی بندەست دوای تاوان تووشی دەبێ، بەڵکوو ترسێکی سایکۆلۆژییە کە لەپێشدا لە دەروونی بندەستدا گەرا دەبەستێ بۆ ئەوەی ڕێگەی تاوانکردن، واتە ڕێگەی بەگژداچوونی سەردەستەکەی لێ بگرێ. دڵنیام ئێمەی کورد زۆربەمان یا ئەم شێوازە ترسە ژیاوین یا لە کەسانی دەوروبەرمان دیومانە. من خۆم تاکوو ئێستاش زۆر جاران تووشی تکا و ئامۆژگاری دایکم

دەبمەوە کە نابێ لەسەر کارەکەم دژ بە سیستەم و دەسەڵات قسەیەکی نەشیاو بڵێم یان جووڵەیەکی نەشیاو بکەم. هەروەها بە فراوانی تووشی کەسانێکم دیوە کە سەرەڕای دۆستایەتی دەیان ساڵەیان پێکەوە، کەچی متمانەشیان بە یەکتری نەبووە و لە قسەکردن سەبارەت بە دەسەڵات خۆیان لە یەکتری سانسۆر کردووە و تێڕوانینە سیاسییەکانی خۆیان لە یەکدی شاردووەتەوە. تووشی کەسانێک هاتووم کە ئامۆژگارییان کردووم لە خوێندنگە بە کوردی قسە نەکەم، نەبادا کێشەیەکم بۆ دروست ببێ... و هتد. ئەمە تەنیا لە ئاستی شەقام و بەدەنەی کۆمەڵگادا نییە، لە سەرەوە و لەنێو ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانیشدا ئەم سایکۆلۆژییەتە بە تۆخی دەبینرێ. ئەمڕۆ سەرنجێکی سادە بەسە بۆ ئەوەی ببینین ئەم چین و توێژانە چۆن لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا مەترێک زمانیان درێژە بۆ تانەدان لە هەموو شتێکی کورد، بەڵام لە بەردەم مایکەکانی گەلانی سەردەستدا ڕێک وەکوو منداڵێک دەجووڵێنەوە کە نابێ لە بەردەم گەورەیەکدا لاقی ڕاکێشێ!... . لەڕاستیدا بەگوێرەی ئەوەی من بە چاوی

خۆم دەبیبنم، لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان ڕێکتر بڵێم لەو دەڤەرەی کە من ژیاوم، پێم وایە ئەو میناکانەی کە لە هێمای تاکدا لە سەرەوە ئاماژەم پێدان بە ڕادەیەک گشتی و بەرفراوانن کە لەجیاتی ئەمەی بلێین "سایکۆلۆژی ترس" بەسەر تاکەکاندا زاڵە، دروستتر وایە بڵێین "سۆسیۆلۆژی ترس" بەسەر کۆمەڵگەدا باڵادەستە.

لە "سۆسیۆلۆژی ترس"دا جڤاکی بندەست تەنیا ئەمە نییە لە سەردەستەکەی بترسێ، بەڵکوو خۆی ناخودئاگا دەبێتە ژێدەر و بەرهەمهێنەری ئەم ترسە لەنێو خۆیدا. یەکێ لەو میناکە هەرە دیارانەی کە بە ڕۆشنی دەتوانێ چۆنێتی دروستکردنی ئەم ترسە دەروونییە وێنا بکات بریتییە لە زاراوەی "جاش"، نە وەک ئەو بوونەوەرە ناڕێکەی کە لەنێو جڤاکی کوردیدا هەیە، بەڵکوو وەکوو چەمک و تێگین. هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە جاش وەک بوونەوەرێکی ناڕێکی جڤاکی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی و وێرانگەر دەبینێ، بەڵام ناڕێکتر و وێرانگەرتر لە بوونەوەری جاش ئەو یارییە پیسەیە کە ئەم جڤاکە زانستە و نەزانستە، وەخت و ناوەخت و بەجێ و

بێجێ بە چەمک و زاراوەی "جاش" دژ بە خۆی دەیکا. لەم جڤاکە بندەستەدا هەرکەس ڕقی لە کەسێکی تر بێ یەکسەر وەک جاش دەیناسێنێ. هەر کەسێک فەلسەفە و ڕێبازی کەسێکی تری بەدڵ نەبێ وەک جاش پێناسەی دەکا. هەرکەس خزمایەتی یان دانووستاندنی لەگەڵ جاشێکدا هەبێ ئەویش بێ بەڵگە بە جاش تاوانبار دەکرێ. کاری ئیداری هەرکەسێ ئاسان بەڕێوە بچێ، گومانی سیخوڕی و جاشایەتی لێ دەکرێ. لە ئاستی پارت و ڕێخراوەکانیشدا ئەمە بە تۆخی دەبینرێ. بۆ وێنە لە بەریەککەوتنی هەردوو پارتێکدا هەرکامەیان بە ئاسانی ئەوی دیکە بە جاشی یەکێ لە دەوڵەتانی سەردەست تۆمەتبار دەکەن و ئەمڕۆ لەنێو تۆڕە جڤاکییەکاندا ڕستەگەلی وەک "ئێوە جاشی ئێرانن" یان "ئەمانە جاشێ تورکیان" بە ڕۆژانە لەلایەن لایەنگرانی پارتەکانەوە بۆ ڕەشکردنی یەکتری کاوێژ دەکرێنەوە. هەرکەسێ قسەیەک بە سەرکردەیەک بڵێ، پارت و لایەنگرانی ئەو سەرکردەیە یەکسەر دەیکەن بە سیخوڕ و جاشی دژمنانی کورد. هەر پارتێک بیهەوێ ئەندامانی خۆی سزا بدا،

لەپێشدا وەک جاش ناویان دەزڕێنێ. هەر سەرکردەیەک بیهەوێ نەیارەکانی خۆی لە نێوخۆی پارتەکەیدا پاکتاو بکا، لەپێشدا دەیانکا بە جاش و دەستی دەرەکی. هەر نووسەرێک ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای پارتێ یان جیهانبینی سەرۆکێک بگرێ، بێ وەڵامدانەوە وەک جاشقەڵەم ناوزڕ دەکرێ و دەخرێتە لیستی خائینان بە دۆزی کوردەوە و... هتد. بە گشتی بەکارهێنانی زاراوەی "جاش" چی وەکوو چەکێک دژ بە ڕکابەرە نێوخۆیییەکان، چی وەکوو پاساو بۆ براکوژییەکان، چی وەک تۆمەت بۆ ناوزڕاندنی لایەنەکانی بەرانبەر، چی وەکوو خستنی شکستەکان لە ئەستۆی هێزە کوردییەکانی دەرەوەی خود، تەنانەت چی وەک شاردنەوەی خودی جاشایەتییەکان یان ڕەنگکردنی ئەوان بە نیشتمانپەروەری و... هتد، لەنێو کورددا مێژوویەکی دێرینی هەیە کە مژاری ئەم نقیسارە نییە و هیوادارم ڕۆژێک وەکوو یەکێ لە ناتەواوییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئاوڕی لێ بدرێتەوە و لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی لێ بکرێ. بە هەرحاڵ ئەوەی مژاری باسەکەی ئێمەیە، هیچ گومانێ لەمەدا نییە کە ئەم شێوازە

پیسە لە گەمەکردنی جڤاکی کوردی بە زاراوەی "جاش" یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی تێکشکانی متمانەی جڤاکی و دروستبوونی تەونێکی بەرین و بەرفراوانی ترس لە سەردەست لەنێو ئەم جڤاکەدا دژ بە خۆی. لە جڤاکێکی بندەستدا کە هەموو کەسێک گومانی جاشبوونی لەسەر بێ، واتە سەردەست لە هەموو شوێن و کاتێکدا بوونی هەیە و تارمایی ترس بەسەر بندەستەکاندا فەرمانڕەوایە و ئیتر بەدەگمەن کەس بوێری دژی سەردەست سەر هەڵبێنێ.

دیسان لێرەشدا وەک زۆرێک لە لایەنە دەروونییەکانی دیکە سەردەست بە ڕۆشنی لە هێزی ترس لە ناخی بندەستدا بەئاگایە و بە باشیش لەپێناو درێژەپێدانی سەردەستی خۆیدا کەڵکی لێ وەردەگرێ. مێکانیزم و ڕێکاری هەرە سەرەکیش ئەمەیە کە سەردەست لەلایەک ترسێکی دەستکرد لەلای بندەست دروست دەکا و لەلایەکی دیکەوە بەردەوام بانگەشەی ئەمە دەکات کە گوایە ئەو بوونەوەرێکی هەرجێیی و هەردەمییە و لە هەموو کات و شوێنێکدا خەریکی چاودێریکردنی بندەستە. زۆر جاران

ئەم ترسە دەستکردە بە ڕێکاری زۆر سادە و بەڵام کاریگەر بەرهەم دێت. یەکێ لە ڕێکارە هەرە ساکارەکان دروستکردنی فەزایەکی ترسە لەڕێی هێماکانی خۆیەوە. با چەند نموونەیەکی بە ڕواڵەت سادە بێنمەوە کە ڕەنگە بە لای ئێمەوە شتێکی ناگرنگ بن، بەڵام لەڕاستیدا بە هەمان ڕادە کە سادە و ناگرنگ دەنوێنن، لە دروستکردنی فەزای ترس بەسەر کۆمەڵگەدا کاریگەر و بەباندۆرن. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەری هەموو شارێک پێش ئەوەی تابلۆی شارەداری بەخێرهاتنی ڕێبواران بکا، ئەمە تابلۆی ١١٣ی دەزگای ئیتلاعاتە کە پێشوازی لە خەڵک دەکا. یان لە هەموو پۆلێکی خوێندنگەکاندا وێنەی ڕێبەری وڵات لە ژوورسەری تەختەکانەوە چاودێرە بەسەر هەموو خوێندکاران و مامۆستایاندا. یان لەسەر مێزی هەموو بەڕێوەبەرێ ئاڵای وڵاتی ئێران دانراوە و... هتد. ئەم ڕەوشە لە فەرمانڕەوایی هێماکانی سەردەست کە لە پارچەکانی تری کوردستان و بەگشتی لە هەموو جۆرە بندەستییەکی دیکەشدا بە هەمان تۆخی دەبینرێن و زۆربەی ئێمەش بە هەمان ئاسانی لێیان دەڕوانین،

لەڕاستیدا لە گرنگترین ڕێکارەکانی سەردەستن بۆ دروستکردنی ترس و دەستەمۆکردنی بندەستەکان. خاڵی هەرە گرنگ ئەمەیە کە بە پێچەوانەی ترساندن و هەڕەشەی ڕووت کە ڕاستەوخۆ خودئاگای مرۆڤەکان بە ئامانج دەگرێ، ئەم جۆرە ترسە دەستکردە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ لەسەر ناخودئاگای بندەست کار دەکا و بە شێوازێکی نەرم، شاراوە و بەڵام کوشندە کۆنترۆڵی لەدەست دەگرێ. کوشندەیی ئەم ترسە لەمەدایە کە ترسێکی دەروونی کۆنترۆڵکەر و چاودێرە کە تەنانەت لە نەبوونی سەردەستیشدا کاری خۆی هەر دەکات...

کورت و کورمانجی، سایکۆلۆژی یان سۆسیۆلۆژی ترس هیچ کاتێ ناتوانێ سەداسەد دروستکراوی سەردەست بێ بە تەنیایی، بەڵکوو بەشێک لێی کە بە بۆچوونی من بەشێکی کەمیش نییە، دەستکردی دەروونی یان سایکۆلۆژیکی خودی بندەستە. بەڵام ئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دیکەی بندەستدا جیای دەکاتەوە ئەمەیە کە لە هەبوونی ترسدا بندەست هیچ هەنگاوێکی پێ هەڵناگیرێ بە ئاراستەی دژایەتیکردنی

سەردەستەکەی و هەروەها هەر ئەگەرێکی ڕەوینەوەی ترس لە ناخی بندەستدا بوێرییەکی زیاتری دەداتێ بۆ دژایەتیکردنی ئەو. بەکورتی ترس پەیوەندییەکی تەواو پێچەوانەی لەگەڵ ڕزگاریدا هەیە. هەرچی سایکۆلۆژی یان سۆسیۆلۆژی ترس زیاتر بەسەر کەس و جڤاکی بندەستدا زاڵ بێ، ئەو کەس و جڤاکە زیاتر لە ڕزگاری و سەربەستی دوور دەکەوێتەوە...

## بندەست و دۆستەکانی

مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی کاتێ پرسگرێک یان کۆسپێکی دێتە پێش، جگە لەوەی لە ناوەوەی خۆیدا بە دوای ڕێگەچارەدا دەگەڕێ، هەمیشە چاوێکیشی لە دەرەوەی خۆیەتی بەڵکوو کەسێک بدۆزێتەوە تا بیپارێزێ یان یارمەتی بدا. تەنانەت لە دۆخی ئاساییدا و پێش ئەوەش کە هەڕەشەیەکی لەسەر دروست ببێ یان هەست بە مەترسییەک بکا بۆ سەر خۆی، بە دوای دۆستانێکدا دەگەڕێ و پێی خۆشە وەکوو کەسێکی

خوەدی کەسوکار و خاوەن پشتیوان خۆی نیشان بدا. بە ڕوویەکی دیکەشدا گەلێ جار بەشێ لە نەهامەتییەکانی خۆی بە بێکەسییەوە گرێدەدا و نسکۆ و شکستەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆی بێکەسی خۆی. بەگشتی پرسی "دۆست و دۆستایەتی" وەک پرسێکی ژیانی هەمیشە بەشێک لە کەسایەتی مرۆڤەکانی خەریکی خۆی کردووە و پێدەچێ هەموو جووڵەیەکی لە چوارچێوەی ئەم پرسەدا چی غەریزی بێ و چی عەقڵانی، بەشێک بێ لە مێکانیزمێکی هەم ڕەوانی و هەم عەقڵانی مرۆڤ کە دەکەوێتە چوارچێوەی "خۆپاراستن"ێک کە لە هەموو بوونەوەرێکدا بەدی دەکرێ. لەم مێکانیزمەدا هەر تاک یان جڤاتێکی مرۆیی هەمیشە پێی خۆشە کەسانێکی دیکە وەکوو "دۆست"ی خۆی پێناسە بکا، بەشکەم بتوانێ لەپێناو خۆیدا کەڵکیان لێ وەربگرێ، لە مەترسییەکاندا پشتییان پێ ببەستێ یان لە کاتی پێویستدا لە بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بێنێ. ئەم مێکانیزمە ڕاستە لە کاتی هاتنەئارای مەترسییەکاندا زیاتر دەکەوێتە گەڕ، بەڵام تەنانەت لە کاتی مسۆگەری و ئارامیشدا کاری خۆی هەر دەکا. بە گوتنێکی

دیکە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی جڤاکی بە شێوەیەکی سروشتی هەمیشە بە شوێن "دۆست"دا دەگەڕێ و هەوڵی دۆزینەوەی دۆست دەدا بۆ خۆی. لەڕاستیدا خوازەی "گەڕان بە دوای دۆستدا" تایبەتمەندییەکی گشتی و گشتگیرە و هەر لە هەڵسوکەوتی کەسێکی ئاساییەوە کە لە شەڕەشەقامێکدا بە جاڕدانی ناوی عەشیرەتەکەی دەیەوێ خۆی وەک خاوەنکەس و بەهێز نیشان بدا، تاکوو لێدوانی سەرۆک دەوڵەتێک کە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هاوتاکەیدا دەوڵەتی بەرانبەر وەک دۆستی دێرینە دەناسێنێ و پەیوەندی فەرهەنگی دوو وڵات دەگەڕێنێتەوە بۆ دیرۆکێکی مێژینەی هەزاران ساڵە، ئەم تایبەتمەندییە لە هەموو کات و دۆخێکدا و لە هەموو مرۆڤێکدا دەبینرێ.

"پرسی دۆست و دۆستایەتی" چی وەک هەستکردن بە بێکەسی یان خەوبینین بە دۆزینەوەی دۆستەوە لە ناخی مرۆڤدا گەڵاڵە ببێ، چی بە بانگەشەی کەسداری لە زاردا دەربکەوێ و چی بە گەڕان و دۆزینەوەی دۆست لە کرداردا خۆی نیشان بدا، بەتایبەتی لە دۆخی بندەستیدا

دەبێتە یەکێ لە پرسە پڕڕەنگ و گرنگەکان لە ژیانی بندەستدا. ئەم گرنگییە هەم لە سایکۆلۆژی و هەم لە عەقڵانییەتی بندەستدا بە ڕۆشنی ڕەنگ دەداتەوە. ئەم پرسە سایکۆلۆژی بێ یان عەقڵانی، بەتایبەتی بە هەردوو دیوی "نیشاندانی خود وەکوو بێکەس و بێدۆست" یان "داناسینی خەڵک بە دۆست و کەسی خود" دوئالیتەیەکە مرۆڤی بندەست بە درێژایی ماوەی بندەستبوونی خۆی ژیانی دەکا. میناکێکی دیاری ژیانکردنی ئەم دوئالیتەی "دۆستداری ـ بێدۆستی"یە گەلی بندەستی کوردە. دیوی یەکەم کە بریتییە لە هەستکردن بە بێکەسی و بێدۆستی هەستێکە لە ناخی هەموو تاکێک و هەروەها لەنێو جڤاتی کوردیشدا بە ئاسانی بەدی دەکرێ. یەکێ لەو نەریتانەی بە تۆخی گوزارە لە بوونی ئەم هەستە لەنێو کورددا دەکات گرێدانی خۆیەتی بە چیاکانەوە، لە زاری خەڵکی ئاساییەوە بگرە تا نووسراوەی ئەدیبان و نووسەران، هەتا لێدوانی سیاسەتمەداران، تاکوو چریکەی گۆرانیبێژان و... هتد. پرتووکی بەناوبانگی "هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان"ی بێهرووز بووچانی هێمایەکی بەرجەستە و سەمبۆلیکە لەم

بوارەدا. ئەدەبیاتی ناسیۆنالیستی ئێمە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو و تا ئێستاکەش بێوچان خەریکی وێناکردنی کورد بووە وەک گەلێکی بێکەس و تەنیا و بێدۆست. وەک میناک ئەم دێڕەشێعرەی تیرێژ کە دەڵێت "نەزانی و پەریشانی ژ ئێرو پێڤە ئێدی بەس ـ دەما کار و خەباتێیە ژبۆ ڤی میلەتێ بێکەس"، بە هەمان ڕادە کە هاندانە بۆ خەبات و تێکۆشان، بەرجەستەکردنی بێکەسی کوردیشە وەک هاندەرێک بۆ ئەم تێکۆشانە. شێرکۆ بێکەس لە "دەربەندی پەپوولە"دا بەم جۆرە گوزارە لە قووڵبوونی ئەم هەستکردنە بە بێکەسی لە ناخی کورداندا دەکا: بە گوزارەی "کورد و خوا لێک ئەچن/ هەردووکیان بێشەریک، بێکەسن/ ئەمەیش قسەی هەڵکۆڵراوی سەر دیواری مزگەوتێ بوو".

دیوی دووەمی دوئالیتەی "دۆستداری ـ بێدۆستی" ئەو دیوەیە کە زۆر جاران لە هێمای دەستەواژەی "دۆستی کورد" وەک یەکێ لە زاراوە هەرە دوبارەکراوەکانی بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دەردەکەوێ. ئەم زاراوەیە چەندە گوزارە لە خولیای کورد

دەکات بۆ گەڕان بە شوێن دۆست و پشتیوان بۆ دۆزە ڕەواکەی، هەر ئەوەندەش گوزارە لە زێدەڕۆیی و تەنانەت هەندێ ناڕێکیش دەکات لەم بوارەدا. بۆ وێنە ئێمەی کورد لە بێکەسی خۆماندا تەنانەت زۆر جار داوای یارمەتی لە کەسانێکی ئاسایی دەکەین کە لە هاوکێشەکانی پەیوەندیدار بە دۆزی کورد هیچ قورسایی و سەنگێکی ئەوتۆیان نییە و ئەمە خۆی جگە لەمەی کە نیشانەیەکی گرنگە لە بێکەسی ڕاستەقینەی کورد، ئاماژەیەکی گەورەشە بەمەی کە کورد وەک کەسێ لە گۆمدا خەریکی خنکان بێ و دەست بۆ هەر پووش و پەڵاشێک بەرێ، هەندێ جار بەبێ ئەندێشە و تەنیا وەک غەریزەیەک داوای یارمەتی لە دەرەوەی خۆی دەکا. وەڵامە شێعرییەکەی هەژار بۆ نامەیەکی دۆستانەی کچێکی لێنینگرادی لەم بوارەدا تێری خۆی سەمبۆلیکە. ئەو بۆ کچە ڕووسەکە وەها دەنووسێ: "کوردیش زۆر جوانن، بەڵام ئەسیرن ـ لەدەست داگیرکەر بە جوانی پیرن/ گیرۆدەی دەستی تورک و ئێرانن ـ لەنگۆ داخوازی یاریدەدانن". ناڕێکییەکی زۆر گرنگی دیکە لەم بوارەدا ئەمەیە کە دابەشبوونی هێزە

سیاسییەکانی کورد دۆستەکانی ئەم گەلەشی دابەش کردووە. هەر هێزێک و دۆستی خۆی هەیە و هەر هێزێکیش دۆستەکانی خۆی بە دۆستی کورد دەزانێ. هەر بۆیە زۆرێک لەوانەی وەک دۆستی کورد دەناسێنرێن لەڕاستیدا دۆستی لایەنێک یان لەو پەڕیدا دۆستی پارچەیەکی کوردستانن و تەنانەت بەگوێرەی دۆستایەتی لەگەڵ هەندێ هێزی نانیشتمانی کوردیدا دەکرێ هەندێکیشیان بخرێنە خانەی دژمنانی کوردەوە. نارێکییەکی دیکەی کورد لەم بارەیەوە ئەمەیە کە گەلێ جاران دەکەوێتە زێدەڕۆیی هەم لە گەورەکردنی دۆستەکانی خۆی و هەمیش لە زیادکردنی ژمارەی ئەوانە. زۆر سەیرە کە کورد چەندە لە هەستێکی هەمیشەیی و تۆخی بێدۆستی و بێکەسیدا ژیاوە، گەلێ جاریش هاوشێوەی ساتەوەختی هۆنینەوەی شێعری "کورد بێکەس نییە" کە هەژار تێیدا دەڵێ: "کێ دەڵێ کورد بێکەسە، گشت ئاشتیخوازانی جیهان ـ خێرخواهی موڵکی کوردستانن و خەمخواری کوردا!"، بە هەمان پڕڕەنگی حەزی کردووە خۆی لە دۆخێکی خاوەندۆستی و

کەسداریدا ببینێ. ئێمەی کورد لەحاڵێکدا تێکۆشانی دەیان ساڵەی زۆرێک لە شۆڕشگێڕە مەزنەکانی خۆمان لە نەدیتییەوە تێین، گەلێ جار بەهۆی لێدوانێک، گوزارشێک، لێکۆڵینەوەیەک یان گوتارێکەوە کەسانێ دەکەین بە دۆستی گەورەی کورد کە لەڕاستیدا دۆستگەلێکی هێندە گەورەش نین. بێگومان ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو سایکۆلۆژییەت و عەقڵییەتەدا ببینین کە هەموو کەسێ پێی خۆشە خۆی وەک خاوەن کەسوکار و دۆست و پشتیوان دەربخا و لەڕێی گەورەکردنی دۆستەکانییەوە خۆشی بەهێز نیشان بدا، ئەم هەڵسوکەوتە تا ڕادەیەک سروشتی و لۆژیکی دەنوێنێ، بەڵام بە دیوێکی تردا دیسان هەڵگری ڕێژەیەکی بەرچاوە لە خۆ گۆڵدان و خۆ خەڵەتاندن. گەورەکردنی دۆستەکان هەندێ جاریش بە دیوەکەی تردا خۆی نیشان دەدا و هێزە کوردییەکان بە ئاشکرا ئەو دۆستانەی کە لە خۆیانەوە نزیک نین و دۆستی لایەنێکی دیکەی کوردین بچووک دەکەنەوە و گرنگییان پێ نادەن. شەڕقانە ئینتەرناسیۆنالیستەکانی ڕۆژاوای کوردستان میناکێکی باشە لەم بوارەدا. زۆربەی هەرە

زۆری هێزە کوردییەکانی دەرەوەی هێڵی شۆڕشی ڕۆژاوا بە ئاشکرا و بە ئەنقەست ڕۆڵ و پێگەی ئەوان نادیدە دەگرن و ئەمیش گۆشەیەکی ترە لە مامەڵەی ناتەندروستی کورد لەگەڵ دۆستەکانی خۆیدا.

بێگومان ئەگەر لێگەڕین بە دوای دۆستدا بۆ مرۆڤ پێویستییەکی سروشتی بێ، بۆ مرۆڤی بندەست پێوێستییەکی ژیانییە و هەر هەوڵێک لەم پێناوەدا دەتوانێ هەنگاوێکی هەرچەند بچووک بێ بە ئاراستەی ڕاکردنی بندەستی و نزیکبوونەوە لە سەربەستی. لەم ڕوویەوە لەنێو سایکۆلۆژییەت و ڕەفتارەکانی مرۆڤی بندەستدا دەگمەنە. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەفتارە پێویستە ئەمەیە کە ڕەفتارێکی سایکۆلۆژیکی پەتی نییە و بەشێکی گەورە لێی ڕاستەوخۆ گرێدراوی بیرکردنەوە و عەقڵی خودئاگای مرۆڤە. هەر بۆیە هەر هەڵسوکەوتێکی عەقڵانی ئاگایانە و ژیرانە لەم بوارەدا دەتوانێ سوودی بندەستی لێ بکەوێتەوە. خاڵێکی گرنگی تر ئەمەیە کە جووڵەی گەڕان بە دوای دۆستدا تەنانەت ئەگەر سایکۆلۆژیکیش بێ دیسان ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕاسکانییەتی تێدایە. بە گوتنێکی دی

بەشێکی گەورە لە مامەڵەی بندەست لەگەڵ مژاری "دۆستایەتی"دا مامەڵەیەکی ڕاسکانییە لەگەڵ دیاردەیەکی ڕاسکانیدا و گرێدراوی گەرەک و ڤینی مرۆڤە. بۆ وێنە دەکرێ بندەست نەزانێ هۆکاری خەمۆکی و نائومێدییەکەی بارودۆخی بندەستییە، دەکرێ ببێ بە داردەستی سەردەستەکەی و بە خۆشی نەزانێ، دەشی توولەکی بە خۆی بکا بەبێ ئەوەی مەبەستی سووکایەتیکردن بێ، دەشێ ناخودئاگا نەریتی سەردەستەکەی بە فەرهەنگێکی باڵا بزانێ، دەکرێ لە سەردەست بترسێ و نەزانێ هۆکاری ترسەکەی چییە و... هەموو ئەمانەش لە دەرەوەی خودئاگای ئەو بێنە ئاراوە، لەحاڵێکدا بە ئەگەرێکی زۆر بە ڤین و گەرەکی خودئاگای خۆی بە شوێن دۆستدا دەگەڕێ و لەم لێگەڕینەشدا ئاگایانە دەزانێ بۆچی بە دوای دۆستدا دەگەڕێ، دۆستەکانی کێن، دەتوانن چی بۆ بکەن و... هتد. لە درێژەی ئەم ڕاسکانیبوونەدا سایکۆلۆژییەت یان عەقڵانییەتی پەیوەندیدار بە پرسی دۆستایەتی لەو دەگمەن گۆڕەکانەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە

لایەنێکی سێیەمەوە لە دەرەوەی هاوکێشەکانی بندەستی. بە گوتنێکی دی بەشێکی گەورە لێی گرێدراوی جیهانێکە لە دەرەوەی پەیوەندی "سەردەستی ـ بندەستی" و دەرگایەکە بەرەو دەرەوەی ئەم پەیوەندییە.

لە کۆتاییدا بیریشمان نەچێ کە گەڕان بە دوای دۆستدا یان دۆزینەوەی دۆست بە هەمان ڕادە کە ئومێدبەخشە زۆر گران و ئەستەمیشە. مێژوو نیشانی داوە کە زۆر کەم ڕوویداوە بندەستانێک توانیبێتیان لە دەرەوەی خۆیان بەشی ڕزگارکردنیان دۆست پەیدا بکەن یان بە گوتنێکی دیکە زۆر کەم پێشهاتووە خەڵکانێکی بندەست لەلایەن دۆستەکانیانەوە ڕزگار کرابن. هۆکاری ئەمەش پەیوەستە بە ویژدانەوە. بە بۆچوونی من مرۆڤایەتی لە هەر ڕوویەکەوە گەشەی کردبێ، لە بواری "ویژدان"دا و بەتایبەتی ئەو ڕەهەندەی ویژدان کە هەڵگری ڕۆحی "پارێزوانی لە ستەمدیدە"یە گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە و ئەم بوونەوەرە هێشتا ویژدانێکی سەرەتایی دەژی. بە گوتنێکی دی مرۆڤ بەم مانایەی کە هێزێکی دەروونی پاڵی پێوە بنێ بەرەو پارێزگاری لە ستەمدیدە، هێشتا خاوەنی

ویژدانێکی تەواو نییە و زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤەکان لە کاتی بینینی ستەمکاریدا ئەگەر لایەنگری ستەمکار نەبن، ئەوپەڕی دەتوانن هاوسۆزی خۆیان بۆ لایەنی ستەمدیدە نیشان بدەن. هەر بۆیە دۆزینەوەی دۆست بەو ڕادەیەی بەشی ڕزگاربوون لە بندەستی بکات ئەگەر کارێکی نەکردەنی نەبێ، کارێکی یەکجار ئەستەم و دژوارە. بەڵام ئەمە هیچ بەو مانایە نایەت بندەست لە لێگەڕین و دۆزینەوەی دۆست دەست هەڵبگرێ. چۆنکە دۆستایەتی لەڕاستیدا ئەگەر تەنانەت بەرهەمیشی نەبێ لانیکەم دەتوانێ چاوگێکی ئومێدەواری بێ بۆ بندەست. بەتایبەتی لە میناکی کورددا لەبەر ڕۆشنایی ئەو تۆزە ئومێدەی کە ئەم کارە هەمیشە توانیویەتی بیبەخشێ و بە بینینی هەندێ دەسکەوتی هەرچەند بچووکیش لەم بوارەدا، لێگەڕین بۆ دۆست بایی ئەوە دێنێ کورد هەمیشە لە خودئاگای خۆیدا بە زیندوویی بیهێڵێتەوە...

## ویژدان لەنێوان سەردەست و بندەستدا

کە مرۆڤ بە ناڕەوا داشتەیەکی لێ زەوت دەکرێ یان مافێکی لێ بنپێ دەکرێ، لەڕێگای هەوڵدان بۆ سەندنەوەی ئەو ماف و داشتەیە ڕەنگە گەلێ هەنگاو و ڕێکاری جۆراوجۆر بگرێتەبەر. بۆ وێنە دەکرێ بە هەڕەشەکردن لایەنی ستەمکار بترسێنێ، ڕاستەوخۆ بە زەبری هێز بەرەنگاری ببێتەوە، سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار بکا، یان کەسانێک وەک ناوبژیوان ڕاسپێرێ بەڵکوو مافەکەی بۆ بگەڕێننەوە و... هتد. لەنێو ئەم ڕێکارانەدا دواجار ئەگەر ستەمدیدە دەرەقەتی ستەمکار نەهات و هیچی پێ نەکرا، بە ئەگەرێکی زۆر لە ساتەوەختێکدا ناچار دەبێ ڕوو بکاتە ویژدانی ستەمکار و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەودا بکەوێتە دانووستان. بە واتایەکی دی سەرئەنجام لە ساتەوەختێکی سایکۆلۆژیکدا کە زادەی بێدەسەڵاتی و دۆڕاوییە، ستەملێکراو هەوڵدەدا لایەنی بەرانبەر ڕووبەڕووی ویژدانی خۆی بکاتەوە و لەگەڵیدا بیخاتە جەنگێکی ویژدانی و دەروونییەوە بەڵکوو لەڕێی ئەم جەنگە ویژدانییەوە مافەکەی خۆی وەربگرێتەوە. پێشگوزارە و

ڕستەگەلێکی وەکوو "لە خودا خۆش نایە..."، "چۆن ویژدانت ئاسوودەیە..."، "با تۆزێ ویژدانت هەبێ..."، "لە خودا ناترسی..."، "ویژدانی خۆت بکە بە داوەر..."، "چۆن ویژدانت قەبوول دەکا..." و... هتد کە لە کێشە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە ستەمکارییەکاندا لە زاری ستەملێکراواندا دێنەگۆ تێری خۆیان گوزارە لە ڕۆحی ئەم ساتەوەختە و سایکۆلۆژییەتی پشتەوەی دەکەن کە وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا ئەنجامی دۆڕاندن و بێدەسەڵاتی لایەنی ستەمدیدەن.

وەک دەزانین لە مانایەکی گشتیدا ویژدان هێزێکی دەروونی داوەریکردن و چاودێریکردنی ڕەفتار و کرداری مرۆڤە لە ڕووی چاکە و خراپەوە و لە ئەنجامیشدا هێزێکی دەروونییە بۆ ڕێگریکردن لە ستەمکاری، لەلایەن خۆیەوە یان لەلایەن کەسانی ترەوە. بێگومان ئەم هێزە کە بە هەردوو لایەنی کرداری و هەستیاریدا کار دەکا، لە هەموو کەسێک دەبینرێ و گشت مرۆڤەکان خاوەن ویژدانن، بەڵام ئەوەی مرۆڤەکان لە بواری ویژداندا لە یەکتری جیا دەکاتەوە ڕادەی هەستیاربوونی ئەم هێزەیە بە چاکە و

خراپە لە دەروونیاندا. زاراوەکانی "بێویژدان" و "بەویژدان" یان ڕستەگەلی وەک "فڵانی ویژدانی نییە"، یان "فڵانکەس ویژدانی خەوتووە"، "فیسار بێویژدانە" و... هتد لەڕاستیدا گوزارە لە ڕێژەی ئەم هەستیارییە دەکەن. کەوتنە دانووستان لەگەڵ ویژدانی لایەنی بەرانبەر کە ئاڵایە لە هەموو پەیوەندییەکی لاسەنگی ستەمکاریدا دەبینرێ، بەتایبەتی یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی ژیانی بندەستی. بندەست بە درێژایی ژیانی دەمدرێژی بندەستبوون بەردەوام بیر لە ختێزەدانی ویژدانی سەردەستەکەی دەکاتەوە بەو هیوایەی سەرئەنجام ئەم ویژدانە وەک هێزێکی ڕێگر و چاودێر لە دەروونی سەردەستدا بکەوێتە کار. بەڵام ئەم ئومێدە هەمیشە گومانێکی گەورەی لە بەردەمدایە. ئەم گومانەش تا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوی کریزی بێویژدانییە بە مانای ناهەستیاربوونی ویژدان وەکوو پێویست. سەردەستبوونی مرۆڤ بەسەر کەسانێکی تردا چۆنکە بنپێکردنی سەربەستی و ئازادی ئەوانە، هەر لە خۆیدا بێویژدانییەکی ڕووتە. زۆرینەی نزیک لە ڕەهای سەردەستان نەتەنیا هاندەرێکی دەروونییان تێدا

بەدی ناکرێ بۆ ڕێگەگرتنیان لە ستەمکاری، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕێژیەیەکی زۆر لە شەهوەتی ستەمکردنیشیان پێوە دیارە. هەر لەبەر ئەمەیە کە زۆر ئەستەمە بندەستێ بتوانێ ویژدانی سەردەستەکەی خۆی بە جۆرێ ڕابچڵەکێنێ کە دژی ئەو پشتی ئەم بگرێ. بۆیە دەتوانین بڵێین گەڕانەوە بۆ ویژدانی سەردەست چی ڕێکارێکی عەقڵانی بێ لەسەر بنەمای بیرکردنەوە لە ڕێگەچارەیەک و چی کارەدانێکی سایکۆلۆژی بێ کە بەرهەمی دەستەوەستانی و داماوی بندەستە، ڕاوەستەیەکی بێکەڵکە و زۆر ئەستەمە ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە.

وەک نموونەیەکی سەلمێنەر بۆ ئەم ڕاستییە با دیسان بگەڕێینەوە سەر میناکە گەورەکەی خۆمان. گۆرانییەکی هۆزان شەمدین هەیە کە لە بەشێکیدا دەڵێ: "ئەڤا دونیا پڕ مەزنە ـ تێرا مە هەمییا هەیە/ چما چاڤێ وە بار نابە ـ قەی تەنێ دونیا وەیە/ ئەم ژی کوردن، وەک ئینسانا ـ مافێ مە ژی لێ هەیە". ڕۆحی پشت ئەم ڕستانە بە ئاشکرا ڕۆحێکە تەنانەت ئامادەیە لە بەشێکی مافە زەوتکراوەکانی خۆی خۆش ببێ و لەگەڵ سەردەستەکەی دابەشی کا،

تەنیا بۆ ئەوەی ئەویش دەرفەتێکی ئاسوودەیی پێ ڕەوا ببینێ. ئەم تێڕوانینە بە هەردوو دیوی سایکۆلۆژییەت و عەقڵییەتدا نزیکەی سەد ساڵە بە هەناسەی جۆراوجۆر و لە زاری بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگای بندەستی کوردەوە ڕوو لە ویژدانی سەردەستان و داگیرکەرانی کوردستان خەریکی هاوارکردنە. داواکارییە جۆراوجۆرەکانی وەک ئۆتۆنۆمی، فیدرالی، کۆنفیدرالی و... هتد کە بزاڤی سیاسی کوردی  به خۆشبوون لە بەشێکی گەورەی مافەکانی کورد هەمیشە پێشنیاری داگیرکەرانی کردووە خۆی گوزارەیەکی گەورەیە لەم سایکۆلۆژییەت یان عەقڵییەتە. ڕۆشنبیرانی کوردیش بە هەمان شێوە سەد ساڵە بانگ لە ویژدانی ئەم گەلانە دەکەن و وەک ئەوەی پەشێو گوتی "تا چرای ئێمە نەسووتێ، ڕووناکایی نابینن بە چاوی خۆتان"، هەوڵدەدەن بەرچاوڕوونی بدەن بە ویژدانی ئەوان، بەڵام مخابن لە بەرسڤی ئەم هەناسە عەقڵانی و سایکۆلۆژییەدا ئەوان هەر ئەوەن کە جگەرخوێن دەڵێ و شڤان پەروەر دەچریکێنێ: "دڤێن ب شێورێ ـ لێ ئەو قەبوول ناکی/ دڤێن براتی ـ لێ ئەو قەبوول ناکی/ بوویە

وەک ڕووڤی ـ ل پاش خوە نانێری!!". بە گوتنێکی سادەتر لەم ماوەیەدا بە واتا ئەرێنییەکەی ویژدان و ویژانداری نە دەوڵەتەکان لە ئاستی کرداریدا هەنگاوێکی ویژدانییان بەرەو کورد هەڵگرتووە، نە نەتەوەکانیش سەبارەت بە کورد هەڵوێست یان تێڕوانینێکی ویژدانییان تەنانەت لە ئاستی هەستیاری و سۆزداریدا لە خۆیان نیشان داوە. لەڕاستیدا دۆخەکە لەمە زۆر خراپتر و بە تەواوی مانا ناویژدانیترە. لە کەس شاراوە نییە کە لەناو تێکڕای ئەم نەتەوانەدا کە پێکەوە زیاتر لە سەد ملیۆن کەس دەبن، ژمارەی ئەو کەسانەی کە تا ئەمڕۆ سەبارەت بە دۆزی کورد هەڵوێستێکی ویژدانییان نواندووە تەنانەت لە هەزار کەس تێپەڕ ناکا!. لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییانە بە بۆچوونی من لە ڕووی عەقڵ بێ یان لە ڕووی سایکۆلۆژی، کەوتنە دانووستان لەگەڵ ویژدانی سەردەست یەکێکە ڕاوەستە هەڵەکانی هەموو بندەستێک کە ڕەنگە تاقە شتێک بتوانێ پاساوی بدا ئەمەیە کە "تیرێکە و لە تاریکی دەخرێ". کە واتە دەتوانین بێژین قسەکردنی بندەست لەگەڵ ویژدانی سەردەست بە مەبەستی و هیوای وەرگرتنەوەی مافە

زەوتکراوەکانی خۆی بە ڕێژەیەکی زۆر لەسەر بنەمای خەیاڵی خاو یان بیرکردنەوەی شاش و هەڵە داڕێژراوە. مێژووش هەر ئەمەمان پێ دەڵێ. من نموونەیەک شک نابەم سەردەستێ بە خواستی خۆی و تەنیا بە هاندانی ویژدانی خۆی دەستی لە سەردەستبوونی خۆی هەڵگرتبێ و سەربەستی بۆ بندەستەکەی گەڕاندبێتەوە. چاوەڕوانکردنی کارێکی وەها لەڕاستیشدا چاوەڕوانییەکی نادروست و نابەجێیە. چۆنکە سەردەست بە ئەگەرێکی زۆر هەر لە سەرەتاوە لە ئەنجامی ناویژدانییەکدا بووەتە سەردەست و دواتریش کە سوودەکانی ئەم پێگەیە دەخواتەوە بێداربوونەوەی ویژدانی ئەو ئەگەر نەکردەنیش نەبێ، ئەگەرێکی زۆر ئەستەمە. کورد لەم بوارەدا تێری خۆی ئەزموونێکی تاڵ و دێرینی هەیە. ئەڵبەتە سایکۆلۆژییەت و عەقڵییەتی ڕووکردنە ویژدانی سەردەست بە نیاز و مەبەستی وەرگرتنەوەی ماف بە هەمان ڕادە کە شاشە، جێگرەوەیەکی دروستیشی هەیە و ئەویش بریتییە لە "عەقڵانییەتی خۆ بەهێزکردن"...

## سایکۆلۆژی بندەستی دژ بە عەقڵی بندەست

لە کۆتایی بەشی پێشوودا باس گەیشتە سەر ئەمەی کە ڕووکردنە ویژدانی سەردەست یەکێ لەو ڕێبازە شاش و چەوتانەیە کە ڕەنگە هەر بندەستێک بە هەرکام لە دیوەکانی عەقڵانی و سایکۆلۆژیدا تێی بکەوێ و تاقی بکاتەوە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەمە تاقە شاشی و هەڵەیەک نییە کە بندەست تووشی ببێ و ئەنجامی بدا. بندەست بە هەر هۆکارێک هەر لە سەرەتاوە بە لەدەستدانی پێگەی ئاسایی خۆی کە سەربەستییە، دەکەوێ یان دەخرێتە پێگە و جێگایەکی هەڵەوە کە تێیدا لە هەموو ڕەهەندێکەوە ڕێگەی ژیانێکی ئاسایی لێ دەگیرێ. لەڕاستیدا دۆخی بندەستی زۆر زیاتر لەوەی ڕەوشێکی عەقڵانی بێ ژیانێکی سایکۆلۆژیکە کە بندەست تێیدا لەجیاتی ئەمەی بکەرێکی عەقڵانی و ئاراستەکەری ڕەوشی خۆی بێ، بەرکارێکی سایکۆلۆژیک و ئاراستەکراوی ئەم ڕەوشە ناچارییەیە. بۆ ئەوەی ئاسانتر درێژە بە مژارەکە بدەم با بە ڕاوەستەکردن لەسەر میناکێکی سەرەتایی و سادە تۆزێ زیاتر دۆخی "بەرکاربوونی سایکۆلۆژیک" شی بکەمەوە. خێزانێک بە

گریمانە بێننە پێش چاو کە ئەندامێکیان تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێ کە دەرمانەکەی تێچوویەکی زۆری تێدەچێ و دەرەقەتی نایەن. ئەم خێزانە ئەگەر ماڵباتێکی دارا بن، بە ئەگەرێکی زۆر دەکەونە وێستگەیەکی عەقڵانییەوە کە یەکەم هەنگاوەکان و بەشی هەرە گرنگی بیرکردنەوە و چارەدۆزییەکانی بریتی دەبێ لەمەی کە بچنە کام بیمارستان، کامە دوکتۆر هەڵبژێرن، کام جۆری دەرمان بەکار بێنن و... هتد. بە گوتنێکی سادە ئەم ماڵباتە دەکەونە دۆخێکەوە کە ئەگەر هەمووشی نەبێ بەشە گەورەکەی عەقڵانییەت و بیرکردنەوەیە لە چارەسەر. بەڵام ئەگەر ئەم ماڵباتە خێزانێکی هەژار بن، کەسوکارێکیان نەبێ ئاوڕیان لێ بداتەوە و کۆمەکیان بکا، شوێنێک شک نەبەن هانای بۆ بەرن و... هتد، هیچ بژاردەیەکیان لە بەردەمدا نامێنێتەوە جگە لەوەی بە دیار نەهامەتی خۆیانەوە دانیشن و خەفەت بخۆن، بە دیار کەسەری خۆیانەوە بگرین، بۆ چارەڕەشی خۆیان بناڵێنن، دوعا بکەن و بپاڕێنەوە لە خودا و لە پیرۆزییەکانی دیکە و... هتد!. بێگومان لە ڕەوشێکی وەهادا بیری مرۆڤەکان

بە جۆری دەستەوەستان و دەستەپاچە دەبێ کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە بیرکردنەوە و چارەدۆزی دەکەوێ و کەسەکان نەتەنیا پێگەی خۆیان وەک گەمەکەرێکی بێردۆز لەدەست دەدەن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەمە بارودۆخی ڕەوانی ڕەوشەکەیە کە سواری سایکۆلۆژییەتی ئەوان دەبێ و گەمەیەکی ڕەوانییان لەگەڵدا دەکا. بە جۆرێ کە مرۆڤ لەو لاوە بیروهۆش و خەیاڵی دایمە دەرگیر و گیرۆدەی دۆخەکەیە و کەچی لەم لاشەوە هەرگیز تواناى بیرکردنەوەی بە ئاراستەی چارەدۆزی دۆخەکە لەلا نامێنێ.

بندەست ڕێک لە ئاوەها دۆخێکدا گیری خواردووە. بە گوتنێکی ڕێکتر بندەست لە ڕەوشێکی سایکۆلۆژیک و دەروونیدا دەژی تا ڕەوشێکی عەقڵانی. لە ئەنجامیشدا زۆربەی کارەکانی ناتەواوییەک لە عەقڵانییەتیان تێدایە و ڕادەیەکی زۆر لە ئاڵۆزی و دەرگیری دەروونی جێی ئەم ناتەواوییە عەقڵانییە دەگرێتەوە. بۆ نیشاندانی گۆشەکانی ئەم ناتەواوییە و زیاتر نزیکبوونەوە لەم جیهانە سایکۆلۆژیکە با دیسان بە نەریتی باوی ئەم نقیسارە و وەک

ڕێگایەکی گونجاوی شیمانەکردن لە نموونەکانی نێو جڤاکی کوردی ڕابمێنین. وەک میناکی یەکەم ئەگەر سەیری تۆڕە جڤاکییەکان بکەین کە لەڕاستیدا ئاوێنەیەکە لە ژیانی ڕاسکانی جڤاکی کوردی، بە ئاسانی دەتوانین ببینین کە ڕێژەی "لێدوان و گوتارەکانی هەڵگری نیاز و مەبەستی پەروەردەکردن یان پەروەردەبوون بە ئاراستەی دژەبندەستی" بە "ناسزا و جنێوەکانی کە بە داگیرکەرانی سەردەست دەدەرێن" ژمارەیەکی زۆر زۆر بچووکی نزیک لە سفرە. ئەمەش ئاماژەیەکی گەورەیە بەمەی کە ئێمەی کورد سەبارەت بە سەردەستەکانی خۆمان زۆر زیاتر لەوەی ڕاوەستەیەکی عەقڵانیمان هەڵبژاردبێ، خەریکین ڕاوەستەیەکی سایکۆلۆژیک پەیڕەو دەکەین و لەڕاستیدا ڕێک لە دۆخی کەسێکدا دەژین کە بەگژ کەسانێکدا دەچێتەوە و بەڵام جگە لە شەڕەجنێو هیچی دیکەی پێ ناکرێ. بەم جیاوازییەی کە لە ئاڵۆزییەکی دەروونی سەیردا ئەم شەڕەجنێوەی ئێمە زۆربەی کاتەکان ئاراستە و ڕەهەندێکی ناوخۆییشی وەرگرتووە کە بەداخەوە هیچ کاتێ کەمڕەنگتر نەبووە لەو دیوەی کە ڕووی لە دەرەوەیە.

شەڕەجنێوی تاوانبارکردنی یەکتری لایەنە سیاسییەکان کە لەڕاستیدا بەشێکە لە سۆسیۆلۆژی خۆ تاوانبارکردن لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا، شتێکی بچووک نییە بشاردرێتەوە و هەستی پێ نەکرێ. ئەم نەریتە هێندە تۆخە کە وەک تێمایەکی دیار لە تێڕوانینی سیاسی خەڵکدا هەر لە خودی شەقامەوە بگرە تا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت، تاکوو شاشەی تەلەڤزیۆنەکان لە هەموو شوێن و کات و بۆنەیەکدا بە ڕۆشنی خۆی نیشان دەدا. ئەگەر لە شەقامی کوردی گەڕێین، چینی ڕۆشنبیرانی کوردیش یەکێکی ترە لە میناکە بەرجەستەکان. لەڕاستیدا ئەم چینە لەو ئاماژە بەرجەستانەیە کە جگە لەمەی نیشانی دەدا جڤاکی کوردی سەبارەت بە ڕەوشی بندەستی دۆخێکی بە تەواوەتی سایکۆلۆژیک دەژی، هاوکات نیشانیش دەدا کە دیوە ناوخۆییەکەی ئەم ژیانە سایکۆلۆژیکە زۆر بەهێزتر و پڕڕەنگترە. بە دڵنیاییەوە ڕۆشنبیری کورد بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو هێندەی هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕەخنە و لۆمە کردووە، داگیرکەران و سەردەستانی کوردستانی لۆمە نەکردووە و ئەم لۆمەکردنەش ئەگەر

نەڵێین هیچ کاتێ، زۆربەی کاتەکان نەیتوانیوە لە هەڵوێستێکی سایکۆلۆژیک ئەولاوەتر بڕوا. بێگومان ئەم قسەی من هیچ بە مانای پاکانەکردن بۆ هێزە سیاسییەکانی کورد و شاردنەوەی هەڵەکانی ئەوان نییە، بەڵکوو بە دازانینی ئەمەی کە ڕۆشنبیرانی کورد هیچ کاتێ هیچ بەرنامەیەکی عەقڵانی ئاڵتەرناتیڤ و جێگرەوەیان پێ نەبووە بۆ دژایەتیکردنی بندەستی، بەرجەستەکردنی ئەم ڕاستییەیە کە ڕەخنەکانی ئەوان هیچ نەبووە جگە لە هەڵچوون و داچوونێکی سایکۆلۆژیکی پەتی.

لەڕاستیدا بە درێژایی مێژوو ڕۆشنبیری کورد سەبارەت بە بندەستی هیچ کاتێ ئەو کەسایەتییە "لوقمانی حەکیم"ئاسایە نەبووە کە بەدوای چارەسەردا بێ یان چارەسەر پێشکەش بکا، بەڵکوو لە باشترین دۆخی خۆیدا "مامە خەمە"ئاسا تەنیا ئەوەی نیشان داوە کە گوایە خەریکی خەمخواردنی ئەم دۆخەیە یان وەک کەسایەتی "گلوم" لە کارتۆنی "سەفەرەکانی گالیڤێر"دا بەردەوام ڕستەی "من دەزانم نابێ"ی دوبار کردووەتەوە تا هەرچی زیاتر سایکۆلۆژیکبوونی ئەم دۆخە پڕڕەنگ بکاتەوە و لە

عەقڵانییەت دووری بخاتەوە. بێگومان وەک لە بەشەکانی پێشدا ئاماژەی پێکرا بەشێکی هەرە گەورەی ئەم کارکردە سایکۆلۆژیکە بە ئاشکرا دەکەوێتە خانەی سایکۆلۆژییەتەکانی وەک "خۆ تاوانبارکردن" و "خۆ کەمزانین" و بەتایبەتی "خۆ کەمکردنەوە" کە ڕۆشنبیرانی کورد هەمیشە دەستێکی باڵایان تێیاندا هەبووە.

با جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر هەندێ نموونەی گشتی دیکە لەم ژیانە سایکۆلۆژیکە تا باشتر تێبگەین چەندە تۆختر و پڕڕەنگترە لە ڕەهەندی بیرکردنەوە و ئاقاری عەقڵانییەتی ئێمە سەبارەت بە بندەستی. ئەگەر بیرتان بێ لە پێشتردا باسمان کرد کە بندەست زۆر جار ڕوو دەکاتە ویژدانی سەردەست. لەڕاستیدا ڕووکردنە سەردەست تەنیا ڕووئانینێکی ویژدانی نییە و لە زۆر ململانێ و بەریەککەوتنی دیکەشدا بە شێوازی جۆراوجۆر دێتە ئاراوە. یەکێ لە بەریەککەوتنە هەرە گرنگەکان لەگەڵ سەردەست کە لە هەمان کاتدا یەکێ لەو هەڵە گەورانەیە کە بە ڕادەیەکی زۆر لێکەوتەی ژیانی سایکۆلۆژیکی بندەستییە، بریتییە لە بەڵگەهێنانەوەی بندەست بەرانبەر

بە سەردەست لەپێناو سەلماندنی مافەکانی خۆیدا. یەکێ لە چرکەساتە هەرە سەمبۆلیک و دیرۆکییەکانی مێژووی ئێمەی کورد لەم بوارەدا دەرکەوتنی جەلال تاڵەبانی بوو بە نەخشەیەکی سەردەمی عوسمانییەوە بۆ ئەوەی بە عێراقییە داگیرکەرەکان بیسەلمێنێ کەرکووک شارێکی کوردستانییە. بارودۆخی ئەمڕۆی کەرکووک بەدەست داگیرکەری عەرەبەوە بە ڕۆشنی دەریدەخا کە ئەم هەڵوێستەی تاڵەبانی چقاس دیرۆکی بووبێ ژی، بە هەمان ڕادە لەسەر سایکۆلۆژییەتێکی قووڵ بووە نەک عەقڵانییەتێکی پەتی. ڕەفتار و سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتی کوردی لە کەرکووک دوای ئەم قسەیەی تاڵەبانی کە تاکوو ڕۆژی ئەمڕۆ هیچ عەقڵانییەتێکی تێدا بەدی ناکرێ بەهێزترین بەڵگەیە کە سەلماندی ساتەوەختی ئەم هەڵوێستەی تاڵەبانی تەنیا ساتەوەختی هەڵچوونێکی سایکۆلۆژیکی تێپەڕ بووە و هیچی تر. تەحەدا یان ڕووبڕکێ بەناوبانگەکەی تاڵەبانی لەسەر کەرکووک سایکۆلۆژییەتێکی گشتییە کە لە زۆر شوێن و کات و مژاری دیکەشدا بەردەوام لەلایەن گشت کوردێکەوە دوبارە دەکرێتەوە.

نموونەیەکی سۆسرەتی دیکەی سایکۆلۆژیکبوونی مرۆڤی بندەستی کورد دەتوانین لەم قسەیەی مەسعوود بارزانی دا ببینین کە گوتی "جۆرج بۆش پیاوێکی مەردە". ئەوەی من سەرنجم داوە و بیرم دێت لە ٢٠٠٣وە تاکوو ئێستا هەرکەسێ بووبێتە سەرۆکوەزیرانی عێراق، سیاسەتمەداران و دەسەڵاتدارانی کوردی باشوور چەپڵەیان بۆ لێداوە و گوتوویانە ئاها ئەمە خۆیەتی!، ئەمە لەوانی پێشوو باشتر و پیاوەتیدارترە، بەڵام دوای ماوەیەک کەوتوونەتە جنێودان پێی. ئەمە سادەترین واتای سایکۆلۆژیکبوونە. لە ئاستی گشتیشدا دۆزینەوەی ئەم سایکۆلۆژیکبوونە زۆر ئەستەم نییە. ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان وەک ساتەوەختی تێکەڵبوونی سایکۆلۆژیای نوخبەی سیاسی و شەقامی ئاسایی کوردی نزیکترین نموونەیە کە مەریوان وریا قانع بە دروستی سایکۆلۆژیای بارزانی بە ژێرخانە سیاسییەکەی دەزانێ و وەک ڕێفراندۆمێکی سایکۆلۆژی شیواو دەیناسێنێ کە هیچ پرۆژەیەکی عەقڵانی بیرلێکراو بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی تێدا لە ئارادا نییە. لە

زۆر شوێن و کاتی دیکەدا ئێمە بۆ سەلماندنی مافی خۆمان پشت بە سایکۆلۆژییەت دەبەستین. بۆ وێنە زۆرێک لە ئێمە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین پەروەردە بە زمانی کوردی مافی ئێمەیە دەڵێین "زمانی کوردی زمانێکی ڕەسەن و کۆنە"، یان "کوردی زۆر لە فارسی دەوڵەمەندترە". یان بۆ پێداگرتن لەسەر مافی دەوڵەتبوون دەڵێین "ناوی کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی گەلێ کۆنترە لە ناوی ئێران" و... هتد، لەحاڵێکدا نە هیچکام لە داگیرکەران بە هۆی ئەم ڕاستییانەوە کوردستانیان داگیر کردووە و نەیش نازانن کە ئەمانە ڕاستین و نە ژی ئامادەن دان بەم ڕاستییانەدا بنێن. ئەوەی هەیە داگیرکارییەکی پەتییە کە تەنیا و تەنیا بە هێز چارەسەر دەکرێ و بەس. جا ئەم بەهێزبوونە دەتوانێ ئابۆرییەکی بەهێز بێ، توانایەکی سەربازی بەهێز بێ، میدیا و ڕاگەیاندنی بەهێز بێ، ئەدەبیات و مۆسیقای بەهێز بێ یان هەر شتێکی عەقڵانی دیکە. بەکورتی ئەوەی لەلای ئێمە سەبارەت بە بندەستی هەیە ژیانێکی سایکۆلۆژیکە لە نەبوونی بیرکردنەوە و عەقڵانییەتدا. گەلانی داگیرکەریش بە ڕێکی لەم

سایکۆلۆژییەتە بەئاگان و لە هەموو دانووستاندن و بەریەککەوتنێکدا ئەم کلیشانە دێننە بەر باس تا بە سایکۆلۆژییەتی کوردەکان یاری بکەن و لە مژاری سەرەکی کە بندەستییە دووریان بخەنەوە. من خۆم گەلێ جار دیمانەی کورد و فارسەکانم بینیوە کە بە ئەنقەست ڕاکێشراوە بەرەو کاوێژی پرسگەلێکی وەک "وڵاتی ئێران هەزاران ساڵە دەوڵەتێکی یەکپارچەیە" و "فارسی هەزاران ساڵە زمانی ئەم وڵاتەیە" و هەر بۆیە نابێ ئەم وڵاتە لەت بکرێ یان زمانێکی دیکە تێیدا سەرهەڵبێنێ. یان بیستوومە کابرای کوردیان خستووەتە بەردەم پرسیارگەلی وەکوو "ئێوە ببنە دەوڵەت کام شێوەزار دەکەن بە فەرمی و ئایا ئەمە کێشەتان بۆ دروست ناکا؟!". ئەم شێوازە لە گەمەکردن بە سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی کورد بە ئاشکرا ڕێبازێکە داگیرکەران بەڕێوەی دەبەن و مخابن کوردەکانیش بە ئاسانی تێی دەکەون و لە مەبەستە سەرەکییەکە دوور دەکەونەوە کە پەشێو گوتەنی بریتییە لە: "بارکەن بڕۆن/ زەویی ئێمە دانی ئێوەی لێ شین نابێ/ بارکەن بڕۆن/ بارکەن بڕۆن/ مێوەی درەختەکانمان کاڵە/

ئاومان سوێرە/ هەنگوینمان بە دەمتان تاڵە/ بارکەن بڕۆن/ بارکەن بڕۆن...".

ئەم "سایکۆلۆژیک"بوونە و ئەم "دووری عەقڵانییەت"بوونە بەداخەوە بەشێکی پڕڕەنگی ژیانی ناوخۆییشمانە و سەد ساڵە ڕێبازەکانی مافخوازی ئێمەی تووشی گرفتی گەورە گەورە کردووە. لە هەر کوێ چوار کورد پێکەوە دابنیشن و بکەونە گفتوگۆ و دانووستان سەبارەت بە بندەستی و چۆنێتی دەربازبوون لێی، زۆر ئەستەمە هەر زوو نەکەونە زرتوملانی ئەمەی کە بۆ وێنە فیدرالی باشترە یان کۆنفیدرالی، بەرنامەی کامە پارت دروستە و کامەیان نادروست، کام سەرکردە زاناتر بووە لە سەرکردەکانی دیکە، کام پارت جاشە و کامە ساسەتڤان نیشتمانپەروەرە و کامە سەرۆک نەتەوەییە، کام هێز هاوکاری داگیرکەری کردووە، کام پەڕۆ ئاڵای کوردە، پێشمەرگە پیرۆزە یا گەریلا و... هتد و لە ئەنجامیشدا بەهێزترین ئەگەرێ بێتە ئاراوە ئەگەری تێکهەڵچوون و جنێودان و جیابوونەوەیە لە یەکتری و دواتر هەرکامەیان لەلای ئەوی دیکە دەبێتە جاشی تورکیا، ئێران، عێراق یان سووریا. ئەمە لەحاڵێکدا

کەمترین عەقڵانییەت و ژیری بەسە بۆ ئەوەی ئەم چوار کەسە بەبێ کەوتنە ناو دەمەقاڵەی بێبنەما پێکەوە بڕیار بدەن بۆ وێنە مۆسیقای فارسی بایکۆت بکەن، درامای تورکی لەنێو ماڵی خۆیاندا قەدەخە بکەن، منداڵەکانیان فێری خوێندن و نووسینی کوردی بکەن، نمای ماڵەکەیان نمایەکی بە هێما و فەرهەنگی کوردانەوە دروست بکەن، ژینگەی کوردستان بپارێزن، زاراوەکانی تری زمانی کوردی فێر ببن، دەست بکەن بە کۆکردنەوە و ئارشیڤکردنی جنایەتەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر و... هتد. نموونەیەکی گرنگ لە ژیانی سایکۆلۆژیکی جڤاکی کوردی کە پێم خۆشە وەک دوا میناک ئاماژەی پێ بکەم چۆنێتی مامەڵەکردنی کوردە لەگەڵ ئۆجالان دا بەراورد بە سەرکردەکانی دیکە. چەندە لە خەڵکی بە سۆزدارییەوە گیرۆدەی ئەو سەرۆکانە دەبن کە شتێکی ئەوتۆیان لە هزر و فەلسەفە و زانست پێ نەبووە، چواریەکی ئەوانە ئامادە نین بەدواداچوون و خوێندنەوە بۆ نووسینەکانی ئۆجالان بکەن و بە مانایەکی تر بە تێڕوانینێکی عەقڵانییەوە لێی بڕوانن. تەنانەت بەشێکی گەورەی ئەوانەش کە سۆزیان بۆ ئۆجالان هەیە کتێبەکانی

ناخوێننه. لەمه خراپتر، لەحاڵێکدا زۆرێک له زانکۆکانی ڕۆژاوا لەسەر بیردۆزییەکانی ئەو ڕادەوەستن، کەچی تەنانەت ڕۆشنبیرانی کوردیش قەت خۆیانی له قەره نادەن و ئەمه به بۆچوونی من جگه له هەڵوێستێکی سایکۆلۆژیک هیچی تر نییه... . کورت و کورمانجی، ئەوەی مەبەستمه بەم میناکانەی سەروه سەرنجی بخەمه سەر ئەمەیه: لەحاڵێکدا ئەوەی بندەست پێویستی پێیەتی و دەبێ پەیڕەوی بکا بریتییه له ژیری و عەقڵانییەت، کەچی بندەستەکان به زۆرینه دەکەونه داوی بارودۆخێکی سایکۆلۆژیکەوه که تەونئاسا پێیانەوه دەپێچێ و هێندەی تر له عەقڵانییەت دایاندەبڕێ و دووریان دەخاتەوه. ئەمەش ڕەنگه گرنگترین دوڕێیان بێ له ژیانی بندەستدا که بەشێکی گەوره له چارەنووسی ئەو دەخاته ژێر باندۆری خۆیەوه. لەم دووڕێیانەدا بندەست گرفتاری ڕەوشێک دەبێ که لەلایەک زیاتر له هەر شتێکی دیکه پێویستی به بیرکردنەوه له چارەسەر و ڕێگەی دەرچوون له ڕەوشەکه هەیه، لەلایەکی ترەوه هەر خودی ڕەوشەکه به جۆرێ تووشی ئاڵۆزی دەروونی و تەڤلهەڤی سایکۆلۆژیکی دەکا

کە توانای بیرکردنەوەی لێ دەستێنێ. بە گوتنێکی ڕێکتر بندەست لە میانەی نایەکسانییەکدا گیر دەخوا کە بە سروشتی خۆی بەرەو سایکۆلۆژییەت ڕایدەکێشێ، لەحاڵێکدا ئەو بۆ چارەدۆزی و چارەسەری هاوکێشەی بندەستی پێویستی بەوەیە ئەم نایەکسانییە بەرەو عەقڵانییەت لاسەنگ بکا و ئاستەنگی هەرە گەورەی بەردەم بندەستیش هەر ئەمەیە. لەم ئاستەنگییەدا بندەست هەرچی زیاتر بتوانێ تای عەقڵانییەت بەسەر تای سایکۆلۆژییەتدا قورستر بکا، لە هەڵهێنانی چارەی پرسەکەی خۆی کە ڕاکردنی بندەستییە نزیکتر دەبێتەوە. ئەمە ڕەنگە سەخت بێ، بەڵام ناکردەنی نییە.

## بندەستی سایکۆلۆژیک

پێشتر باس لەمە کرا کە بندەستی ڕەوشێکی سایکۆلۆژیکە بە مانای ئەمەی کە لە باری سایکۆلۆژییەوە بە جۆرێ بندەست تووشی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی دەروونی دەکا کە چیتر ناتوانێ مامەڵەیەکی عەقڵانی ئاسایی لەگەڵ

بارودۆخی نالەباری خۆیدا هەبێ. ئەم ڕەوشە سایکۆلۆژیکە ئەگەرچی باندۆری نەرێنی خۆی دادەنێ، بەڵام زۆر ئەستەمیشە بتوانێ بە یەکجاری بندەست بکا بە بوونەوەرێکی سایکۆلۆژیکی پەتی بە جۆرێ کە بە تەواوەتی بیکا بە پێلستۆکی بەردەستی خۆی. بەڵام ئەم ڕاستییەش هەیە کە زۆر کەسانیش هەن کە یان لەژێر باندۆری بەهێزی ڕەوشی بندەستیدا یان تەنانەت بە خۆڕسک دەبنە خاوەن سایکۆلۆژییەتێکی وەها کە خۆیان بە شوێن بندەستیدا دەگەڕێن. ئەم کەسانە چیتر لەوە نەماون بارودۆخی بندەستی گەمە بە سایکۆلۆژییەتیان بکا و بیانکا بە خاوەن سایکۆلۆژی بندەستی، بەڵکوو هەر خۆیان خولیای بندەستییان تێدایە و بە جۆرێ لە جۆرەکان حەز بە بندەستی دەکەن. بە واتایەکی دیکە ئەم جۆرە کەسانە ئیتر تەنیا هەر لەوەدا نەماون کە گرفتاری سایکۆلۆژیای بندەستی بن بەو مانایەی کە هەڵسوکەوت و تێڕوانین و بەگشتی ژیانیان لەژێر باندۆری بارودۆخی بندەستیدا بێ و ئەم بارودۆخە گەمە بە سایکۆلۆژییەتیان بکا، بەڵکوو گیرۆدەی بندەستییەکی سایکۆلۆژیکن بەم مانایەی کە

ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕووتیش نەبێ، زانستە یان نەزانستە لە ڕووی سایکۆلۆژی و ڕۆحییەوە کەسانێک لە دەرەوەی خۆیان بە باڵاتر و سەردەستی خۆیان دەزانن و هەمیشە هەژموون و سێبەری ئەو سەردەستە بە گفتار و ڕەفتاریانەوە دیارە. ئەم ڕەوشە مەرج نییە تەنیا لە بندەستییەکی ڕووت و ڕاسکانیدا بێتە ئاراوە و دەکرێ تەنانەت لە دەمێکدا ڕووبدا کە مرۆڤ بە ڕواڵەت لە ئەوپەڕی ئازادی و سەربەستیدا دەژی. بێگومان بە هەمان شێوە کە "سایکۆلۆژی بندەستی" لێکەوتەی بندەستبوونە، "بندەستی سایکۆلۆژیک"یش ڕێگا بۆ بندەستبوونی ڕاسکانی دەکاتەوە.

ئەگەر بمەوێ میناکی گشتی لە بندەستی سایکۆلۆژیک بێنمەوە دەبێ ئاماژە بە بندەستی سایکۆلۆژیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرانبەر بە زمان و فەرهەنگی عەرەبی بدەم. بە درێژایی سەدان ساڵە گشت گەلانی موسڵمانی ئەم ناوچەیە لە کەسایەتی ئایینی ئیسلامدا بە ئاشکرا لەژێر زاوتە و باندۆری فەرهەنگی عەرەبیدان و هەموویان بە شێوەیەکی سایکۆلۆژیک بەرانبەر بە فەرهەنگی عەرەبی

بندەستییەکی تۆخ دەژین. تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا کە عەرەب زیاتر لە هەر وەختێکی تری مێژوو هێزی ئەوەی تێدا نییە ئەم نەتەوانە بە شێوازێکی ڕووت و کرداری بکا بە بندەستی خۆی و زۆربەی نەتەوە موسڵمانەکان بە ڕواڵەت خاوەن سەروەری و سەربەستی خۆیانن، ئەم بندەستییە سایکۆلۆژیکە لە هێمای جووڵانەوەکانی وەک قاعیدە، داعش، ئیخوانیزم، سەلەفیزم، ئاخوندیزم و شیعەگەری و بەگشتی بنیادگەرایی ئیسلامی دا بە ئاشکرا و بە زەقی دەبینرێ و بگرە بەراورد بە پێشووتر زیاتریشی کردووە. پێویست بە ئاماژە ناکا کە ئەم بندەستییە هەم لە ئاستی چقاکەکاندا بەربڵاو و گشتگیرە و هەمیش لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیاندا. بە گوتنێکی ڕێکتر هیچ نەتەوەیەک لەم دەقەرەدا نییە کە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی خۆیدا بەشێکی گەورە لە فەرهەنگی عەرەبی نەژی. هەر بۆیە ڕاستتر وایە بڵێین بندەستی ئەم نەتەوانە ئاستی تاک و سایکۆلۆژیبەتی تێپەڕاندووە و ئەوەی هەیە بندەستییەکی سۆسیۆلۆژیکی زۆر بەرین و فراوانە. نموونەیەکی دیکە لەم بندەستی سۆسیۆلۆژیکە پەیوەندی نێوان جیهانی

سێیەمە لەگەڵ جیهانی ڕۆژاوادا. سەردەمێکە پێگەی ڕۆژاوا بەرانبەر بە گەلانی جیهانی سێیەم ئەو قسەیەی فەرهاد پیربالە کە دەڵێ "کەسێک پارەی هەبوو جڕتیش لێبدا خەڵک دەڵێن فەلسەفەیە". ئەمڕۆ جیهانی ڕۆژاوا بە هەر هۆکارێک لە دیدی جیهانی سێیەمدا پێگەیەکی سەردەستانەی ئاشکرای هەیە و گەلانی تر تەنانەت ئەگەر دژیانیش بوەستنەوە، بەرانبەر بەوان هەم لە ئاستی تاکدا بندەستییەکی سایکۆلۆژیکی تۆخ دەژین و هەمیش لە ئاستی جڤاکدا بندەستبوونێکی پڕڕەنگی سۆسیۆلۆژیک ئەزموون دەکەن.

دوای ئەم دوو نموونەیە کە پێشتریش بە ئاماژە باسم لێ کردبوون، با دیسان بێینەوە سەر خۆمان و هەبوونی "بندەستی سایکۆلۆژیک" لەنێو خۆماندا بخەینە بەر سەرنج. من پێشتر بە مژارگەلی وەک "جاشایەتی" و "جاشایەتی فەرهەنگی" لە پرتووکی "نارێکییەکانی داگیربوون" و هەروەها "توانەوەی فەرهەنگی" لە پرتووکی "کورد و پرسی زمان"دا و بە شێوەیەکی گشتی لە ئەملا و ئەولا ئاماژەم بە هەندێ لە ڕەهەندەکانی دیاردەی

"بندەستی سایکۆلۆژیک" لەنێو جڤاکی کورددا کردووە. لێرەدا دەمەوێ بە میناکی بەردەستتر لەسەر ئەم دیاردەیە ڕابوەستم و لەم ڕێگایەشدا مەبەستمە بە دیاریکراوی سەرنج بخەمە سەر باشووری کوردستان. دیارە هۆکاری ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەی کە باشوور بەشێکی بە ڕواڵەت ئازادە و ئاساییە وا بیر بکەینەوە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی تاک و جڤاک لەوێ کەمتر لە پارچەکانی تر لەژێر باندۆری بندەستیدایە و ئەگەر نارێکییەکیش لەم بوارانەدا هەبێ زیاتر ڕێی پێدەچی بەرهەمی "بندەستی سایکۆلۆژیک" بێ تا "سایکۆلۆژی بندەستی". لەم ڕۆژانەدا ڤیدیۆی گەنجێکی لەکی ڕۆژهەڵاتیم بینی کە بە هەزار دڵی پڕ لەو ستەمی بندەستییەی کە لە ڕۆژهەڵات ڕۆژانە دەیچێژێ، بە گەشتێکی چەند ڕۆژە ڕووی کردبووە باشوور بۆ بینینی هەزاران خەون و چاوەڕوانی خۆش کە لەو گوایە ئازادییەی ئەوێ لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردبوو. ئەو دەیگوت ئێرە سلێمانییە، پێتەختی ڕۆشنبیری کوردی، بەڵام لێرەدا جگە لە تمەن کە بەرانبەر بە دینار بەهایەکی کەمتری هەیە،

هەموو هێمایەکی ئێرانی ئەوپەڕی گرنگی و ڕێزی دەگیرێ. بێگومان ڕێژەیەکی گەورەی ئەم ڕێزگرتنە دەکەوێتە چوارچێوەی نەخۆشی بە گەورە و باڵا زانینی سەردەست کە سەردەمێکە بەشێکی بەرچاوی جڤاکی کوردی وەک پەتایەکی درێژخایەن پێیەوە تووش و گیرۆدەیە. بەڵام وەک ڕەهەندەکانی تری ژیانی جڤاکی ئەم کۆمەڵگایە نیشانی دەدا بەشێکیشی لێکەوتە و ڕەنگدانەوەی بندەستبوونێکی سایکۆلۆژیک و سۆسیۆلۆژیکی زۆر قووڵە. بۆ وێنە ئەمڕۆ باس لەمە دەکرێ کە تەنیا لە بادینان شەش هەزار کورد لە باشوور جاشایەتی و سیخوڕی بۆ تورک دەکەن دژ بە کورد. ئەم دیاردەیە هەر هۆکارێکی لە پشتەوە بێ، بکەرانی ئەم کردەویە نەتەنیا خاڵی نین لە نەخۆشی "بندەستی سایکۆلۆژیک"، بەڵکوو بەشی هەرە گەورەی ئەم کارە بەرهەمی ئەم نەخۆشییەیە. چۆنکە مرۆڤی ئاسایی لەوانەیە لەژێر باندۆری ڕەوشی بندەستیدا بکەوێتە دۆخێکی سایکۆلۆژی وەهاوە کە ناچاری خزمەتکردن بە سەردەستەکەی خۆی بێ، بەڵام ئەگەر بندەستییەکی

تۆخی سایکۆلۆژیک لە ئارادا نەبێ زۆر دەگمەنە کەسێکی ئاسایی تەنانەت ئەگەر دژمنی براکەشی بە دژمنی خۆی نەزانێ، بێت و لەنێو ماڵی خۆیدا ببێتە چاوساق و داردەستی ئەو دژمنە دژ بە براکەی خۆی!. ئەم جاشایەتییە لەوانەیە شێوازێکی جوداتری هەبێ و بەم زەقییەش نەبێ، بەڵام بێگومان لە پەیوەندی نێوان کوردی باشوور و ئێرانیشدا دیسان هەر دەبینرێ. ئەم ڕاستییە تاڵە پێمان دەڵێ کە ئەگەر تاکوو دوێنێ دیاردەی "بندەستی عەرەب بوون" خۆی لەسەر سایکۆلۆژی و کەسایەتی مرۆڤی باشووریدا نیشان دەدا، ئەمڕۆ ئەمە سایکۆلۆژی ئەم مرۆڤە خۆیەتی کە بە ئاشکرا و لە ئەوپەڕی ڕاشکاویدا "بندەستی فارس بوون" و "بندەستی تورک بوون"ی خۆی نمایش دەکا. یەکێکی تر لە سۆسرەتترین وێناکانی ئەم بندەستی سایکۆلۆژیکەیە چۆنێتی پێشوازیکردنی خەڵکی بادینان بوو لە کۆنسێرتی کچەکەی تاتلیسەز. تکایە دوای تەواوبوونی ئەم تراژیدیایە کە لە خوارەوە باسی دەکەم، بۆ چەند چرکەیەک ئەم کتێبە وەلا بنێن و تۆزێ لەم کارەساتە ڕابمێنن:

ڕۆژێ لە ڕۆژان شار و دەڤەرێکی کوردی دەکەوێتە بەر پەلاماری فڕۆکەی دەوڵەتی تورک و چەندین هاووڵاتی سڤیلی لێ شەهید دەکرێ...، بەڵام خەڵکی ئەو دەڤەر و شارە کوردییە ڕێک لە هەمان ڕۆژدا بە چوار هەزار بلیتەوە پێشوازی لە "هونەرمەندێکی تورک" دەکەن کە کچی کابرایەکی بە ڕەچەڵەک کوردە کە جگە لەمەی لە نەتەوەکەی خۆی دابڕاوە و نکۆڵی لە کوردبوونی خۆی کردووە و بە دزینی سەدان میلۆدی کوردی تاڵانی فەرهەنگی دژ بە کورد ئەنجام داوە، لە نموونەی وەک داگیرکردنی عەفرینیشدا پشتیوانی لە ژینۆساید و قڕکردنی کورد بە دەستی تورک کردووە و بووەتە جاڕدەری ئەنفالچییەکانی نەتەوەکەی خۆی!!!. بەڕاستی ئەگەر ئەمە بندەستییەکی سایکۆلۆژیکی پەتی نییە، گەلۆ کامە زانستی کۆمەڵایەتی دەرەقەتی شرۆڤەکردنی کرداری ئەم جڤاتە دێ؟!... . لەوانەیە لە بەراوردی ژمارەی چوار هەزار کەس بە کۆی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە وا تێبگەین کە ئەگەر نارێکییەکیش لە ئارادا هەبێ، ئەوە بندەستییەکی سایکۆلۆژیکی ژمارەیەکی سنووورداری خەڵکە و ئاساییە،

بەڵام بیرمان نەچێ لەو دیو شانۆکەوە ملیۆنان کەسی تر وەستاون کە لە کۆی ئەم تراژێدیا گەورەیە دەڕواننن و دەنگێکی ناڕازیبوونیان لێوە نایێ و نیشانە گەورەکەش هەر ئەمەیە. ئەمەیە کە پێمان دەڵێ نا، ئەم جۆرە بندەستییە ئیتر لە ئاستی سایکۆلۆژیک و تاکدا نەماوە و لە ئاستێکی سۆسیۆلۆژیکی و جڤاکی بەرفراواندا خەریکە ژیان دەکرێ. دیسان با بیرمان نەچێ ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە یەک و دووان نەبوونە و پێشتریش هەم لە پێتەختی سیاسی و هەم لە پێتەختی ڕۆشنبیری باشووری کوردستاندا لە پێشوازی هونەرمەندانی گەلانی سەردەست و بەتایبەت فارسدا زۆر بینراوە... . من دڵنیام هەر کەسێکی ئاسایی بڕوانێتە هەر بوارێکی فەرهەنگی، سیاسی، ئابۆری، هونەری، ڕۆشنبیری و... هتد، بە ئاسانی دەتوانێ نموونەی سۆسرەتی دیکەی لەم کۆمەڵگایە دەست بکەوێ. بۆ وێنە مەلا مستەفا بارزانی کە لایەنگرانی بە نازناوی وەک سەرکردەی نەتەوەیی کورد یان باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد دەیناسێنن، بە ئاشکرا خۆی وەک سەربازی عەبدولکەریم قاسم دەناساند کە دژمن و داگیرکەری

کوردستان بوو. ئەو بەبێ گرنگیدان بە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵات داوای لە خومێنی دەکرد کە کوردەکانی عێراق! وەک موجاهدینی شۆڕشی ئیسلامی ئێران قەبوول بکات. یان بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی کوردانی باشوور و تەنیا لەبەر ئەوەی چاکەی گەلانی ئێرانی تێدا بووە پشتیوانی ڕێکەوتنی جەزائیری دەکرد. بەڕاستی ئەم گوتە و هەڵوێستانە لە هیچ سەرکردەیەک ناوەشێنەوە، مەگەر "بندەستییەکی سایکۆلۆژیک"ی قووڵ پاڵی پێوە بنێ بەرەو پێیان. ئەم هەناسەیە تەنیا تایبەت نییە بە نوخبەی سیاسی باشوور، بەڵکوو لەنێو نوخبەی ڕۆشنبیریشدا بە تۆخی دەبینرێ. تەنیا وەک میناک ئاماژە بە فەرهاد پیرباڵ دەکەم. ئەگەر "بندەستییەکی سایکۆلۆژیک" لە ئارادا نییە، چۆن دەبێ ڕۆشنبیری نەتەوەیەک کە هەزاران قوربانی داوە تا لە ستەمی زمانی فارسی ڕزگاری ببێ، بێت و لەم سەردەمەدا شیعری فارسی بهۆنێتەوە و لە ئێران کۆڕ بۆ شێعرە فارسییەکانی ببەستێ؟!. مەگەر فارسی زمانی نێونەتەوەیی و جیهانییە تا تۆ خۆتی پێدا هەڵواسی بۆ ئەوەی لە ئاستی جیهاندا بناسرێی؟!. مەگەر دەکرێ

ڕۆشنبیرێکی وەک تۆ نەزانێ لەم سەردەمەدا نەتەوەکەت زیاتر لە هەر شتێکی تر پێویستی بە بەرجەستەکردنی زمانەکەی خۆی بەرانبەر بە زمانە داگیرکەرەکان هەیە؟!.
ئەم مەگەرانە ئەگەر نەتوانن بەرسقی یەکلاکەری ئەم جۆرە کردارانە بدۆزنەوە، هەزارانی هاوشێوەی ئەوان لە بوارەکانی دیکەدا هەن کە پەردە لەسەر "بندەستبوونێکی سایکۆلۆژیک"ی تۆخ لەم جڤاکە هەڵدەدەن. بەڕاستی ئەگەر ئەم دیاردەیە ڕۆڵ ناگێڕی وەک من لە زۆر شوێنی دیکەشدا نووسیومە، چۆنە لە میدیای باشوور کەمتر دیمانەیەکی هونەری ئەنجام دەدرێ کە داوای گۆرانی فارسی و تورکی و عەرەبی لە گۆرانیبێژانی کورد نەکرێ و ئەوانیش بە شانازییەوە وەڵامی ئەرێنی نەدەنەوە؟!!. پێم وابێ باشترە بەم میناکانەوە بوەستم و تێڕامانی زیاتر لە میناکی زیاتر بۆ خوێنەر بەجێبێڵم...

بە هەرحاڵ بە بۆچوونی من ئەوەی ڕوون و دیارە ئەمەیە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا ڕێژەیەکی بەرچاوی جڤاکی کوردی سەبارەت بە داگیرکەرانی خۆی گیرۆدەی پەتای "بندەستی سایکۆلۆژیک" بووە یان کراوە. ئەم

تووشبوونەش هەر لە ئەوساوە تاکوو ئێستا بەردەوام وەک یەکێ لە باڵە هاندەرەکانی درێژەکێشانی بندەستی فیزیکی گەلی کورد ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە. بێگومان بندەستبوون لەم ماوەیەدا توانیویەتی سایکۆلۆژی تایبەت بە خۆی، واتە "سایکۆلۆژی بندەستی" لە ناخی زۆربەماندا بچێنێ، بەڵام هاوتەریبی ئەمە "بندەستبوونی سایکۆلۆژیک"یش جگە لەمەی کە خۆی شێوازێک بووە لە شێوازەکانی بندەستبوون، بە تووشکردنی بەشێک لە جڤاکی کوردی بە خۆیەوە، هەمیشە بەشێک بووە لە هۆکار، هاوکار و هاندەرەکانی بندەستبوون و داگیربوونی کورد بە گشتی. بە گوتنێکی دی دەتوانین بێژین "بندەستی سایکۆلۆژیک" ڕەنگە لە سەرەتادا هۆکاری سەرەکی بندەستبوونی کورد نەبووبێ، بەڵام دواجار یارمەتیدەرێکی گرنگی درێژەکێشانی ئەم داگیربوون و بندەستییە بووە. نیشان بەو نیشانەی کە بزاڤی باشووری کوردستان لە ماوەی ئەم سەد ساڵەدا گەورەترین تێکۆشانی کردووە، زیاترین قوربانی داوە و زۆرترین پشتیوانی ناوخۆیی و دەرەکیشی لێ کراوە، کەچی هەر ئەویش گەورەترین و زۆرترین زیانی بە بزاڤی

پارچەکانی تر و لە ئەنجامدا بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی گەورە گەیاندووە و ئەم پارچانەی بەرەو بندەستبوونی هەرچی زیاتر پاڵ پێوە ناوە. ئەمە جگە لەوەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر خودی باشووریشی هەرچی زیاتر کردووەتە بندەستێکی هاوبەشی عێراق و تورکیا و ئێران. بێگومان بەشێکی ئەم نارێکییە گەورەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بندەستییە سایکۆلۆژیکییەی کە ئەم بزاوتە بەردەوام سەبارەت بە داگیرکەرانی کوردستان گیرۆدەی بووە. بەراوردی هەردوو ئەزموونی ڕۆژاوا و باشووری کوردستان لەم زەمینەیەدا دەتوانێ ڕاستییەکی گرنگمان بۆ ڕوون بکاتەوە. ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و جڤاکییەکانی ئەم ساڵانەی ڕۆژاوای کوردستان بە ڕۆشنی نیشانی داوە کە ئەگەر جڤاکێک گیرۆدەی "بندەستی سایکۆلۆژیک" نەبووبێ، لە بچووکترین دەرفەتی ڕەخساودا دەتوانێ ئاسەوارەکانی "سایکۆلۆژی بندەستی" لەسەر خۆی بڕەوێنێتەوە یان لانیکەم کاڵی بکاتەوە. بە هەمان شێوە بارودۆخی باشووری کوردستان کە بەراورد بە ڕۆژاوا ماوەیەکی زیاتری دەسەڵاتداری خۆماڵی و پشتیوانی

زیاتری دەرەکی ئەزموون کردووە، گوزارەیەکی زیندووی ڕۆشنە لەمەی کە هەر کیانێکی مرۆیی تووشی "بندەستی سایکۆلۆژیک" هاتبێ تەنانەت لە دۆزینەوەی ئازادیشدا نەتەنیا ناتوانێ سایکۆلۆژی دروستکراوی بندەستییەکەی پێشووی بسڕێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە فرەتریشی دەکاتەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم ڕاستییەش ڕوون و ئاشکرایە. پێچەوانەی "بندەستی فیزیکی" کە بندەستییەکی ڕووتە و بەدەست لایەنێکی دەرەکی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێ و زۆربەی کاتەکان نەخوازراویشە، لە "بندەستی سایکۆلۆژیک"دا ئەمە خودی مرۆڤە کە زانستە یان نەزانستە بەرەو بندەستی هەنگاو دەنێ و خۆی ڕاستەوخۆ بەشداری لە بندەستکردنی سایکۆلۆژیکی خۆی دەکات. بە مانایەکی دیکە لە بندەستی فیزیکیدا مرۆڤ بە لاشە بندەستە و دواتر ئەم بندەستییە لەسەر سایکۆلۆژییەتی بە خراپی کار دەکا، کەچی لە بندەستی سایکۆلۆژیکدا مرۆڤ سەرەتا لە رووی سایکۆلۆژی و ڕەوانییەوە دەبێتە بندەست و ئەوسا ئەم بندەستییە ڕەوانییە دەشێ پاڵیشی پێوە بنێ بەرەو بندەستی فیزیکی.

ڕاسته له بندەستی فیزیکیدا بندەست مەترسی دۆڕاندنی لەسەرە، بەڵام دەکرێ بە خۆڕاگری بەر بە ئەم دۆڕانە بگرێ، لەحاڵێکدا لە بندەستی سایکۆلۆژیکدا مرۆڤ لەپێشدا خۆی دۆڕاندووە. کە وایە ڕاکردنی بندەستی سایکۆلۆژیک گەلێ گرنگترە لە ڕاکردنی بندەستی فیزیکی و مرۆڤی کورد پێش بەگژداچوونی ئەو بندەستییە فیزیکییەی کە لەلایەن دەرەوەی خۆی هەڕەشەی لێدەکا دەبێ بەگژ ئەو بندەستییە سایکۆلۆژیکەدا بچێتەوە کە لە ناخ و دەروونی خۆیدایە.

## بندەستی، شۆڤینیزم و دیمۆکراسییەت

هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە هەموو پەیوەندییەکی سەردەستی ـ بندەستی هەر لە سەرەتای خۆیەوە هەڵگری خوازەیەکی ستەمکارانەیە و بارگاوییە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ویستی ستەمکاری. بێگومان لایەنی ستەمکاری ئەم پەیوەندییەش سەردەست و ستەملێکراویش لایەنی بندەستە. ئەم پەیوەندی "ستەمکار ـ ستەمدیدە"یە تا ئەو

کاتەی بندەست پێی ڕازی بێ و ڕووبەڕووی نەبێتەوە، بە ئەگەرێکی زۆر وەک پەیوەندییەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێ و درێژە دەکێشێ. بۆ وێنە وەک ڕەوشێ کە لە پەیوەندی کرێکارێکی بە مووچەی کەم و خاوەنکارێکدا دەبینرێ، یان ڕەوشێ کە پێشتر لە پەیوەندی نێوان ڕەعیەت و خانەکاندا هەبووە. بەڵام زۆربەی کات ئەم پەیوەندییە ستەمکارییە لێرەدا تەواو نابێ و لەوانەیە وردەوردە بە دیوی تردا ڕووی خۆی نیشان بدا. دەسپێکی ڕووبوونی ئەم سیمایە ساتەوەختی سەرهەڵدان و وەستانەوەی بندەستە دژ بە سەردەستەکەی خۆی. لێرە بە دواوە ئەگەری هەرە کورت و هەرە گونجاو لە هەموو بوارێکەوە ئەمەیە کە سەردەست سەربەستی بندەستەکەی ڕادەست بکاتەوە تا کۆتایی بە پەیوەندییەکی ناڕێک و نامرۆڤانە بێت. بەڵام وەک مێژوو پێمان دەڵێ ئەم ئەگەرە تا ئاستی نزیک لە ڕەها نەکردەنییە و هیچ سەردەستێک ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە لە هەنگاوی یەکەمی داواکردنی ماف لەلایەن بندەستەوە مافەکەی ڕادەست بکاتەوە. لەڕاستیدا سەردەستەکان هەم هەڵاوێردی و باڵادەستبوونی خۆیان وەک ڕەوتێکی

ئاسایی دەبینن و پێی ڕادێن و هەمیش خۆیان بە شایستە و شایانی ئەو پێگەیە دەزانن کە تێی کەوتوون. هەر بۆیە ئەم سایکۆلۆژییەت و عەقڵییەتە سەردەستەکان بەرەو ئەم تێگەیشتن و تێڕوانینە ئاراستە دەکات کە گوایە تەنیا خۆیان خاوەن و شایانی ئەو پێگەیەن کە هەیانە و لە ئەنجامدا ئامادە نین بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو پێگەیە ببن و بە کرداری دەکەونە پاراستنی. لەم ڕوویەوە سەردەستەکان بوونەوەرانێکن بە ڕادەیەکی زۆر خاڵی لە ویژدان و بارگاوی بە عەقڵییەت و سایکۆلۆژییەتی شۆڤینیستی. تورکەکان، فارسەکان و عەرەبەکانی داگیرکەری کوردستان دیارترین نموونەکانی ئەم سایکۆلۆژییەت و عەقڵییەتەن. ئەوان بە ئاشکرا یەکەم، بەم پێگە سەردەستییەی کە بە هەزار هۆکاری ناڕەوا پێی گەیشتوون خۆشحاڵ و ڕازین. دووەم، بۆ سەلماندنی شایستەبوونی خۆیان بەم پێگەیە سەردەمێ لە سەردەمەکانی سەردەستبوونی خۆیان بە بەڵگە دەهێننەوە. سێیەم، هەر خۆشیان وەک ئەرکداری پاراستنی ڕەوشی هەیی پێناسە دەکەن تا نەهێڵن ئەم

سەردەستییە نارەوایە لە کیسەیان بچێ. ڕستەگەلی سەیر و سەمەرەی وەکوو "ئێمەی فارس خاوەن پاشایەتی ٢٥٠٠ ساڵەین"، "ئێمەی عەرەب سەرکێشی شارستانییەتی ١٤٠٠ ساڵەی ئیسلامیمان کردووە"، "ئێمەی تورک میراتگری ئیمپەراتۆرییەتی گەورەی عوسمانین"، "زمانی فارسی هەزار ساڵە زمانی هاوبەشی گەلانی ئێرانە"، "عەرەبی زمانی فەرهەنگی جیهانی ئیسلامە"، "ئێران هەزار ساڵە وڵاتە و دەوڵەتی هەیە"، "تورکی سەرچاوەی گشت زمانەکانی ئەم جیهانەیە"، "کوردان بەشێکن لە ئومەتی ئیسلامی"، "کورد قەومێکی ئێرانییە" و... سەدان گوزارەی هاوشێوەی تر کە بەردەوام لەلایەن سیاسی، ڕۆشنبیر، مێژوونووس، ئەدیب و تەنانەت خەڵکی ئاسایی ئەم گەلانەوە سەرمەستانە و بەبێ هیچ بنەمایەکی عەقڵانی و ڕاسکانی کاوێژ دەکرێنەوە، هەموویان هەڵگری بەشێکی گەورەن لەم سایکۆلۆژییەت و عەقڵییەتە شۆڤینییەی کە دەڵێ ئێمەی فارس، تورک یان عەرەب هەمیشە باڵادەست بووینە و ئێوەی کوردیش هەمیشە ژێردەست و هەر بۆیە ئەم ڕەوشە دەبێ وەک خۆی بمێنێتەوە و شێواندنی

تاوانە!. لە کەسایەتی ئەم گەلانەدا ئەمە کرۆکی شۆڤینیزمە لە ناخی هەموو سەردەستێکدا. کە واتە بەکورتی تای یەکەم یان سەرەتای هەموو پەیوەندییەکی نێوان سەردەست و بندەست شۆڤینیزمێکی پەتییە کە سایکۆلۆژییەت و عەقڵییەتی سەردەست سەرچاوەیەتی. ئەڵبەتە بەشێک لەم شۆڤینیزمە تا ئەو کاتەی کە بندەست ڕانەپەڕێ و سەرهەڵنەدا، لەوانەیە بە تەواوەتی خۆی ڕووت نەکاتەوە و بەشێک لێی بە ماقووڵی و شاراوەیی بمێنێتەوە و ئەگەر تەنانەت هەندێ جاریش بەرانبەر بە بندەست خۆی نمایش نەکا، دیسان وەک درێژکراوەی عەقڵییەت و سایکۆلۆژییەتی خۆ گەورەزانین، خۆ گەورەکردن و خۆ گەورەهێشتن هەر لە قووڵایی ناخی سەردەستدا بە تۆخی بوونی هەیە و جێگیرە. هەزاران بانگەشەی وەکوو "عەرەبی زمانی بەهەشتە"، "تورکی دایکی گشت زمانەکانە"، "ئارىایی بە واتای ڕەسەن و نەجیبە" و... هتد کە تەنانەت لە بەرزترین ناوەندەکانی زانست و لەلایەن بەرزترین زاناکانی ئەم گەلانەوە کاوێژ دەکرێنەوە گوزارەی ڕوون و ئاشکران لە ڕۆحی ئەم فاشیزمە.

بەڵام تای دووەم یان کۆتای پەیوەندی نێوان سەردەست و بندەست کە بە ڕێژەیەکی زۆر گرێدراوی لایەنی بندەستە تۆزێک ئاڵۆزتر و ناڕوونترە و زۆربەی کاتەکانیش چاوەڕواننەکراوە. چاوەڕواننەکراوە لەبەر ئەمەی کە زۆر جاران وا دەردەکەوێ بندەستەکان پێچەوانەی ئەم ڕێسا گەردوونییە دەجووڵێنەوە کە "هەر کارێ کاروەدانێکی هەیە یەکسان و بەرۆڤاژی خۆی". لە هاتنەئارای هەموو ستەمکارییەکدا ئەگەری هەرە ئاسایی بەرتەکدانەوە و بەگژداچوونەوەی لایەنی ستەمکارە لەلایەن ستەمدیدەوە. کەچی ئەم بەرتەکە یان هەر ڕوو نادا، یان بەدەگمەن نەبێ هیچ کاتێ لە ئاست ئەو ستەمکارییەدا نییە. لە دۆخی هەست پێنەکردن بە بندەستی، ئاساییە بندەست هیچ کاردانەوەیەکی نەبێ، بەڵام لە دۆخێکدا کە بندەست هەست بە بندەستی خۆی دەکا و ئاگاداری بندەستبوونی خۆیەتی، بە ئەگەرێکی زۆر بەشێ لە هۆکاری لاوازبوونی کاردانەوە دژ بە سەردەست ئەنجامی ڕاستەوخۆی بێدەسەڵاتی لایەنی بندەستە. بە هەرحاڵ بە هەمان ڕادە کە هاتنەئارای بەرتەک و کاروەدان لەلایەن بندەستەوە

ئاساییە، ئاساییشە لە ڕووی ئەخلاقییەوە هیچ کردەیەکی بندەست لەگەڵ کردارەکانی سەردەستدا بەراورد و داوەری نەکرێ. چۆنکە ئەوەی لە سەردەست دەوەشێتەوە لە ڕۆحێکی شۆڤینی پەتییەوە هەڵدەقوڵێ، کەچی هەموو دژەکردارێکی بندەست بە ڕێژەیەکی بەرچاو کاردانەوەیە بەرانبەر بەو ڕۆحە شۆڤینییە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر دژەکردەوەی بندەستەکان هەمیشە بە ڕادەی پێویست بووایە بەشێکی گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتی خاڵی دەبوو لە ستەمکاری سەردەستان و مرۆڤایەتی سەربردەیەکی پاقژتری دەبوو لەوەی کە تا ئێستا هێناویەتی. بەڵام وەک دیارە چکەرەکردن و سەرهەڵدانی شۆڤینیزم لە ناخی بندەستدا بە هۆی بندەستبوونەوە ئەگەر بە تەواوەتی نەکردەنی نەبێ، تا ئاستێکی زۆر ئەستەمە، مەگەر بندەست خۆی لەپێشدا پێشینە و زەمینەیەکی شۆڤینیزمی تێدا هەبێ. هەر لە ڕەوتی دوور و درێژی بەردەدارییەوە بگرە تا سەردەمی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپییەکان لە ئامەریکا و ئاسیا و ئافریقیا، مێژوو پڕاوپڕە لە نموونەی بەرجەستە لەم بوارەدا.

نموونەیەکی هەرە دەیاری تری ئەم ڕاستییە لەم سەردەمەدا کوردە. کورد سەرباری ئەمەی کە لانیکەم سەد ساڵی ڕەبەقە بە بەردەوامی لەژێر ستەمی هاوبەشی شۆڤینیزمی گەلانی داگیرکەر و فاشیزمی دەوڵەت نەتەوەکانی ئەواندا دەچەوسێتەوە، کەچی هێشتا نەیتوانیوە بەشی دژایەتیکردنی شۆڤینیزمی سەردەستان کە هیچ، تەنانەت نەشیتوانیوە لانیکەم ڕێژەیەکی مانادار لە تووڕەیی و کینە بەرانبەر بەم فاشیزم و شۆڤینیزمە لە خۆیدا دروست بکا. شێرکۆ بێکەس کاتێ دەڵێ "هەرچییەک ئەکەم/ ناتوانم بە وشەی ڕقدا هەڵگەڕێم، بێکەم بە قەڵایەک بۆ خۆم/ ناتوانم لەپاڵ وشەی تۆڵەدا من سەنگەرێک لێدەم و/ بیکەم بە پەنایەک بۆ دڵڕەقی و تووڕەیی خۆم"، زیاتر لەوەی لە کەسایەتی ئاشتیخوازانەی خۆی بدوێ، گوزارشت لەم ڕاستییەی کۆمەڵگای کوردی دەکا. لە ئەنجامدا ئەوەی لە نموونەی کورددا ڕوویداوە، زیاتر لەوەی بەرەو شۆڤینیزم هەنگاو هەڵبگرێ، بەرەو یەکسانی و دیمۆکراسیخوازی هەنگاوی ناوە و بەرەو ئەو وێستگەیە ڕۆیشتووە کە هێمن لە "ناڵەی جودایی"دا

دەڵێ "شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە ـ بانگی ئازادی و گرووی یەکسانییە".

بەکورتی میناکی کورد و بارودۆخەکەی لە بندەستیدا و چۆنێتی پەیوەندی و ڕەفتاری داگیرکەران لەگەڵ ئەم گەلەدا بایی ئەوە نیشانە و سەلمی تێدایە کە مرۆڤ پێیان لەم تێگەیشتنە نزیک ببێتەوە کە لە هەموو پەیوەندییەکی دوولایەنەی نێوان سەردەست و بندەست دا لایەنی سەردەست ئەگەر خودی شۆڤینیزم نەبێ، بە ئەندازەیەکی زۆر فراوان بارگاوییە بە سایکۆلۆژییەت و عەقڵییەتی شۆڤینیزم. بە هەمان شێوە بندەست ژی بەرۆڤاژی ئەمەی کە چاوەڕێی لێ دەکرێ نیشانەکانی شۆڤینیزمی لێ بوەشێتەوە، کەچی زیاتر بەرەو دیمۆکراتبوون و یەکسانیخوازی نزیک دەبێتەوە. کە واتە لەم پەیوەندییە لاسەنگەدا ئەوەی لە ئارادایە گەشەی هاوتەریبی هەردوو ڕەوتی شۆڤینیزم و یەکسانیخوازییە. لە بەشی داهاتوودا تۆزێ لەمە ورد دەبینەوە کە لە نموونەی کورددا هۆکار چییە کە بندەست زۆربەی کاتەکان بەبێ زەمینە ناتوانێ ببێتە شۆڤینی؟!..

## کورد بۆ نابێتە شۆڤینی؟!

لە بەشی پێشوودا گەیشتینە ئەم مەراقەی کە "کورد بۆچی نابێتە شۆڤینی؟!". لەڕاستیدا من پێشتر لەمە لە پرتووکی "هەتیتە و مەتەرێزی ناسیۆنالیزم"دا ئەم مەراقەم درووژاندووە و هەر لەوێش بەکورتی ئاماژەم بە هەندێ سەدەم و هۆکار داوە. لێرەدا دەمەوێ کەمێ وردتر لەنێو سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی ئەم جڤاکەدا بە شوێن هۆکارەکاندا بگەڕێین. یەکەم هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگ و نەریتی کوردی کە بە ڕادەیەکی زۆر خاڵییە لە ڕۆحی شۆڤینیزم. ئەحمەدی خانی وەک یەکێ لە پێشەنگەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لانیکەم لە جیهانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا لە "مەم و زین"دا و لە میانەی باسکردن لە کورد وەکوو گەلێکی بندەست، ئاماژە بە چەندین نەتەوەی سەردەست دەکا کە سێ لەوانە بریتین لە هەمان سەردەستەکانی ئەمڕۆی کوردستان، واتە تورک و عەرەب و عەجەم یان فارس. بەڵام ئەمەی کە چۆن لە

بندەستی کورد و لەم سەردەستانە دەڕوانێ زۆر گرنگە و دەتوانێ بەرچاوڕوونیمان بداتێ. خانی سەرباری ئەمەی کە گلەیی لە بندەستی کورد بەرانبەر بەم گەلانە دەکا، بەڵام لە هێمای نەبوونی سەرکێشێکدا ئەم بندەستییە دەگەڕێنێتەوە بۆ ناتەواوبوونی کورد خۆی و بە دێڕەشێعری "تەبیعەت وان ئەگەرچی ئارن ـ ئەو ئار ل خەلقێ نامدارن" ئار و نەنگی ئەم بندەستییە دەخاتە ئەستۆی گەورە و میرەکانی کورد. ئەو کاتێ دەڵێ "غالب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ ڕووم ـ نەدبوونە خرابەیێ د دەست بووم"، بە ڕوونی ئاگای لێیەتی سەردەستەکان چۆن بوونەتە بایەقوش و دانیشتوون بەسەر ئەو وێرانەیەی کە لە خاکی کوردان دروستیان کردووە، بەڵام پێش ئەوە دیسان جاف گوتەنی "سەر دەکاتەوە سەر دەنگی خۆی" و هەر خۆی و بەختی خۆی سەرکۆنە دەکا کە: "گەر دێ مە هەبوویا پادشاهەک ـ لایق بدییا خوەدێ کولاهەک"، ئێمە وامان لێ نەدەهات!. خانی تەنانەت بە وردی ئاگای لەمەشە کە هۆکاری کوشتوبڕی کوردەکان شەڕانگێزی ئەو گەلە سەردەستانەیە، کاتێ کە دەڵێ: "بفکرە ژ عەرەب هەتا ڤە

گورجان ـ کورمانجییە بوویە شوبهێ بورجان/ ئەڤ ڕووم و عەجەم ب وان هسارن ـ کورمانج هەمی ل چار کەنارن/ هەردو تەرەفان قەبیلێ کورمانج ـ بۆ تیرا غەزا کرنە ئامانج/ گۆیا کو ل سەرحەدان کلیدن ـ هەر تائیفە سەدەکن، سەدیدن/ ئەڤ قولزمێ ڕووم و بەحرێ تاجیک ـ هندی کو بکن خورووج و تەحریک/ کورمانج دبن ب خوین مولەتەخ ـ وان ژێک ڤە دکن میسالێ بەرزەخ". کەچی دیسان تاوانی سەردەستان ژ نەدیتی ڤە تێ و ڕووی تاوانبارکردنی هەر لە خۆیەتی کە "لەو پێکڤە هەمیشە بێتفاقن ـ دایم ب تەمەڕود و شیقاقن!...". بەکورتی ئەحمەدی خانی سەرەڕای ئەمەی کە دەزانێ بندەستی کێیە و سەردەستەکان چۆن وڵاتەکەی وێران دەکەن و چۆن بە سەریدا کوشتوبڕ دەمەشێنن، کەچی هێشتا ناتوانێ ڕۆحێکی شۆڤینی ڕقئەستوور بەرانبەر بەم سەردەستانە لە خۆی بنوێنێ و دژ بە ئەوان هەوڵی دروستکردنی کەسایەتییەکی شۆڤینیست لە ناخی ئەم کوردە بندەستەدا بدا!... . ئەم تێڕوانینەی خانی کە بەئەنقەست نییە و بگرە بە ڕادەیەکی زۆریش ناخودئاگایە لەڕاستیدا

گوزارەیەکی ڕۆشنە لەمەی کە شۆڤینیزم جێگایەکی پڕڕەنگ و ئەوتۆی لە قووڵایی فەرهەنگی کورددا نەبووە و نییە. ئەم ڕاستییە کاتێ بۆمان ڕوونتر دەبێتەوە کە بزانین فەرهەنگی گەلانی سەردەست تەنانەت زۆر پێشتر لە ئەحمەدی خانی پڕ بووە لە تێڕوانینی شۆڤینی و فاشیستی سەبارەت بە گەلانی دیکە و بەتایبەتی سەبارەت بە گەلی کورد. بۆ وێنە دروستکردنی ڕەوایەتی وەکوو "کورد بەشێکن لە جنۆکە" و حوکمی شەرعی وەکوو "ژن و ژنخوازی لەگەڵ کورددا نارەوایە" یان "بازرگانیکردن لەگەڵ کورددا ناپەسندە" لە نموونەکانی ئەم شۆڤینیزمەن. بیرمان نەچێ ئەم ڕەوتە تاکوو ئەم ساتەوەختەش بەردەوامی هەیە و کۆتا نموونەی لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا دەرکەوت کاتێ بەرنوێژی هەینی مزگەوتی تاران بە ئاشکرا لە عەلی گێڕایەوە کە گوایە "زمانی دانیشتووانی دۆزەخ کوردییە!". بەکورتی لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی خانی و بە سەرنجدان لەسەر فەرهەنگ و مێژووی کورد مەبەستمە بڵێم فەرهەنگ و دابونەریتی کورد بە ڕێژەیەکی بەرچاو خاڵییە لە ڕەگەزەکانی شۆڤینیزم و نەتەنیا تا ئێستا

نەیتوانیوە سەبارەت بە داگیرکەران کوردێکی شۆڤینی دروست بکا، بەڵکوو تەنانەت نەشیتوانیوە ڕێژەیەکی مانادار لە ڕقئەستووری تێدا گەڵاڵە بکا.

جیا لە نەبوونی پشتوانەیەکی فەرهەنگی بەهێز بۆ سەرهەڵدانی شۆڤینیزم لەنێو کورددا، وەک خودی دیرۆک خۆشی دەریدەخا مێژووی ئەم گەلە هیچ کاتێ هەڵگر و دروستکەری شۆڤینیزم نەبووە و نییە. لەلایەکەوە ژیانکردنی ئەم گەلە لە چوارچێوەی میرنشینەکاندا بۆ ماوەی سەدان ساڵ و هەوڵنەدانی بۆ بەدەستخستنی سەروەری بەسەر گەلانی دیکەدا خۆی نیشانەیەکی گەورەیە لە نەبوونی ویست و خوازەیەکی قووڵی داگیرکاری و سەردەستی و لە ئەنجامدا نەبوونی ڕۆحێکی شۆڤینی لەنێو ئەم گەلەدا. لەلایەکی دیکەوە نەبوونی ئەم مێژووی داگیرکاری و سەردەستییە وای کردووە کورد پاشخوانێکی مێژوویی گەورەشی لەبەر دەستدا نەبێ تا بیکا بە هەوێنی دروستکردنی شۆڤینیزم لە خۆیدا. ئەمە لەحاڵێکدا کە هەبوونی پاشخوانێکی دیرۆکی دەستکرد یان ڕاسکانی لە دەسەڵاتداری و سەردەستی ڕۆڵی دیاری هەبووە لە زیاتر

شۆڤینیکردنی گەلانی فارس و تورک و عەرەب. وەک میناک خۆ وێناکردنی فارسەکان وەک میراتگری هەخامەنشی، عەرەبەکان وەک میراتگری دەسەڵاتی ئیسلامی یان تورکەکان وەک میراتگری عوسمانییەکان بە ئاشکرا سایکۆلۆژییەت و هێزێکی دەروونی گەورەی بە هەرکام لەمانە داوە بە ئاراستە و ئاقاری شۆڤینیبوون. وەک لە بەشی پێشدا ئاماژەی پێکرا ئەم میراتە دیرۆکییانە بەردەوام یەکێک بووە لە دەسپێچک و پاساوەکانی ئەم گەلانە بۆ مانەوە لە پێگەی سەردەستی و داگیرکاریدا.

هۆکارێکی گرنگی دیکەی نەتوانکاری کورد لە بەرهەمهێنانی شۆڤینییەت بەتایبەتی لە سەدەی ڕابردوودا نەبوونی پەروەردەیە. لەلایەکەوە وەک کەمێ پێشتر گوتم کورد پێشینەیەکی فەرهەنگی و دیرۆکی لە شۆڤینیزمدا نییە و هەر بۆیە ئەم نەریتە توانای دروستکردنی شۆڤینییەتی لە ناخی مرۆڤەکانی خۆیدا نییە و ناتوانێ کەسی شۆڤینی پەروەردە بکا. لایەنێکی دیکەی پەروەردەی هەر جڤاکێک چینی ڕووناکبیرانە. چینی ڕۆشنبیرانی کورد زیاتر لە نەتوانین هیچ کاتێ

نەیانویستووە ئەم گەلە بە ئاقاری شۆڤینییەتدا ئاراستە و پەروەردە بکەن. بۆ تێگەیشتن لەم ڕاستییە باشترە بە میناکێکی بەراوردی مەبەستەکەم ڕۆشنتر بگەیێنم. دوای تێپەڕینی زیاتر لە سی ساڵ بەسەر هەڵەبجەدا ئێستاش کە ڕووناکبیرانی کورد سەبارەت بە هەڵەبجە دێنەگۆ، ئەوەندە بێوچان پێ بە زەویدا دەکوتن کە "خەتای پارتی و یەکێتی بوو ئێرانیان ڕاکێشایە نێو خاکی عێراق و سەدامیان ناچاری ئەم کارە کرد" کە دڕندەیی و شۆڤینییەتی هەردوو سوپای ئێرانی و عێراقی لەم ژینۆسایدە گەورەیەدا بە تەواوەتی لە چاوی مرۆڤی کورد بزر دەکەن و لە بیری دەبەنەوە. ئەگەر ئەم میناکە گەورە بکەینەوە بۆ ئەو سەدان کارەساتە گەورانەی کە ماوەی سەدەیەکە بەردەوام لەلایەن داگیرکەرانەوە بەسەر کورددا دەهێنرێن و بە دوای ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە شرۆڤەی ئەم کارەساتانەدا بگەڕێین بە ڕۆشنی بۆمان دەردەکەوێ کە ڕووناکبیرانی کورد زانستە یا نەزانستە تەنانەت لە کارەساتە گەورەکانیشدا نایانەوێ و ناتوانن کەمترین ڕێژە لە ڕق و کین سەبارەت بە داگیرکەر لە ناخی

کورددا بچێنن. بۆ وێنە دەتوانین ئەم ڕۆڵەی ڕۆشنبیرانی کورد سەبارەت بە جەنگی سەد ساڵەی دەوڵەتانی داگیرکەر دژ بە کورد بەراورد بکەین بە ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی فارس سەبارەت بە جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق تا باشتر لە ڕاستییەکان تێبگەین. لەحاڵێکدا ڕۆشنبیرانی فارس بە گێڕانەوەی جەنگی هەشت ساڵەی هەڵگیرساوی دەستی سەدام و خومێنی لەڕێگەی هونەر و سینەما و ئەدەبەوە بە ئاشکرا توانیویانە شۆڤینییەتی فارس سەبارەت بە عەرەب چەندین پلە بەرزتر بکەنەوە، بەڵام ڕۆشنبیرانی کورد دوای سەدەیەک قڕانی گەلی کورد بەدەست داگیرکەرانەوە تەنانەت نەیانتوانیوە ئاستی ڕاستەقینەی دڕندەیی و وەحشیگەری ئەم داگیرکەرانە بۆ خەڵکی کورد ڕوون بکەنەوە. بۆ وێنە من خۆم کاتێ ئەو وێنە ئاساییەی کە بەختیار عەلی لە "داگیرکردنی تاریکی" یان "بەندەر فەیلی"دا لە تورک و عەرەبی داگیرکەری کوردستان وێنای دەکا بەراورد دەکەم بەو فیلمە فارسییانەی کە بە تێکڕایی تەنانەت یەک سەربازی عێراقییان تێیدا نادۆزمەوە کە وەک دژمنی ئێرانی

سیمایەکی دڕندە و ناشیرینی پێوە نەبێ، جیاوازی نێوان ڕۆشنبیری کورد و فارس لە دروستکردنی هەستی ڕقەبەری و کینەتۆزی سەبارەت بە دژمن بە ڕۆشنی هەست پێدەکەم. کەسانی وەک بەختیار عەلی کە ناوم هێنا یەکانە نین و جیهانی ڕۆشنبیری کوردی بە تێکرایی وەهایە و هێنانەوەی میناکی زیاتر کارێکی زۆر ئاسانە. بۆ وێنە شێرکۆ بێکەس لە "گۆڕستانی چراکان"دا هێندەی بۆ ئەنفالەکانی گەرمیان دەگری، بە هەمان ڕادە بۆ شیعەکانی باشووری عێراقیش دەگری کە خۆیان هەر لە سەردەمی بەعسەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ یەکێکن لە کۆڵەکەکانی شۆڤینیزمی عەرەبی دژ بە کورد. لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵا پەشێو لە شێعرەکانیاندا بە جاران مشووری ڕزگاری ئەو فەلەستینییانە دەخۆن کە ئەمڕۆ لە عەفرین خەریکی تەعریبی خاکی کوردستانن... و هتد. بەکورتی پێچەوانەی ڕۆشنبیرانی گەلانی سەردەستی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لە هەموو بوارێکدا لە بەرهەمهێنانی شۆڤینیزمدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، ڕۆشنبیرانی کورد لە دروستکردنی کەمترین ئاستی ڕقەبەری سەبارەت بە

داگیرکەرانی کوردستان ماونەتەوە، چی بگات بەمەی کە خەڵکێکی شۆڤینی پەروەردە بکەن. من کاتێ دیمەنە بەناوبانگەکەی هێرشی هونەرمەندانی تورک بۆ سەر ئەحمەد کایا دێنمەوە بەرچاوی خۆم لەسەر ڕاگەیاندنی ئەمەی کە بەنیازە گۆرانییەکی کوردی بخوێنێ و بەراوردی دەکەم بە پێشوازی هونەرمەندانی کوردی وەک ناسری ڕەزازی لە تاتلیسەز یان مەزهەری خالقی لە شەجەریان، هیچ گومانێکم تێدا نامێنێ کە ئەم چینە قەت ناتوانن تاکی کورد لەسەر شۆڤینیزم ڕابێنن. ئەم ڕۆشنبیرانەی ئێمە دوای لانیکەم سەدەیەک تژە داگیرکاری و وێرانکاری بێناوبەر و تاڵان و قڕانی بێوچان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە تازەبەتازە ئامۆژگاری کورد دەکەن کە "نابێ فاشیزم وامان لێ بکا ئێمەش ببین بە فاشیست!". کورتەی مەبەستەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری کوردی هیچ کاتێ دەزگایەک نەبووە بە ئاراستەی پەروەردەکردنی مرۆڤی کورد لەسەر شۆڤینیزم کاری کردبێ یان کار بکا...

یەکێکی دیکە لەو دەزگا گرنگانەی کە دەتوانێ کۆمەڵگا ئاراستە و پەروەردە بکا کەرتی سیاسەتە. سیاسەتی

کوردی بەهۆی پەیوەندی نزیک و ڕاستەوخۆی لەگەڵ دۆزی بندەستی کورددا هەمیشە لە نزیکەوە و زیاتر لە توێژەکانی تری جڤاکی کوردی بە ستەمی داگیرکەران ئاشنا بووە. هەر بۆیە لە ئەنجامدا دەیتوانی کۆمەڵگای کوردی بە ئاراستەی تێڕوانین و هەڵوێستێکی ڕقاوی سەبارەت بە داگیرکەران هان بدا و پەروەردەی بکا. بەڵام وەک لە مێژووی سەد ساڵەی سیاسەتی کوردیدا دیارە ئەم هێزە چی بە دروشم، چی بە ڕێباز و بەرنامەی حزبی و چی بە کردار هیچ نیشانەیەکی شۆڤینیبوونی لە خۆی دەرنەخستووە و هەمیشە باسی لە پێکەوەژیان کردووە تەنانەت لەگەڵ داگیرکەراندا. هەر بۆیە سیاسەتیش هەروەک دەزگای ڕۆشنبیری کوردی هیچ کاتێ وەک دەزگایەکی هاندانی خەڵکی کورد بەرەو شۆڤینیزم ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕاوە.

پەیوەندیدار بە مژاری پەروەردە یەکێ لەو خاڵە جێگەی سەرنج و گرنگانەی کە دەتوانێ ناتەواوی جڤاکی کوردی لە دروستکردنی شۆڤینیزمدا زیاتر ڕوون بکاتەوە ڕامانە لەسەر پەیوەندی پەروەردە لەگەڵ دەسەڵات و دەوڵەتدا.

هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا یەکێ لە دەزگا هەرە گرنگ و کاریگەرەکانی بەرهەمهێنانی شۆڤینیزم و پەروەردەکردنی مرۆڤی شۆڤینی لە سەدەی ڕابردوودا دەسەڵات و دەوڵەت بووە. لەم دەڤەرەدا بە ڕەهایی هەموو دەوڵەتەکان ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەبووە و هەیە لە گەشەپێدانی شۆڤینیزمدا. بە چاولێکردنی ڕۆڵی کاریگەری دەوڵەت نەتەوەکانی دەوروبەر لە بەرهەمهێنانی شۆڤینیزم لەنێو نەتەوەکانی خۆیاندا ئاساییە وا بیر بکەینەوە کە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی یەکێ لە هۆکارەکانی گەشەنەکردنی شۆڤینیزم بێ لەنێو کورددا. ئەم گریمانەیە ئەگەرچی ڕێی پێدەچێ، بەڵام ئەزموونی دەسەڵاتداری باشوور و ڕۆژاوای کوردستان ڕاستییەکی ترمان پیشان دەدا. هەردووی ئەم دەسەڵاتانە سەرەڕای ئەو ئەزموونە تاڵەی کە لە شۆڤینیزمی گەلانی داگیرکەر و بەتایبەتی عەرەب بینیویانە، کەچی لە ئەوپەڕی لێبوردەییدا لەگەڵ ئەم گەلانەدا دەجووڵێنەوە. بەتایبەتی باشوور تەنانەت بووەتە مۆڵگەی حەوانەوەی بەعسییەکان کە شۆڤینیترین عەرەبەکان. دەسەڵاتی باشوور تەنانەت

خەریکە خەڵکی کورد لە نەتەویبوونە ئاسایی و سروشتییەکەی خۆشی دەخا و فاروق ڕەفیق گوتەنی "مرۆڤی کوردی بە فیڕۆ داوە"، چی بگا بەمەی لە بەرنامەیدا بێ بیانکا بە شۆڤینی!. دەسەڵاتی ڕۆژاواش کە بە ئاشکرا لەسەر ڕێبازی نەتەوەی دیمۆکراتیک دەڕوا کە هەر خۆی بە ناوەڕۆک دژی شۆڤینیزمە و ناتوانێ شۆڤینیزم بەرهەم بێنێ. کە واتە وەک دیارە پێچەوانەی کارکردی دەوڵەت نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە پێناچێ دەسەڵات و دەوڵەتی کوردیش بتوانێ بەرهەمهێنەر و دروستکەری شۆڤینیزم بێ لە ناخی کۆمەڵگای کوردیدا...

بێگومان ئەمە تەواوی داستانەکە نییە و ئەگەر لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆ بین ئەم کراوەیی و دیمۆکراتبوونە یان بە مانایەکی تر ئەم ناشۆڤینیبوونە بە تەواوەتی لە پیاوچاکی و قەنجی ئێمە نییە و بەشێک لێی تەنانەت بەرهەمی نارێکی و ناتەواوبوونی ئێمەیە لە هەندێ بواردا. بۆ وێنە یەکێ لە هۆکارە نارێکە هەرە گەورەکان کە ڕەنگە ڕۆڵی گرنگی بووبێ لە دروستنەبوونی شۆڤینیزمی کوردیدا بریتییە لە نەبوونی هەستێکی هاوبەشی گشتگیر سەبارەت بە

دەردی هاوبەشی "بندەستی" کە ئەم جڤاکە گیرۆدەیەتی. وەک لە "نارێکییەکانی داگیربوون"دا ئاماژەم پێکردووە تێڕوانینی کورد بۆ دەوڵەتانی داگیرکەر جگە لەو نانەتەوییوونە ڕاستەقینەیەی کە زۆرینەی کورد ژیانی دەکا، ڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەمەیە کە بندەستی کامە دەوڵەتی داگیرکەرە و بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە ئەم دەوڵەتانە بە داگیرکەری باش و خراپ پۆلین دەکا. بۆ وێنە کوردێکی باشووری لەلایەک ئەوەندەی ڕۆژهەڵاتییەک لە ستەمی دەوڵەت نەتەوەی فارس نازانێ و لەو لاشەوە هەستێکی قووڵی هاونەتەوەیی و هاوسۆزی نییە سەبارەت بە کوردی ڕۆژهەڵات و هەر بۆیە دەوڵەت نەتەوەی فارس بە سەردەستێکی ستەمکاری خۆی نازانێ و لە ئەنجامدا ناتوانێ بە قەدەر کوردێکی ڕۆژهەڵاتی تێڕوانینێکی شۆڤینی یان لانیکەم ڕقئامێز سەبارەت بەو دەوڵەت و نەتەوەیە لە خۆیدا دروست بکا. ئەم ڕاستییە بە ڕێژەیەکی مانادار سەبارەت بە تێڕوانینی زۆرینەی خەڵکی هەر چوار بەشی کوردستان سەبارەت بە دەوڵەت نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستان دروستە...

جیا لە لاوازی هەستی نەتەوەیی و بە هاوبەش نەزانینی ستەمی بندەستی، سایکۆلۆژییەتێکی تر کە یارمەتیدەرە ئێمە نەبین بە خاوەن ڕۆحێکی شۆڤینی ئەمەیە کە ئێمە بە ڕادەیەکی زۆر خاڵین لە بیرەوەری دیرۆکی و بە هەمان ڕادەش پڕین لە فەرامۆشکاری. بۆ وێنە لەحاڵێکدا کە بەهۆی نەبوونی ئەو هاوسۆزییە نەتەوییە هاوبەشەی کە کەمێ پێشتر وەک نارێکییەک ئاماژەم پێدا بەشێکی گەورەی جڤاکی کوردی فەرمانەکانی سەر ئێزدییەکان بە ژینۆسایدی سەر خۆیان نابینن، ئەو بەشەکەی تری کۆمەڵگا جگە لە دەستەواژەیەکی دوبارەکراوی وەک "هەفتا و دوو فەرمان" هیچ شتێکی ئەوتۆ لەم فەرمانانە نازانن. ئەم تێڕوانین و ڕاوەستەیە سەبارەت بە تەواوی ژینۆسایدەکانی سەد ساڵی ڕابردووی کورد لەلایەن فارس و تورک و عەرەبەوە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بە تۆخی لە ئارادایە.

کورت و کورمانجی، ئەوەی ڕاستی بێ کۆی ئەو ستەمکارییە بێوچانەی کە دەوڵەت نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورک بە درێژایی سەدەیەک لە کوردستان بە

هاوبەشی ئەنجامیان داوە بەشی ئەوە دەکات کە هەر گەلێکی بندەست بکا بە "سوپەرشۆڤینی". بەڵام ئەوەی نەیهێشتووە گەلی کورد بەم ئاراستەیەدا بڕوا، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە ڕیشەی لە سۆسیۆلۆژی ئەم جڤاکەدا هەیە. بە گوتنێکی ڕاشکاوانەتر ناشۆڤینیبوون بەشێکە لە چاندی کوردی و زۆر ئەستەمە ئەم گەلە ببێتە شۆڤینی، مەگەر بە پەروەردەیەکی تۆخ و تۆکمە کە کورد ئەوەشی نییە. لە کۆتاییدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە کە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بدەم.

یەکەم، بۆ ئێمەی کورد ئەمە هەڵەیەکی گەورە و کۆشندەیە کە ناشۆڤینیبوون بە ڕەهایی و وەک پرەنسیپێکی ڕەها بە باش بزانین. چۆنکە ئێمە لەنێو گەلەگۆرکێکی تا سەر ئێسقان دڕندەدا گیرمان خواردووە و نابێ لەسەر ئەم سایکۆلۆژییەت و عەقڵییەتە پێداگری بکەین کە دەمانەوێ تا سەر بە مەڕ بمێنینەوە. دووەم، هیچ کاتێ نابێ هیچ هەڵسوکەوتێکی خۆمان هەرچەندە توندوتیژیش بێ لەگەڵ هەڵسوکەوتی داگیرکەراندا بەراورد بکەین و بە یەکسانیان بزانین. هەرچۆنێ بێ

ئەوانن کە بە توندوتیژی هاتوونەتە سەر ئێمە و چنگیان ناوەتە سەر قوڕگمان و ئەگەر ئێمەش لە ژێرەوە گازێکیان لێ بگرێن زۆر ئاساییە و پاراستنێکی ڕەوایە. سێیەم، لە نەبوونی عەقڵییەت و سایکۆلۆژییەتی شۆڤینیدا تەنیا ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئێستای کورد خۆ بەهێزکردنی دیمۆکراتیک و مرۆڤانەیە بەم مانایە کە ئەوەندە چاومان لەسەر بەهێزکردنی خۆمان بێ کە داگیرکەران وردە لە هاتنەسەرمان سڵ بکەنەوە و ئەوەندەش ئەخلاقی و دیمۆکرات بین بە ناڕەوا بەسەر کەسدا نەچین و خۆمان وەک هیوایەک بۆ دیمۆکراسی جێ بخەین.

## سۆسیۆلۆژی ئازادی

ڕەنگە "سۆسیۆلۆژی بندەستی" بە واتای لێکۆڵینەوەی باندۆرەکانی بندەستی لەسەر دەروون و ڕەفتارەکانی جڤاکی بندەست بەشێکی گرنگ بێ لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە کۆی کە ئەو جڤاکە چۆن لە تێگینی "سەربەستی" دەڕوانێ و تێگەیشتنی بۆ چەمکی "ئازادی"

چییە؟. بە ئەگەرێکی زۆر بیرمەندی گەورەی کورد ئۆجالانیش هەر لەم گۆشەنیگایەوە بەرگی سێیەمی زنجیرەی "مانیفێستی شارستانی دیمۆکراتی" خۆی بە ناوەڕۆکی "سۆسیۆلۆژی ئازادی"یەوە پێشکەش کردووە. ئەو لەم پرتووکەدا بە دوو گوزارەی کورت و پوخت پەیوەندی نێوان جڤاک لەگەڵ ئازادی و بندەستیدا وەها شرۆڤە و شی دەکاتەوە: "کۆمەڵگا چەندە توانای ژیری، چاند و هۆشمەندی لە خۆیدا قووڵ کردبێتەوە، بە هەمان ڕادە خۆی لە ئازادی نزیک کردووەتەوە. هەروەها ئەمەش ڕاستە کە کۆمەڵگا بە هەر ئەندازە خۆی لە بەهاکانی چاند، هۆشمەندی و ژیری بێبەش کردبێ یان بێبەش کرابێ، بە هەمان ڕادە لە کۆیلەتیدا دەژی". کە واتە کورت و کورمانجی، بۆ تێگەیشتن لەمەی کە کورد چەندە لە "ئازادی" یان "بندەستی"یەوە نزیکە پێویستە لە چۆنێتی بیرکردنەوەی ئەم گەلە بۆ "ئازادی نەتەوەیی" تێبگەین. بە گوتنێکی تر دەبێ لەمە بکۆڵینەوە کە ئایا ئەم گەلە سەبارەت بە چەمکی "ئازادی" هۆشمەندییەکی جڤاکی یان عەقڵێکی هاوبەش دەژی یان نا؟... . بێگومان "هەبوون" یان

"بوونێتی" مرۆڤ پێش ئازادی دێت و هەموو یەکەیەکی مرۆیی بەر لە داواکردن یان لێگەڕین بۆ ئازادی پێویستە لەپێشدا دیاری بکا چۆنە "هەبوون"ێک دەژی تا دواتر بەگوێرەی ئەو هەبوونە بە شوێن "ئازادی" خۆیدا بگەڕێ. کە واتە وەک یەکەم هەنگاو بۆ تێگەیشتن لە واتای ئازادی لە سۆسیۆلۆژی جڤاکی کوردیدا دەبێ بزانین ئەم جڤاکە چۆن مامەڵە لەگەڵ هەبوونی خۆیدا دەکا و چۆنە کوردبوونێ دەژی و چەندە بەگوێرەی کوردبوونی خۆی دەجووڵێتەوە. لەڕاستیدا ئاوێنەی هەرە بەردەست کە بتوانێ لە وەڵامی پرسیاری "کورد چۆن دەڕوانێتە دۆزی ئازادی خۆی؟" بەرسڤێکی ڕوونمان بداتێ بریتییە لە چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەم جڤاکە لەگەڵ هەبوونی خۆیدا. هەر بۆیە لەم بەشەی کۆتاییدا بۆ نزیکبوونەوە لەم بەرسڤە لەجیاتی پەنابردن بۆ تێئۆریسازی پەتی، ژیانی ڕاسکانی تۆپۆلۆژیای جڤاکی کوردی بە بنەما دەگرین بەڵکوو دوور لە گریمانە و شیمانە و تەنیا لە ئاوێنەی ئەم ژیانە ڕاسکانییەوە لە چۆنێتی "کوردبوون"ی ئەم گەلە تێبگەین، تا لەوێوە چۆنێتی تێڕوانینی بۆ ئازادی بێتە دەستمان و

لەویشەوە چەندێتی نزیکبوونی لە ئازادی بخەملێنین. بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوەی کورد گوتەنی "کا کۆنە نەدەین بە بادا" لە ئاوێنەی بوویەرە تازەکانی وەکوو ڕاپەڕینی "ژینا" و تەڤگەری "داعش" بەکورتی سەیری جڤاکی کوردی دەکەین.

١- ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی":

لەم ڕۆژانەدا یەک ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێپەڕ دەبێ. من هێشتا تکا و لاڵەکانی سینەماکاری کورد بەهمەن قوبادی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە بە نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات و ڕوو لە باشووری کوردستان دەپاڕایەوە: "کاک مەسعوودی بارزانی، کاک نێچیروان، کاک مەسروور، کاک قوبادی تاڵەبانی، دوکتۆر بەرهەم ساڵح!، بۆ بێدەنگ دانیشتوون، بۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قسە ناکەن، بۆ برا و خۆشکە ڕۆژهەڵاتییەکان پشتگیری ناکەن، بۆ بێدەنگن، لە چی دەترسن؟!. ئێوە میدیاکانتان بە قەدەر دوو دەقیقە کار نییە ڤیدیۆیەک دانێن، بێدەنگ دانەنیشن. ماتەڵ نەبن، بە

کۆمێنت و قسەی قۆڕ ناتوانن قسەی کوردستانی گەورە بکەن، ئیمڕۆ ڕۆژهەڵاتییەکان پێویستیان بە ئێوەیە،... بێدەنگ نەبن کاربەدەستانی کورد!، ئەوانەی وا دەڵێن ڕێبەرین، پێشمەرگەی کوردین، ڕۆڵەی کوردین!، ئەگەر ئەوە بەڕاست دەڵێی، ئیمڕۆ دەبێ شەهید بی. شەهید نەبە، قسە بکە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا بە قەدەر دووسێ کەس یەکتر فالۆ نەکەن، کاربەدەستان و هونەرمەندەکان فالۆ کەن، قسە بکەن لەگەڵیان، دەقێ بنووسن،... تۆزێ باوەش بگرە بۆ گەلەکەت، ئەگەر ڕۆژهەڵاتیش گەلی تۆیە؟!. میدیای کوردی!،... ئەگەر بینەرت هەیە لەوێ، دەبێ بەیانی تا شەو خزمەت بکەی. کوردی ڕۆژهەڵاتی شەرەفی نییە، nاموسی نییە دوبارە دانیشێ تۆ ببینێ ئەگەر بێدەنگ بی!. گەلی بەشەرەفی هەولێر، بەناموسی سلێمانی، میهرەبانی باشوور، هەموو شارەکان!، قوربانی دانەدانەتان بم، ماتەڵی میدیاکان نەبن، بە دەنگی ئێوە دەنگی ڕۆژهەڵاتی بەهێزتر دەبێ. ئەویندارى ئێوەین ئێمە، خوێنی ئێمە براین...".

بەڵام بەداخەوە ئەم چاوەڕانییە نەتەنیا لە باشوور، بەڵکوو

لە تەواوی کوردستانی گەورەدا ڕێکاوڕێک هەر لەلایەن ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوە و پارتە کوردانەوە پشتی تێکرا و چاوی لێ بەسترا کە سەری زمان و بنی زمانیان زیاتر لە هەر کەس و لایەنێکی دی هەمیشە پڕ بووە لە نەتەوە، نیشتمان، کورد، کوردستان یان هەر دەستەواژەیەکی تری بیرخەرەوەی ئەمانە. لەم ماوەیەدا هیچ هاوسۆزییەک لەگەڵ خۆپیشاندەران، هیچ هاوخەمییەک لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکان، هیچ هاوکارییەکی بریندار و ماڵباتی بەندکراوەکان و هیچ شەرمەزارکردنێکی ڕەفتاری داگیرکەران نەبینرا تا بیسەلمێنێ ئەمانە ئەم دۆزە وەک دۆزێکی نەتەوەیی دەبینن یان لانیکەم ڕۆژهەڵاتییەکان بە برای نەتەوەیی خۆیان دەزانن. لە شەش ملیۆن کوردی باشووری جارێکیان هەزار کەس نەهاتنە دەرەوە بۆ پشتیوانی مەعنەوی لەم شۆڕشە. لەنێو هەزاران گۆرانیبێژی ئەم پارچەیەدا دە دانە سروود بۆ ئەم سەرهەڵدانە پێشکەش نەکران. زۆرینەی ڕەهای ڕۆشنبیرانی ئەم پارچەیە لە ئاستیدا بێدەنگ بوون و پێنووسەکانیان لاڵ کرد و... هتد. ڕەنگە زۆر کەس پێیان

وابێ ئەم ناهاوسۆزییەی دەسەڵات و شەقامی سیاسی بێ هۆکار نەبووە و هەندێ پاساوی بۆ بێننەوە وەکوو دۆستایەتی یان ترسی پارتەکانی باشوور لە کۆماری ئیسلامی، لێکدانەوەی ڕاپەڕین وەک دژایەتیکردنی حیجاب لەلایەن پارتە ئیسلامییەکانەوە، ڕقابەری ئایدۆلۆژی لەگەڵ سەرچاوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا و خاوەنداریکردنی تەڤگەری ئاپۆیی لەم ڕاپەڕینە و... هتد. بەڵام وەک لە درێژەدا باسی دەکەم ئەوەی ڕاستی بێ لانیکەم باشووری کوردستان بە ڕۆشنی نیشانی دا کە ئەم ڕاوەستەیە چەندە پڕ بووە لە نانەتەوەییبوون، سەد هێندە خاڵی بووە لە هەر جۆرە پاساوێکی دیکە. ئەگەر حزبەکانی دەسەڵات بە هۆی ترس یان پەیوەندی نزیک لەگەڵ ئێراندا نەیانوێرا، خۆ حزبەکانی تری دەرەوەی دەسەڵات هیچ بیانوویەکیان نەبوو!. ئەگەر شەقامی سیاسی ڕەچاوی بارودۆخی ئاسایشی هاوسێکەی دەکرد، خۆ هونەرمەندەکان کەس کاری پێیانەوە نەبوو!. ئەگەر ئیسلامییەکان ئەم ڕاپەڕینە بە دژایەتیکردنی حیجاب و ئیسلام تێگەیشتن و پشتیوانییان نەکرد، خۆ دەیانتوانی لە

ئاست کوشتوبڕەکان دەنگ هەڵبڕن!. ئەگەر پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشوور خۆیان دەترسان، خۆ لانیکەم دەیانتوانی لەڕێی پارتە دەستکردەکانی خۆیانەوە لە باکوور و ڕۆژاوا هەڵوێستێک بنوێنن!. ئەگەر هەموو ئەمانە نەیانکرد، خۆ خەڵکی ئاسایی سەر شەقام دەیانتوانی بیکەن!. بێگومان ئەم تێبینییانە بەشی ئەوە ڕاستییان تێدا هەیە کە بیسەلمێنن هۆکارەکە لە شوێنێکی دیکەدا نییە و ڕێک لە ناخی ئەم جڤاکە خۆیدایە و ئەویش ئەمەیە کە ئەم بەشەی کۆمەڵگای کوردی هیچ پێناسەیەکی ڕاستەقینەی لە "هەبوون"ی خۆی وەکوو "خودێکی نەتەوەیی" نییە و هەر بۆیەش ناتوانێ هیچ واتایەک بۆ ئازادی خۆی وەک نەتەوە بدۆزێتەوە. کە واتە ئەم بەشە گەورەیەی جڤاکی کوردی هەر ئەمە نییە بە تۆخی بندەستبوونی خۆی بژی، بەڵکوو کاڵترین تێڕوانین و سەرەتاییترین تێگەیشتنیشی لە نەتەوە و لە ئازادی وەک ئاسۆیەک دژ بە بندەستی هەیە. بێگومان ئەم سەرەتاییبوونە هەر لە باشووردا بوونی نییە و لە بەشەکانی دیکەشدا بە ئاشکرا دەبینرێ. بۆ وێنە سەرکردەیەکی حزبی وەک خالید عەزیزی کە لە

تەلەڤزیۆنێکی فارسیدا دادەنیشێ و دەڵێ دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هیچ پەیوەندییەکی بە ئۆجالانەوە نییە، جیا لەمەی کە درۆکارێکی گەورەیە لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیدا، نیشانی دەدا کە ناسیۆنالیستێکی زۆر سەرەتاییشە. چۆنکە هێشتا نازانێ زانایان سامانێکی مەعنەوی و ڕەگەزێکی زۆر گرنگن لە نەتەوەبوونی هەر گەلێک و شانازیکردن بە زانایان بەشێکە لە ڕەفتاری هەر تاک و کۆمەڵگایەکی ئاسایی بە ئاراستەی نەتەوەییبوون و بەتایبەتی ئەرکێکی گەورەی سەرشانی هەموو سیاسەتڤانێکی وەک ئەویشە. قسەی ئەم کابرایە ڕێکاوڕێک وەک ئەمە وایە سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی کورد نکۆڵی لە بەرهەمێکی هزری زانایەکی وەک عەبدولکەریمی مودەڕیس بکا چۆنکە ئەو موسڵمانە یان سەرکۆمارێکی لیبراڵێکی ئامەریکایی نکۆڵی لە بیردۆزییەکی نۆئام چۆمسکی کردبێ لەبەر ئەمەی کە ئەو چەپە!. نموونەیەکی تر لەم سەرەتاییبوونە دیسان سەرکردەیەکی حزبی دیکەیە بە ناوی عەبدوڵای موهتەدی. ئەم کابرایە لەم شۆڕشەدا جگە لەوەی کە چووە ژێر باڵی کوڕی کەسێکەوە کە باب و

باپیری گەورەترین ستەمیان لە کورد کردووە و جگە لەوەی کە خۆی لە پێگەی سەرۆکایەتی حزبێکی پەنجا ساڵەوە تا ئاستی بازیگەرێکی سینەما و یاریزانێکی تۆپێن هێنایە خوارێ، شانازیشی بەمە دەکرد کە لەجیاتی دەستەواژەی عەرەبی "تەمامییەتی ئەرزی" دەستەواژەی "یەکپارچەگی سەرزەمینی" خستووەتە ناو دەقی "مەنشوری مەهسا"وە تا بیسەلمێنێ کە جیا لە بەجێهێنانی ئەرکی پاراستنی یەکپارچەیی ئێران زمانی فارسیشی پاراستووە!. بەداخەوە لە جڤاکی بندەستی کورددا ژماردنی ئەم نارێکییانە کارێکی ئاسانە، بەڵام بێگومان ئەم جڤاکە سەراپا نارێکی نییە و سەرباری باندۆری نەرێنی بندەستبوون لەسەر سۆسیۆلۆژی ئەم جڤاکە نەتەنیا بە تەواوەتی نەدۆڕاوە، بەڵکوو بەشێکی بەرچاو لێی بە ڕێژەیەکی باش خۆی ڕاگرتووە. هەر بۆیە ڕەنگە زۆر کەس لەم سۆنگەیەوە چاو لێبکەن و بپرسن ئەی بۆ ئێمە باسی دیوەکەی تری کۆمەڵگەی کوردی نەکەین؟!. ئەو دیوەی کە لە کەسایەتی هەموو شارەکانی ڕۆژاوای کوردستاندا بە درێژایی یەک ساڵی ڕابردوو دەیان ڕێپێوانی گەورەی بۆ شۆڕشی "ژن،

ژیان، ئازادی" ئەنجام داوە. لە زمانی گەورە بەرپرسانی وەک مەزڵووم کۆبانی و ساڵح موسلم و کەسانی تر یان تەنانەت لە زمانی دەسەڵاتی فەرمی ڕۆژاواوە ڕاشکاوانە پشتیوانی خۆی بۆ ئەم ڕاپەڕینە ڕاگەیاندووە. لە هێمای کەجەکە، کەنەکە، هەدەپە، هەیڤا سۆر و دەیان ڕێکخراوەی تریشەوە هەر لە ڕووی میدیاییەوە بگرە تاکوو بواری سیاسی و تەنانەت ئابۆریش یارمەتی شۆڕشی ژینای داوە و لەڕێی هونەرمەندان و ناوەندەکانی چاند و هونەرەوە دەیان سروود و بەرهەمی هونەرییان لە پشتیوانی و هاندانی ئەم شۆڕشە پێشکەش کردووە. لە کەسایەتی پژاک دا زیاترین هەوڵی داوە کە ئەم شۆڕشە بکاتە هەوێنی یەکگرتنەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و... هتد. ئەمە جگە لەو هەموو ڕووناکبیر و هونەرمەند و کەسایەتییە نەتەوەییە بێلایەنانەی دەرەوەی ئەم ڕەوتە کە لەم ماوەیەدا بەپێی توانای خۆیان پاڵپشتییەکی مەزنیان لەم بزاڤە جڤاکییە بێوێنەیە کردووە.

بەڵێ ئەمە ڕاستە و گوزارەیەکی ڕۆشنیشە لە هەبوونی ڕەوتێکی دووەمی جیاواز لە ڕەوتەکەی پێشوو کە

پێناسەیەکی دیکەی هەیە بۆ "کوردبوون" و لە ئەنجامدا بۆ "ئازادی کورد". بەڵام خاڵی زۆر گرنگ لێرەدا ئەمەیە کە هێز و توانای هەموو زنجیرێک لە لاوازترین بازنەی ئەو زنجیرەدایە و لاوازترین بازنەیە کە ڕادەی پتەوی و توانای خۆڕاگری کۆی زنجیرەکە دیاری دەکات. لاوازترین بازنە لە زنجیری نەتەوەیی کوردیشدا هەمان ڕەوتی یەکەمە کە من لە نووسینی دیکەشدا بە "ناسیۆنالیزمی سەرەتایی" ناوم هێناوە و ئەگەرچی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بوونی هەیە، بەڵام قووڵاییەکەی لە باشوورەوە دێت و ئەمڕۆش زیاتر لە دەسەڵاتی باشووردا خۆی دەنوێنێ. ئەم ناسیۆنالیزمە لە هیچکام لە ڕەهەندەکانی جڤاکی، سیاسی و ڕۆشنبیریدا هیچ ئاگاییەکی ئەوتۆی لە "جڤاکناسی ئازادی" تێدا بەدی ناکرێ و ئاڵایە لە هەموو بوارەکاندا شتێکی هەیە کە لە پیرۆزیدا دەکەوێتە پێش نەتەوە و نیشتمانەوە و هەر بۆیەش هەمیشە ئارمانجێکی بێنرختری هەیە کە پێش ئازادی بە شوێنێدا وێڵە و بۆی دەگەڕێ. هەر بۆیە دەتوانین بێژین ناتێگەیشتن لە ئازادی لەلای بەشێکی گەورەی جڤاکی کوردییەوە بە پلەی یەکەم

لە ناخی خودی ئەم جڤاکەدایە و گرێدراوی هیچ هۆکارێکی دەرەکی دیکە نییە. نیشانەکانی سەلمێنەری ئەم نارێکییە ئەوەندە فراوانن کە لە هەژمار نایەن و ئاساییترین کەسەکانیش دەتوانن بە ڕۆشنی بیانبینن. لێدوانەکەی فوئاد حوسێن وەزیرە کوردەکەی دەرەوەی عێراق لە دوای چەککردنی هێزەکانی ڕۆژهەڵات یەکێکە لەم نیشانانە. ئەو دوای خەساندنی ئەم هێزانە بۆ یەکجارەکی، سەرکەوتووانە هیوای خواست بتوانن لەگەڵ تورکیادا سەربارەت بە پەکەکەش هەنگاوێکی وەها هەڵبگرن و ئەوانیش بەم دەردە بەرن تاکوو بە تەواوی بیسەلمێنن ناسیۆنالیزمێکی چەندە سەرەتایی و گەشەنەکردوو دەژین. ئەم لێدوانە گوزارەیەکی گەورە و ڕۆشنە لەمەی کە ئەم ناسیۆنالیزمە سەرەتاییە ئەگەر لەنێو توێژەکانی تری کۆمەڵگەی کوردیدا نەزانستە یان نەخواستە بێ، بێ هیچ گومانێ لەنێو ڕەوتی سیاسیدا زیاتر لە ناچاری خواستێکی دڵخوازانەیە... . وەک لە درێژەدا باسی دەکەم نموونەی دووەمیش بە هەمان ڕۆشنی نموونەی یەکەم دەتوانێ لایەنە ناتەواوەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە سەرەتاییە وێنا بکا.

٢- سەرهەڵدانی "داعش":

یەکێکی تر لەو بوویەرە تازە و گەورانەی ئەم ساڵانەی دوایی کە دەکرێ لە ئاوێنەی ئەوەوە تێڕوانین و پێناسەی کورد لە خۆی وەک نەتەوە و لە ئەنجامیشدا لە ئازادی بخوێنینەوە بریتییە لە سەرهەڵدانی داعش بەگشتی و کارەساتی شەنگال بەتایبەتی. مەسعوود بارزانی لە بەرگی شەشەمی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد"دا بەم دێڕانە گۆشەیەکی بچووک لەم کارەساتە دەگێڕێتەوە: "بە هیچ شێوەیەک بە دوای هێنانەوەی بەڵگە و پاساودا ناگەڕێم بۆ شکستی پێشمەرگە لە شەنگال، بەڵام خۆشحاڵی و شادی پەکەکە و یەکێتی لەو کاتەدا بە هیچ شێوەیەک کەمتر نەبوو لە خودی کارەساتەکە. ئەوان بەر لە هەر کەسێک هەڵاتن و ناوچەکە و خەڵکی شەنگالیان بە تەنیا بەجێهێشت. دواتر کەوتنە ژەنینی زوڕنای خۆشی بۆ ڕووداوەکان، گوایە کارەسات بەسەر پارتیدا هاتووە. ئێستا و لەم کاتەشدا سەرەڕای هەموو ئەو دەنگۆ و پڕۆپاگەندانە زۆرینەی خەڵکی شەنگال هەروەک جاران دۆست و لایەنگری پارتین. چۆنکە ئەوان لەنێو

ڕووداوەکاندا بوون و پڕۆپاگەندەی چەواشەکارانە نایانخەڵەتێنێت". بێگومان ئەم دەقە لە ئاشکراترین، بێشەرمانەترین و بێوێنەترین درۆکانی مێژووی مرۆڤایەتییە. چۆنکە ئەم کابرایە ڕێک لە کاتێکدا سەبارەت بە کارەساتی شەنگال چەواشەکاری دەکا کە خەڵکی وەستاون و ڕاستەوخۆ سەیری شانۆی ڕووداوەکە دەکەن!. با لەمە گەڕێین کە مەبەستی مژارەکەی ئەم نووسینە نییە و لەم دەقەوە سەیری جیهانبینی خۆمان بکەین سەبارەت بە "کوردبوون". ئەم سەرۆکە گوایە نەتەوەییە کە زیاتر لە هەر کەسێکی تر خۆی وەک "سەرۆکی نەتەوەی کورد" پێناسە دەکا، لەنێو جەرگەی کارەساتێکی نیشتمانی وەها گەورەدا دیسان تەنیا مشووری گەورەی ئەمەیە کە حزبەکەی چۆن پێگەی خۆی لە شەنگال لەدەست داوە و بەرانبەر بە حزبە ڕکابەرە کوردەکانی لە شەنگال دۆڕاندوویەتی و چۆن دەتوانێ بگەڕێتەوە و دوبارە فەرمانڕەوایی بکا!. ئەم هەناسە بۆ هیچ گومانێ تەنیا تایبەت بەم سەرۆکە نییە، بەڵکو زۆربەی سەرکردەکانی دیکەشی تێدا، بەشێکی زۆر گەورە لە

کۆمەڵگای کوردی بارگاوییە پێیەوە. ئەم هەناسەیە کاتێ لە زاری ئەندامێکی حزبەکەی ئەم سەرۆکەوە دێتەگۆ، چۆنکە پێی وایە پەکەکە بەشەکەی خۆی کردووە بە باکوور تا ئەمان بکا بە باشووری خۆی و بەم جۆرە خۆی وەک ناوەند نیشان بدا، پارچەکەی خۆی بە کوردستانی عێراق دەزانێ نەک بە باشووری کوردستان!. کاتێکیش دەبێتە حزب لافی ڕزگارکردنی "کوردستانەکەی خۆی" دەدا لە داگیرکاری دەوڵەتی عێراقی عەرەبی و کەچی لەم دەوڵەتە داگیرکەرەش دەپاڕێتەوە پەکەکەی کورد لە شەنگالی بەشێک لە خاکی "کوردستانەکەی ئەو"دا وەدەر بنێت، یان لە ڕقی حزبە کوردییەکەی بەرانبەری لە شەوێکدا کەرکووکی "کوردستانەکەی خۆی" ڕادەستی ئەم دەوڵەتە داگیرکەرە دەکاتەوە، یان داوا لە پارتێکی کوردی دەکا دەست وەرنەداتە "کوردستانەکەی ئەو"ی داگیرکراوی دەوڵەتی فارسی ئێرانی. کە دەشبێتە ڕۆشنبیر، هەر خۆی "کوردی کوردستان"ـە و لە کتێبەکانیدا کوردەکانی دی دەبنە ئێرانی و تورکی و سووری. کاتێکیش دەبێتە هاوڵاتییەکی ئاسایی، لە "کوردستانەکەی خۆی"دا میوانە

ڕۆژهەڵاتییەکانی شارەکەی بە "ئێرانی حیز!" بانگ دەکا. کە واتە کورتەی مەبەستەکەم ئەمەیە کە هەر لە سەرۆکەکانەوە بگرە تاکوو کەسانی ئاسایی، لە ناخی ڕێژەیەکی بەرچاوی جڤاکی کوردیدا پەیڤەکانی وەک "کوردستان" و "کورد" هەڵگری هیچ مانایەکی ڕاسکانی نین و هەر بۆیەش هەر بیرکردنەوە یا بەدواداچوونێک بۆ ئازادی ئەم کورد و کوردستانە لێگەڕینێکی ناچڵ و ناتەواوە و زۆربەی کاتەکان بە زیانی ئازادی ڕاستەقینەی کوردستانی ڕاسکانی دەشکێتەوە. ئەم ناتەواوییە تەنیا لە بچووککردنەوەی کوردستاندا نییە، بەڵکوو زۆر جاران بە لە سڕینەوەی کورددا خۆی دەنوێنێ. بە گوتنێکی سادەتر زۆرێک لە کوردەکان پێش کوردبوون پیرۆزیگەلێکی دیکەیان هەیە کە بە ئاسانی دەتوانن کوردبوونی خۆیان بکەنە قوربانی ئەو پیرۆزییانە. نموونەی هەرە نزیک کوردەکانی نێو داعشن. بەپێی لێدوانی وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی باشووری کوردستان تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤، واتە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا پێنجسەد کوردی نێوان ١٣ بۆ ٢٥ ساڵ چوونەتە نێو داعش و هەموو کەسێکیش دەزانێ

زۆرینەی ڕەهای ئەمانە دژ بە کورد جەنگاون. بەپێی ئامارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەگەر زیاتر نەبووبێ، کەمتر لەم ژمارەیە پەیوەندییان بە داعشەوە نەکردووە و ئەوانەش هەر دیسان لە بەرەی دژەکورددا جەنگاون. ئەڵبەتە جگە لەمانەش زۆرێک لە کوردە شیعەکانی ڕۆژهەڵاتیش بەشداری ڕیزەکانی هێزە دەستکردەکانی ئێرانیان کردووە لە سووریا و هیچ دوور نییە تا ئێستاش لە دێرەزۆر لێیان مابێتەوە تا لە یەکەم دەرفەتدا دژی برا کوردەکانیان لە ڕۆژاوا بوەستنەوە!. بیرمان نەچێ کە ئەمانە تەنیا هەزار یان دوو هەزار کەس نین لە شەست ملیۆن کورد، بەڵکوو هەڵکەوتە و بەرجەستەبووی زەمینەیەکن کە لە هەزاران ماڵبات و هەزاران وتاربێژی ئایینی و هەزاران مزگەوت و دەیان ڕەوتی بەناو ئایینی پێکهاتووە کە هەموویان کوردن و کەچی دژ بە شووناسی کوردیشن!...

لەم ماوەیەی سەرهەڵدانی داعش و بە دوای ئەوەشدا گەلێ ڕووی تری جڤاکی کوردی دەرکەوتن کە گوزارەیان لە نەبوونی پێناسەیەکی دروستی ئەم جڤاکە لە هەبوونی

خۆی وەکوو کورد دەکرد. بۆ وێنە تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ کەم نین ئەو مەلایانەی کە ئامادە نابن بە هیچ جۆرێ لە جۆرەکان دژی داعش قسە بکەن و وەک تیرۆریست بیانناسێنن یان کارەکانیان بە حەرام بزانن. ئەمڕۆکە هێشتا مشتومڕی ئەمەی کە داعشە کوژراوەکان شەهیدن یان نا، مژارێکی زیندووە لەنێو بەشێکی جڤاکی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا. هەمان مشتومڕ سەبارەت بە کوژراوەکانی دەستی داعشیش بوونی هەیە. تەنانەت زۆرێک لە پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانیش ڕاشکاوانە داعشیان وەک بوونەوەرێکی دژەکورد پێناسە نەکردووە و تەنانەت ئامادە نەبوونە بەگوێرەی ئایینەکەی خۆشیان بەرەنگاربوون لەگەڵ ئەم دێوەزمەیە وەک جیهاد پێناسە بکەن کە وڵاتێکی زۆرینە موسڵمان وەکوو کوردستانی کردە ئامانج...

سەرهەڵدانی داعش بە دیوی دیکەشدا سەلماندی کە بەشێکی گەورەی کورد هێشتا "کوردبوون"ێکی تەسک، ناتەواو و نابەرپرسیارانە دەژین. نموونە گەورەکەی ئەم نابەرپرسیارییە هێزی پێشمەرگە بوو کە نیشانی دا بچووکترین مانایەکی لە هێزێکی نیشتمانی پێوە نییە و تا

سەر ئێسقان خاڵییە لە نیشتمانیبوون. نانیشتمانیبوونێکی گەورەی دیکە کە خودی دەسەڵاتی سیاسی باشوور بوو. ئەم دەسەڵاتە لە گەورەترین دەرفەتی خۆیدا بۆ سڕینەوەی سنوورە دەستکردەکانی نێوان باشوور و ڕۆژاوا بە پێچەوانەوە جووڵایەوە و بە لێدانی خەندەق هێندەی تر ئەم سنوورانەی پڕڕەنگ کردەوە و دوبارە ماناکەی لۆزانی پێ بەخشینەوە. دواتریش لە کەسایەتی مەسعوود بارزانیدا سواری سەری خۆی بوو و بە سێناریۆی ڕێفراندۆم سەلماندی کە چەندە سەرەتایی بیر دەکاتەوە. ئەم ناسیۆنالیزمە سەرەتاییە ئەمڕۆ دوای ڕادەستکردنەوەی کەرکووک و نیوەی خاکی باشوور بە دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی عەرەبی، داوا لەم دەوڵەتە فاشیستە دەکات پەکەکە لە شەنگال وەدەر بنێ تا ڕاشکاوانە پێناسە و مانا سەرەتاییەکەی خۆی لە زاراوەکانی وەک "کوردبوون"، "کوردستانیبوون"، "ئازادی نیشتمان" و "ئازادی نەتەوە" دوبارە بکاتەوە...

بە هەرحاڵ هەروەک لە نموونەی ڕاپەڕینی ژینادا بینرا لێرەشدا دیسان دیوەکەی تری ئەم جڤاکە بندەستە لەسەر کارە تا بیسەلمێنێ ئێستا ڕێژەیەکی ماندار لەم گەلە خاڵییە لە سەرەتاییبوون و پێناسەیەکی دروستی لانیکەم لە نەتەوە و نیشتمان هەیە. ئەو سەدان ڕۆژهەڵاتییەی کە چوونە ڕۆژاوا و تەڤلی شەرڤانان بوون، ئەو سەد هەزاران ڕۆژهەڵاتییەی کە سەرباری گوشار و ڕێگری کوماری ئیسلامی بۆ کۆبانی هاتنە دەنگ، ئەو گەریلایانەی بە هانای خەڵکی شەنگالەوە چوون، ئەو شەرڤان و پێشمەرگانەی کە سنوورە دەستکردەکانیان بەزاند، ئەو کوردە یارسانییانەی یارمەتییان بۆ خەڵکی شەنگال شاند، ئەو پارت و پارلەمانتارانەی باکوور کە تا ئەمڕۆ لەسەر دۆزی کۆبانێ لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکەوە دادەگایی دەکرێن و... هتد نموونە بەرجەستەکانی ئەم بەشەی کۆمەڵگای کوردین. بێگومان ئەم ڕێبازە نەتەنیا قۆناخی نەتەوەبوونی ڕاستەقینەی تێپەڕاندووە، بەڵکوو بە دروستیش لە چەمکی ئازادی تێگەیشتووە. ئەڵبەتە بێگومان دەکرێ و پێویستە ڕەخنە لە

ڕێباز و ڕێکارەکانی هەنگاونان بەرەو ئەم ئازادییە بگیردرێ. سەرباری ئەمەش دیسان ئەو ڕاستییە تاڵە وەبیر دێنمەوە کە بەداخەوە لە زنجیری نەتەوەیی ئێمەدا هێشتا بازنەیەکی لاواز هەیە کە هاوتەریبی کەڵکەبوونی "سۆسیۆلۆژی بندەستی" لەسەری، بە ڕادەیەکی زۆر خاڵیشە لە "سۆسیۆلۆژی ئازادی" و هەر ئەم ئەڵقە لاوازەشە کە لەسەر چارەنووسی ئێمەی کورد باندۆری نەرێنی زۆر گەورە دەگێڕێ. لەڕاستیدا ئەگەرچی "سۆسیۆلۆژی بندەستی" وەک کۆی لێکەوتە و باندۆرەکانی بارودۆخی بندەستی لەسەر مرۆڤی کورد ڕێگەخۆشکەری مانەوەیەتی لەم بندەستییەدا، بەڵام ئەوەی کە ڕێگرە لە کردنەوەی دەرگایەک بەرەو ئازادی و سەربەستی ئەم گەلە ئەمە نییە، بەڵکوو نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەشە لە "سۆسیۆلۆژی ئازادی" لەنێو ئەم جڤاکەدا کە هەڵگری واتایەکی هاوبەش بێ لە "ئازادی نەتەوەیی". من سەرباری ئەمەی کە بەشێ لە بیرم ڕەشبینە، بەڵام ئەو بەشەکەی تری هزرم کۆتا ڕستەی ئەم


نڤیسارە لە زاری کەسێکەوە دەڵێ کە بە ڕۆشنی لە "سۆسیۆلۆژی ئازادی" تێدەگەیشت. هێمن دەفەرموێ:

"گوتم کە وا بوو ئاشنا بەشی ئێمە لەناوچوونە

گوتی نا نا، دوور بنواڕە، دوور بنواڕە، ئاسۆ ڕوونە"

٢٠٢٣/١٠/٣١

# SOSYOLOJIYA BINDESTÎ



JÎRO ZAGROS